ژمارە (٨-٩)
ساڵی پێنجەم
هاوینی ٢٠٢٤

ئایندە

گۆڤارێکی فیکریی ڕۆشنبیرییە
سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەری دەکات

چارەنووسی
هەرێمی کوردستان
لە نێوان تاکجەمسەری و فرەجەمسەریدا

- کوردستان لە نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا ..... د. عومەر عەلی
- مافی چارەی خۆنووسین و میکانیزمەکانی داواکردنی سەربەخۆیی ..... سەلمان کۆچەری
- ڕێگرەکانی بەردەم سەربەخۆیی بوونی کوردستان ..... عەزیز موستەفا نواوەیی
- کاریگەریە ئەرێنی و نەرێنیەکانی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان، دەرەنجام ولێکەوتەکانی ..... نەجیبە شێخ لەتیف
- ڕووانینی سۆشیال دیموکراتیک بۆ پەروەردە: خوێندنەوەیەکی تیۆریی ..... د. بوخاری عەبدوڵڵای قەسرێ
- ساڵی 2024 ساڵی ماراسۆنی هەڵبژاردنەکان ..... محمد عەزیز لۆتەری

ئاینده

گۆڤاڕێکی فیکریی ڕۆشنبیرییە، سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەری دەکات

ژمارە (٨،٩)، ساڵی پێنجەم، هاوینی ٢٠٢٤ ز - ١٤٤٦ ك - ٢٧٢٤ کوردی

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر

د. ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی

(Ahmadwerti@yahoo.com - 07504486227)

بەڕێوەبەری نووسین - بەشی کوردی

محمد عزیز لۆتەری

(07501670344)

بەڕێوەبەری نووسین - بەشی عەرەبی

یوسف کەمال هەولێری

(Stampoahy@gmail.com - 07503791474)

دیزاینی بەرگ

موحەممەد ئەحمەد وەرتی

دیزاینی ناوەوە

ڕابەر ئەحمەد وەرتی

دەستەی نووسەران

د. یاسین عەبدوڵڵا وەرتی **هەردی ئەنوەر فەقێ سالح**

ڕاوێژکاران

پ.د. عوسمان عەلی **د. عبدالرحمن صالح میران**

نایف ئەحمەد محی الدین شێخانی **عەلی ئیبراهیم حەسەن**

ناوەڕۆک

٤	سەروتار.. تویژینــەوەکــانی ئاینــدەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چارەنووسی هەرێمی کوردستان
٦	کــوردســتــان لە نێوان ڕۆژهەاڵت و ڕۆژئاوادا
١٧	کوردستانی باشوور و جێگە و پێگەی لە ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاستدا
٢٢	مافی چارەی خۆنووسین و میکانیزمەکانی داواکردنی سەربەخۆیی
٣٤	ڕێگرەکانی بەردەم سەربەخۆیی بوونی کوردستان
٣٩	هەڵکەوتەی ستراتیژی جیۆسیاسی کوردستان و لێکەوتەکانی
٤٨	شکستی پەروەردە و ڕۆڵی لە ئیدارەدانی دام و دەزگاکانی هەرێم و ئایندەی کوردستان
٥٣	لەمپەرەکانی بەردەم ئەبدەیت بوونەوەی دام ودەزگا و ئەنجومەنەکان و دەسەاڵتەکانی هەرێم لە ئێکسپایەر بوون
٧٢	کاریگەرییە ئەرێنی ونەرێنیەکانی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان، دەرەنجام ولێکەوتەکانی
٧٨	ڕووانینی سۆسیال دیموکراتیک بۆ پەروەردە: خوێندنەوەیەکی تیۆریی
٨٥	مەلا حوسێنی پشدەری لە حوجرەکانی کوردستانەوە بۆ مامۆستای شاری (دار السالم)
٩١	تەلەفزیۆنی پەلکەزێڕینە یەکەم تەلەفزیۆنی منداڵان
٩٥	ساڵی 2024 ساڵی ماراسۆنی هەڵبژاردنەکان و ملمالنێی پارت و ڕەوتە هێز پەرستەکان
١٠٥	ڕانانی کتێب..
١١١	هەرێمی کوردستان چۆن مامەڵە لە گەڵ دادگای فیدراڵی بکات؟
١٢٠	چۆن دەتوانی مۆبایلەکەت بەرپرسیارانە بەکاربهێنیت؟

نووسینەکان گوزارشت لە ڕای خاوەنەکانیان دەکەن و گۆڤاری ئایندە لێیان بەرپرسیار نییە

تەوەری ژمارە

چارەنووسی هەرێمی کوردستان لەنێوان تاکجەمسەری و فرەجەمسەریدا

تۆێژینەوەکانی ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چارەنووسی هەرێمی کوردستان

سەرنووسەر

لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و بەدواداچوون سەبارەت بە ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت چارەنووسی گەلێکی وەکو کورد وەک بەشێکی زیندوو لەو ناوچەیە، گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. ڕاستە ئەمڕۆ کێشەی زۆر لە ناوچەکەدا بوونی هەیە، وەکو کێشەی فەلەستین کە بۆ سەدەیەک دەچێت بێ چارەسەر ماوەتەوە، بەڵام مەسەلەی کورد و دۆزە ڕەواکەی وەک مەسەلەیەکی دیاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەویش بێ چارەسەر ماوەتەوە و سەدەیەک زیاترە بۆتە قوربانی بەرژەوەندی زلهێزان و لەڕێی چەندین ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی خاکەکەیان بەسەر ژمارەیەک دەوڵەت و قەوارەی تردا دابەش کردووە، بێگومان بێ چارەسەری عادیلانەی ئەم دۆزە، ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرقەرار نابێت.

ئێستا کە لەم بەشەی کوردستان، واتە باشووری کوردستان، هەرێمێکی فیدراڵ بوونی هەیە لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئیتیحادی عێراقدا، ئایا سەرەنجامی ئەم ئەزموونە بەرەو کوێ مل دەنێت و چارەنووسی چی دەبێت لە سایەی ئەم سیستمە جیهانییەی ئەمڕۆدا، بە دیاریکراوی لە نێوان فرەجەمسەری و تاکجەمسەریدا؟ لە سایەی کامەیاندا دەتوانێ بەرەو پێش بچێت و جارێکی تر ئەم ئەزموونەش نەبێتە قوربانی ململانێ جیهانی و هەرێمییەکان؟!

زۆر جار لە مێژوودا وەرەقەی کوردیی بەکارهێنراوە، کوردسوودێکی ئەوتۆی لە سیستمی فرەجەمسەری یان باشترە بڵێین دوو جەمسەری سەردەمی شەڕی سارد نەبینی، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دەبینین چۆن مەسەلەی کورد بۆ بەرژەوەندی زلهێزان و پارسەنگی هێزەکانیان بەکارهێنراوە، یەکێتی سۆڤیەت لەدوای ڕووخانی حکومەتەکەی (عبدالکریم قاسم) و هاتنە سەر کاری حکومەتێکی نوێ لە عێراق لە ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ ز، پشتیوانی خۆی بۆ بزافی چەکداری کورد دەربڕی، ئەمەش پاش ئەوەی حکومەتی نوێی عێراق لە ١٩٦٣ سەرکوتی شیوعییەکانی کرد.

بەڵام دواتر پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت و حزبی شیوعی عێراقیش لەگەڵ شۆڕشی کورد تێکچوو و شیوعییەکان بوونە دۆستی حزبی بەعس و بەشداری حکومەتی عێراقیان کرد، یەکێتی سۆڤیەت کە خۆی وەک پشتیوانی بزافە ڕزگاریخوازییە نیشتیمانییەکان لە جیهاندا لە قەڵەم دەدا دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ز، پشتی لە شۆڕشی کورد کرد و بە سەرکوتکەری شیوعییەکان لە کوردستان تۆمەتباری کرد، هەر ئەوەندە نا، بەڵکو سەرکردەی شۆڕشەکەی (مەلای مستەفای بارزانی) بە هاوپەیمانی ئیمپریالیزم ناوزەد کرد، چونکە پەیوەندی بەهێز کردبوو لەگەڵ هەر یەکە لە ئەمریکا و ئێران، کەچی دواتر ئەمریکاش پشتی کردە شۆڕشەکە و ئەوەبوو هەرەسی هێنا، واتە لە نێوان دوو جەمسەریدا کورد سوودمەند نەبوو، لە سیستمی نوێی جیهانیشدا (واتە تاکجەمسەری) کە ئەمریکا سەرکردایەتی دەکات، ئەوە حاڵی کوردە کە دەیبینین لە هەموو پارچەکاندا. بەهۆی سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە (فرق تسد)ەوە، کورد نەیتوانیوە نە لە کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبة الامم) و نە لە نەتەوە یەکگرتووەکان (الامم المتحدة) دا مەسەلە و دۆزی خۆی بخاتەڕوو، یەک جار ڕوویداوە لە مێژوودا کە دەوڵەتێک ویستوویەتی مەسەلەی کورد ببات نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەویش یەکێتی سۆڤیەتی جاران بوو، ئەوەبوو لە دوای کودەتای بەعسییەکان لە عێراق لە شوباتی ١٩٦٣ز و سەرکوتکردنی شیوعییەکان، یەکێتی سۆڤیەت لە ڕێگەی مەنگۆلیاوە داوای کرد مەسەلەی کورد بخرێتە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمەش بە مەبەستی هوشداریدان بە عێراق، دوای ئەوەی لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٣ دا کودەتایەکی تر لە عێراق ڕوویدا و پەیوەندی حکومەتی عێراق لەگەڵ شیوعییەکان و یەکێتی سۆڤیەتیش بەرەو باشی چوو و بەعسییەکان لە دەسەڵات دوور خرانەوە، ئیدی یەکێتی سۆڤیەتیش داواکەی خۆی لە نەتەوە یەکگرتووەکان کشاندەوە و بەم شێوەیە دۆسیەی کورد لە نەتەوە یەکگرتوەکان داخرا.

دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئایندە بە باشی زانی تەوەری سەرەکی ئەم جارەی گۆڤار تەرخان بکات بۆ تاوتوێکردنی پرسی کورد و چارەنووسی هەرێمی کوردستان لە نێوان فرەجەمسەری و تاکجەمسەریدا، بە سوپاسەوە کۆمەڵێک قەڵەمی بە توانا بەشدار بوونە لەم تەوەرەیە و لەم ژمارەیەدا بە گشتی، ئومێدمان وایە سوودێکمان گەیاندبێت بە خوێنەرانی ئازیزی ئایندە.

هاوینی ٢٠٢٤.

کـــوردســـتـــان
لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا

د. عومەر عەلی

بەرکۆڵ

ئەم زەویە لە بنەڕەتدا کە دروست بووە بۆ ئەوە نییە و نەبووە بەشبەش بکرێ و جیابکرێتەوە بە جۆرێ هەر جێگەیەك و حوکمێکی جیاوازی هەبێ.

خوای گەورە کە تەنها ئادەم و حەوای دروستکرد و خستنیە سەر زەوی، دەیتوانی لە یەك کاتدا چەندین مرۆڤی تر دروست بکات و هەر جووتە و بیخستایەتە بەشێکی ئەم زەویەوە، کە قەوم و زمانەکان هەمووی یەك بنەڕەتی هەیە بۆ ئەوەیە پەیوەستیە کە نەپچڕێ و هەتا هەستی یەك بنچینەیی لەنێو نەچێ، ئایەتی؛ (وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاء كُلَّهَا) و وە ئایەتی؛ (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا) دەمانگەڕێنێتەوە بۆ یەك بنچینەی زانست و مەعریفی و هەتا قەرابەتیشمان لەگەڵ یەکدا.

لە قورئاندا کە دەفەرموێ؛ (سِيرُوا فِي الْأَرْضِ) ئاماژە بە سنور ناکات و مەهامی ئەو گەڕانەشمان نیشان دەدات کە ئەویش؛ (فَانظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ) وە دەشیخاتە پێشچاومان ئەنجامی ئەم گەڕان و تێڕامانە؛ (ثُمَّ اللَّهُ يُنشِئُ النَّشْأَةَ الْآخِرَةَ) وە لە کۆتایشدا قودرەتی خۆیمان دەخاتەوە یاد؛ (إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) هەروەك چۆن بە قودرەتی خۆشی ئەم زەویە و خەلقی دروست کردووە، هەموو ئەم گەڕان و وردبوونەوە و سەرەنجام و تێڕامانە لە تەنها ئایەتێکدا [1].

بەخشین و مافمان بەسەر یەکەوە

خوای گەورە هەر لە بنەڕەتدا داوای زەکات و بەخشینی لە مرۆڤەکان کردووە لەو خەیراتەی کە بەدەستی دەهێنین، گەرچی کەسیش نەبووبێ وەری بگرێ، بۆ ئەوەی چاوچنۆکی و ئەنانیەت دروست نەبێ و هەرکەس هەرچی پەیدا کرد هەر بە بەشی خۆی بزانێ، وە ئەو داواکاریەش بە بەشێك گرنگی پێدراوە کە بەشی خوای گەورەیە و دەبێ گرنگیشی پێ بدرێ، گەر بەو شێوەیە نەبێ وەرگیراو نابێ، ئەمەش لە چیرۆکی هابیل و قابیلدا بە ڕوونی

ئەنجامی ئەم دابەشکاریانەی زەوی و هەوڵی کۆکردنەوەی زۆر و بێبەشکردنی خەیراتی زەوی لە دانیشتوانی ناوچەی تر هەمووی بۆ چاوچنۆکی و قۆرخکاری مرۆڤەکان دەگەڕێتەوە

قۆرخکاری

خراوەتە پێش چاومان؛ (وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ابْنَيْ آدَمَ بِالْحَقِّ إِذْ قَرَّبَا قُرْبَانًا فَتُقُبِّلَ مِنْ أَحَدِهِمَا وَلَمْ يُتَقَبَّلْ مِنَ الْآخَرِ قَالَ لَأَقْتُلَنَّكَ ۖ قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ اللَّهُ مِنَ الْمُتَّقِينَ[٢]).

وە خوای گەورە داواکاری خەڵکی بەهەند وەرگرتووە لە حەزەکانیان بۆ ئەو خێراتانەی کە دەکرێ لە زەویەوە دەربێ؛ (لَن نَّصْبِرَ عَلَىٰ طَعَامٍ وَاحِدٍ فَادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُخْرِجْ لَنَا مِمَّا تُنبِتُ الْأَرْضُ مِن بَقْلِهَا وَقِثَّائِهَا وَفُومِهَا وَعَدَسِهَا وَبَصَلِهَا ۖ[٣])، جا ئەمە داواکاریەکی ڕاستەوخۆبووە بۆ ئەو بەروبومە کە پێویست بووە وەک خۆراک، دوای ئەوەش و لە قوڵی زیاتری زەویدا خوای گەورە کەرەستەی تری بەرهەم هێناوە و لە ڕێگەیەوە زیاتر و باشتر خواستەکانی سەردەم و گەشەی زیاتر و زۆرتری پێ پڕبکاتەوە (نەوت و گاز). وە ڕزقیش لە ئاسمانەوەیە گەرچی لە زەویشەوە دەردەچێ؛ (وَفِي السَّمَاءِ رِزْقُكُمْ وَمَا تُوعَدُونَ[٤]).

ئەنجامی ئەم دابەشکاریانەی زەوی و هەوڵی کۆکردنەوەی زۆر و بێبەشکردنی خەیراتی زەوی لە دانیشتوانی ناوچەی تر هەمووی بۆ چاوچنۆکی و قۆرخکاری مرۆڤەکان دەگەڕێتەوە، بۆیە ئیسلامیش وەک کۆتا پەیام بە بخوێنە؛ (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ[٥]) کە دەستی پێکرد بۆ گەڕانەوە بۆ بنچینەی ئەو حەقیقەتانە و دروستبوون و گەڕانەوەی ژیانێکی نوێ لەسەر بنەمایەکی تەندروستی جیاواز، دواتـــر دروستبوونی دەوڵەتێکی نوێ لەسەر بنەمای دەستووری جیاواز (میثاق المدینة) فۆرمێکی پێکەوەژیان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ جیاوازیەکاندا فێرکردین، نەک هەر فێرکردین بەڵکو نیشانیشداین کە سەرکەوتووشە و پێویستە ئەم فکرە پشت بەستووە بەو قورئانە تەشەنە بکات و بە جیهاندا بڵاو ببێتەوە، سنورەکان پێویستە نەمێنێ و ئەو جیاکاری و بەربەستانەی کە کراوە بە ڕێگر لە نێوان پێکەوەژیانی مرۆڤەکان و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان بە یەکتر دەبێ تێک بشکێنرێ، بۆ ئەم تێکشانەش باوەڕ پێویستە و هەرکەس دژی ئەو باوەڕە ببێتەوە دەبێ بەرەنگاری

بکرێ و ئازادە لە وەرنەگرتنی بەڵام ئازاد نییە لە بەرهەڵستکردنی و دروستکردنی بەربەست لە نەگەیاندنی، بۆیە بە درێژای حوکمی ئیسلامی دەوڵەت لە دوای دەوڵەت سنورەکانیان زیاتر فراوانتر کردووە، فراوانی سنوورەکانیش بە گشتی و هەمیشەیش لە بەرژەوەندی مرۆڤەکاندایە، ئەم زەویە و دابەشکارییانە بەرگەی ڕای جیاواز و فکر و بۆچوونی جیاواز هەڵدەگرێ بەڵام بەرگەی حوکمی جیاواز هەڵناگرێ، بۆیە حوکمیش تەنها دەبێ بۆ خوای گەورە بێ؛ (إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ[٦]) سنوری زۆر و تا سنورەکان زۆرتربێ دەبێتە بەربەست لە ئاست خواستی بەرژەوەندی گشتیدا، وەك چۆن لە یاسای وڵاتاندا زیادەڕۆیی بە یاسا ڕێگری لێ دەکەن و گەر بێت و کەسێك لە جێگەیەکی گشتیدا شتێ بۆخۆی بونیاد بنێ دەیڕوخێنن و نایهێڵن، سنورەکانیش زیادەڕۆیی دەستەڵاتدارەکانە و پێویستە نەمێنێ، تا سنور زۆرتربێ نەهامەتی زۆرتر دەبێ و خواستی پاوەنخوازی زیاتر دەکات، سنورەکان زیادەڕۆیی دەستەڵاتدارەکانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان و بەهۆیەوە هەژارەکانی لە ڕێگەیەوە دەچەوسێننەوە، هەرچی گومرگی جیهان هەیە باجەکەی لەسەر کێیە؟ بەرهەمهێنانی پێداویستیە مرۆییەکان تێچووی زۆر کەمترە تەنها لەو باجانەی کە دەکەوێتە سەری، بەمەش هەمووی دەبێ هەژار بە ئارەق و خوێنی خۆی دابینی بکات، بۆیە هەردەم و هەمیشە لە ئەنجامی زۆری پێکدادانەکاندا بیرۆکەی نوێ دێتە کایەوە و سنورەکان یاریان پێدەکرێ، بە یاسایەکی دونیایی خەتێ لە نێوان دوو دراوسێدا دەکێشرێ و هەریەکە و دەبێتە سەر بە وڵاتێکی جیاواز و یاسایەکی تایبەت و جیاواز بۆ هەرلایەکیان دەردەچێ.

گاڵتەجاڕی سنوورەکان

وڵاتی وا هەیە کە ئەو سنوورانەی کێشراوە بەری ماڵی وا کەوتووە هەر خودی ماڵەکە نیوەی بووە بە وڵاتێك و نیوەکەی تری بووە بە وڵاتێکی تر! گشت ئەو دراوسێیانەی تا دوێنێ کاساوسێیان بۆ یەکتری دەبرد ئیتر ئەمڕۆ دەبێ بکەن بە تفەنگدا دژی یەك و دوژمنی سەرسەختی یەکن و دەبێ هەرکەس لە پێناو نەك مانەوەی خۆی بەڵکو لە پێناو مانەوەی یاسادانەرەکانی بەناو وڵاتەکەی خۆی خۆی بدات بە کوشت!

سنوور هێڵی سووڕە و لە پێناو شەرەف و کەرامەتی خۆماندا دەبێ بجەنگین دەیکەن بە دوژمن بۆمان!

تا دوێنێ منداڵەکانی لەماڵ دراوسێکەی دەخەوت و زۆریش ئەمین بووە لێی و پێویستی بە هێنانەوەش نەکردووە، بەڵام ئەمڕۆ بە کون فەیەکونێك بوون بە بێگانەی هەزار ساڵە و دەبێ ئاگای لە منداڵەکانی بێ دراوسێکانی نەیدزن! تۆ سەیر ئەم گاڵتەجاڕییە!

ئەنجامی دابەشکاری زۆر

بەم جۆرە و بۆ دەستبەسەراگرتن ئەم زەویەیان بە جۆرێ پارچە پارچە کردووە ئێستە بیرۆکەیەك هاتووەتە ئاراوە لە ئەنجامی گەرمبوونی زەویەوە ئەویش؛ Climate Change(تغير المناخ [٧])ە کە چیتر بەرگە ناگیرێ و دەبێ چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە، چارەسەریش ئەوەیە کە پێویستە گشت ئەو وڵاتانەی کە دەستیان لە گەرمبوونی زیاتری ئەم زەویە هەیە پێویستە کاربکەن بۆ ساردکردنەوەی، چونکی ئەنجامی گەرمی زیاتر کارەساتی مرۆیی لێ دەکەوێتەوە و بە ئاشکراش کارەساتەکان دەبینین هەر لە لافاو و تسۆنامی زستان تا دەگاتە ئاگرکەوتنەوەی هاوینان، نزیك چوارساڵ جارێك کۆنفرانس دەبەسترێ بۆ چارەسەری ئەم کێشە، نۆڤەمبەری ئەمساڵ بڕیار وایە لە باکۆ پایتەختی ئەزەربایجان بیست و نۆهەم کۆنفرانس ببەسترێ[٨]

ئەنجامی کۆنفرانسەکانیش هیچ چارەسەرێکی لێ ناکەوێتەوە و وەك بڵێی هەر حبر علی ورق بێت، چونکی دەبینین کۆنفرانس دوای کۆنفراس ئاستەکان خراپتر دەبن نەك زیاتر، بۆ نموونە دەڵێن؛ تا چوار ساڵی ئاینده دەبێ زەوی پلە و نیوێ ساردی بکەینەوە، کەچی دوو پلە گەرمتر دەبێ ئەنجامەکەی!

گەرمی زەویش دەگەڕێتەوە بۆ هەم زۆری سنووورەکان هەمیش دابەشکاری و پەرتەوازەیی خێزان، کە لە هیچێ لە کۆنفرانسەکاندا دەستی بۆ نابرێ و پێچەوانەی ئەوەش کە دەکرێ بکرێ بە چارەسەر خراپتر کار لەسەر ئەوە دەکرێ و لێکترازان زۆرتر دروست دەکەن، بە گشتی باس لە گەرمی زەوی ناکەن لەوەی دروستکردنی تەقەمەنییەکان بە گشتی کاریگەری هەیە، بەڵکو بە جۆرێ دەست بۆ شتگەلێ دەبەن کە ئەویش دیسان مرۆڤەکان دەبێ باجی بدەن کە زیاتر دەیگەڕێننەوە بۆ زۆری کارگە و ئامێرەکان بە گشت ئامێرەکانی هاتووچۆشەوە تا ئاستی کەسێتی و وەك بڵێی ئەوە تاکە بەرپرسیارە لەم کێشە و دەیانەوێ بە؛ Go greenبەرە و سەوز بوون و سەوزایی چارەسەری بکەن، ئەمەش بە کارەبایی کردنی سەیارە و کەمکردنەوەی سووتەمەنی بە حسابی خۆیان بەم بچوکییە چارەی کێشە کە دەکرێ!

ئەمەش دیسان بازرگانییەکی تۆرە و زۆرترین سوود بۆ سیستمی سەرمایەداریە کە دەگەڕێتەوە، کە سەیارەیەکی کارەبایی چەند قات گرانترە لە سەیارەیەکی گاز و بەنزین و ئەمەش هەمووی بە ئیش پەیدا دەکرێ، ئیشیش لەسەر حسابی کرێکار و بە باجدانی زیاتر و شەو خستنە سەر ڕۆژ بە ئیشکردن!

وە گەڕانەوە بۆ خێزان ئەو پێویستیە زۆرەی ئێستە کە بۆ خانووبەرە هەیە نامێنێ، لە بری مرۆڤێك و سەگێ لە شوقەیەکدا بژی با ٧ مرۆڤی تێدا بژی، سنووری کان کەم بێتەوە ڕیزی زۆری شاحینە و باخیرەکان کەم دەبێتەوە جگە لە نا پێویستی ئەو هەموو چەکەش لە پێناو بە حساب سنووری کاندا

هەڵوەشانەوەی خێزان

لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا بە خەستی کاریان لەسەر هەڵوەشانەوەی خێزان کردووە و کاریگەرییەکانی لە ڕۆژئاوادا دەرکەوتووە، کە خێزان زۆر کەمی کردووە و وەچەخستنەوە تا ئاستێکی زۆر دابەزیوە، هەموو ئەمانە تا یاساکانی سنووردارکردنی منداڵبوون و لەباربردنەکان بە گشتی لە ئاستی جیهاندا و هەر ڕۆژە و یاسایەکی نوێ دەرکردنیش بۆی، ڕێکخراوەکانی پاڕێزگاری لە خێزانیش[٩] هەردەم بەدوای ئەم کەیسانەوەن و جگە لە پەرتەوازەیی زیاتر هیچ بەرهەمی نەبووە، گەرچی بیرۆکەکە بە نەزەری وا دەردەکەوێ کە گەر بێت و ڕێژەی مرۆڤەکان کەم بێتەوە پەستان لەسەر زەوی کەم دەکات و بە گشتی کێشەکە چارەسەر دەبێ، بەڵام دەبینین لە ڕۆژئاوا بووە بە کۆمەڵگەیەکی پیر و وەچە خستنەوە کەم بووە و لەباربردن زۆر و بەڵام خواست هەر کەمی نەکردووە، بە پێچەوانەوە پێش ١٠٠ ساڵ کۆمپانیاکان تەنها یەك شفت کاریان دەکرد، ٨ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا[١٠].

دواتر شفتەکان زیادی کردووە تا گەشتووەتە ٣ شفت و ٢٤ کاتژمێر کارکردن، یان ٢ شفت و هەر ٢٤ کاتژمێر کارکردن ١٢ بە ١٢ کە بە تەواوی مرۆڤەکان دەهارێ! وە من بۆ خۆم تا ئێستەش چەندین نەخۆشی ١٢ کاتژمێر کاردن لە جەستەمدایە لەگەڵ ئیشی شفتەکانی شەو! کە گەر بێت و ئەمانە بە دروستی و بە یاسای ئاسمانی ڕێکبخرێ پێویست بەم شفتە زۆرانە ناکات هەتا گەر بێت و مرۆڤەکان زۆر لەوەی کە ئێستەش هەن زیاتر بکرێ، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ خێزان!

چونکی بە کەم بوونەوەی خێزان خواست کەمی نەکردووە لەسەر شتومەکەکان بەڵکو زیادی کردووە و بە بەفیڕۆدان و زۆری نا پێویست زەختی زۆرتر لەسەر زەوی دروست دەکرێ و گەرمبوونەوەکان زیاتر دەکات، هەر بۆ نموونە هەر بینایەکی بەرز لە ڕۆژئاوادا بە نموونە وەرگری لە هەر پایتەختێکدا گەر بیناکە ٥٠٠ شوقە بێ دەبینی لەم ٥٠٠ شوقە زۆرینەی مرۆڤی تەنهای لێ دەژی، چونکی نەمانی خێزان و کەمکردنەوەی بەهاو بە دروستکردنی قەناعەت بۆ بۆ خۆژیان ئاوای بە خەڵکەکە کردووە، ئەنجام کەسێکە بە تەنها یان لەگەڵ سەگێکدا یان

پشیلەیەکدا دەژی، ئەم کەسە کارەبا و غازی هەتا زیاتر سەرف دەکات لەوەی خێزانێ لەو شوقەدا بێ، غاز کە گرانترینە لە ڕۆژئاوا گەر شوقەیەك بە نموونە وەرگرین خێزانێکی ٧ نەفەری تێدا بژی لەوەیە هەر پێویستی بە گەرمکردنەوە نەبێ و بۆ دروستکردنی چێشتیش هەر ئەو غازە سەرف دەکات کە یەك نەفەر سەرفی دەکات، بە هەموو شیانەوە یەك سەیارەی ٧ نەفەری بەشیان دەکات، جا بیهێنەرە بەرچاوی خۆت ئەم خێزانە ٧ نەفەریە جیا ببنەوە بۆ ٧ شوقەی جیاواز و ٧ سەیارەی جیاواز، چەند خواستەکان زیاتر دەبێ وەك لەوەی کە کەمتر بێ، جگە لەوەی لە خواردنیشدا بە فیڕۆدان زۆرتر دەبێ کە بۆ هەر مالّێ لانی کەم نیو تەن خۆراك بە فیڕۆ دەچێ وەك داتاکان وا نیشانی دەدەن کە تەنها لە یەك ساڵدا لە ئەوروپا ٥٨.٤ ملیۆن تەن خۆراك بە فیڕۆ دراوە[١١].

لایەکی ئەم جیهانە لە برسا دەمرێ و لایەکی تری ئاوا خواردن بە فیڕۆ دەدەن و بەدخۆراکی لایەکی ئەم جیهانە پێوەی دەناڵێنێ و لایەکی تری بەدەست کێشەی قەڵەوییەوە[١٢].

لە کاتێکدا شفتی ئیشکردن لە کارگەکان کەس پێوەی پابەند نابێ و هەردەم بەرهەمەکانیش زیاتر دەکرێ بە بیانوی زۆری خواست و مرۆڤەوە، گەر پابەندی و گەڕانەوە بۆ خێزان دروست ببێ خواستەکان خۆی ئۆتۆماتیکی کەم دەبێتەوە، نەك دیسان دەستبردن بۆ دووبارە بە قوربانی کردنەوەی مرۆڤەکان و بڕەودان بە هاوڕەگەزبازی لەم پێناوەدا و لە ڕووکەشیشدا بەحساب بۆ ماف و لەژێر ناوی ماف و شانازی گەڕانەوە بۆ مرۆڤ! تۆ سەیری ئەو شیعارانە!

وە گەڕانەوە بۆ خێزان ئەو پێویستیە زۆرەی ئێستە کە بۆ خانووبەرە هەیە نامێنێ، لە بری مرۆڤێك و سەگێ لە شوقەیەکدا بژی با ٧ مرۆڤی تێدا بژی، سنووورەکان کەم بێتەوە ڕیزی زۆری شاحینە و باخیرەکان کەم دەبێتەوە جگە لە نا پێویستی ئەو هەموو چەکەش لە پێناو بە حساب سنووورەکاندا.

ئیتر بە جۆرێ بووە بە گاڵتەجارِی هەتا جێگەی وا هەیە کە وەك وڵات ناوی دەبەن کە دانیشتوانەکەی ٣ کەسە! وڵاتێکی وەك ڤاتیکانیش ڕووبەرەکەی سفر پۆینت ٩٤ کیلۆمەتر دووجایە، وە کۆی هاوڵاتیانی ٣٥٤ کەسن

وڵاتە کارتۆنیەکان

خواستی سەرمایەداری و الدولة العمیقه[١٣].

ئەمەی ناوێ و هەردەم کێبەرکێکان لەناو وڵاتەکان یان دروستتر ئەوەیە بڵێین بەناو وڵاتەکاندا زۆرتر دەبێ، چونکی ئەوەی کە ئەمڕۆ لە سنووورێکدا ناوی لێنراوە وڵات وڵات نین، هیچ جێگەیە حسابی

وڵاتی بۆ ناکرێ بە پێوەری دروستی تا نەتوانێ خواستی هاوڵاتیانی خۆی دابین بکات، جا بەم پێوەرە حەقیقییە لە هەموو جیهاندا یەك وڵات نییە بە مانای وڵاتی دروست کە ئەو توانایەشی هەبێ، چون وەك لە سەرەتاوە باسمانکرد ئەم زەوییە بۆ ئەم هەموو دابەشکارییە دروست نەبووە، جا هەر وڵاتێ تا زیاتر توانای خواستەکانی زۆرتر بێ ئەوە پێوەری وڵاتی زۆرتر تێدایە، بۆیە ئێستە لە جیهاندا گەرچی وەك ڕێژە و ناو وڵاتان ژمارەیان گەشتووەتە ١٩٣ وڵات وەك ئەوەی لە نەتەوە یەکگرتووەکان تۆمارکراوە و ٢ وڵاتی تر کە تۆمارنەکراوە بەڵام هەر وەك وڵاتیش حسابی بۆ دەکرێ ئەوانیش، ڤاتیکان و فەلەستین[١٤]. وە جگە لەو ڕێژەش ژمارەیەکی زۆری تری هەر بە حساب وڵات و دوورگەی تر هەن کە ڕێژەکە بەرز دەبێتەوە بۆ ٢٣٧ وڵات.

ئیتر بە جۆرێ بووە بە گاڵتەجاڕی هەتا جێگەی وا هەیە کە وەك وڵات ناوی دەبەن کە دانیشتوانەکەی ٣ کەسە! وڵاتێکی وەك ڤاتیکانیش ڕووبەرەکەی سفر پۆینت ٤٩ کیلۆمەتر دووجایە، وە کۆی هاوڵاتیانی ٤٥٣ کەسن[١٥]!

بەڵام هەموو ئەم ڕێژانە تەنها ژمارەن و هەمووی بەسەر ٢ بەرەدا دابەشبوون، بەرەی چین و بەرەی ئەمریکا، واتە بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئەم زەوییە ٢ وڵاتە، ژمارەکان دابەشبوون بەسەر ئەو ٢ وڵاتەدا، هەتا هەریەکێ لەو وڵاتانەش توانای ئەوەی نییە خواستی هاوڵاتیانیان بە تەواوی دابین بکەن و پێویستیان بە یەکتریش دەبێ، بۆیە هەردەم کێشمەکێش قوڵ دەبێتەوە و خواستی هەریەکێ لەو بەناو وڵاتانە زۆرجار بۆ لایەکیان کە زۆرتر دەبێ بەرەو لای ئەو دەچن و قبوڵ نەکردن و پێکدادان دروست دەکات، ئەمریکا هەر بە نموونە لەسەر چوار پایە خۆی ڕاگرتووە، ئەوانیش؛ چەك، ماددەی خام (نەوت و گەنم)، عەولەمە (ئیعلام و تەعلیم)، نەتەوە یەکگرتووەکان، بە هەموو ئەم هێزانەشەوە بەرامبەر پیشەسازی و باڵکێشانی چین بەسەر بازاڕەکانی ڕۆژئاوا و خودی ئەمریکاشەوە ڕەگی داکوتیوە.

تێگەیشتن

ئەوەی کە تا ئێستە باسمان کرد وەك زانیاری بنەڕەتی گرنگە لامان هەبێ و لە زەینماندا دروست ببێ تا لە خەیاڵاتی بەناو وڵاتی درۆینە خوێنی بۆ نەدەین، تۆ لە چوارچێوەی بەناو وڵاتێکدا بی کە نەتەوە یەکگرتووەکان ئیعترافی پێ بکات و نەیکات هەر وڵات نیت، وە ناشتوانی ببی بە وڵات، گەر ئەم زانیارییە بە دروستی لە زەیندا هەبێ ئەقڵیەتی پێکەوەژیان و پێکەوە کارکردن دروستتر دروست دەبێ بە تایبەت بۆ ئەو جێگایانەی کە سنووورەکانمان پێکەوە بەستراوتەوە، ئەم سنووورە دەستکردە درۆینانەش مێژووەکەی هەمووی

هەر ١٠٠ ساڵێکە و پێش ئەو بەرواڕە بەشێکی زۆری ئەم وڵاتانەی کە ئێستە بوون بە بەشێ لە نەتەوە یەکگرتووەکان هەمووی لە ژێر یەك چەتردا بووە کە ئەویش ناوی دەوڵەتی ئیسلامی بووە (ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) کە ئەم دەوڵەتە زلهێزە داگیرکرا، بۆ ئەوەی ئاسان دەستی بەسەردا بگیرێ کرا بە ٥٧ بەشەوە، کە ئێستە ٥٧ وڵات لەناو ئەو وڵاتەدا دروست بووە و نەتەوە یەکگرتووەکانیش دانی پێیاندا ناوە!

ئەوان بە یەك وڵات قبوڵیان نەبووە ئێستە کردوویانە بە ٥٧ وڵاتەوە! ئایا ئەمانە ئێستە وڵاتن؟

بێگومان هیچی وڵات نییە و تەنها ناوێکی کارتۆنی درۆینەی لێنراوە و هێشتا بە هەر ٥٧ وڵاتەکەشەوە هەر یەك وڵاتی تەواو نییە، بۆیە فتوحات هەردەم گرنگی هەیە و هەوڵی سڕینەوەی سنورەکان و پەیوەستکردنی خەڵکی پێویستیەکی حەتمی هەموانە.

تێڕوانین

لە نێوان ئەم کێبەرکێ گەورانەدا کارامەیی هاوڵاتیانی ناوچەکان لەوەدا دەردەکەوێ کە ئەم جەمسەرانە چۆن دەناسن و چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، پێش سەد ساڵ کە ئەم کیانە گەورەی مسوڵمانان کە هەبوو ببو بە چەتر بۆ زۆرینەی خەڵك لە شەرقەوە تا غەرب و زۆرترین سنووری جوگرافیا کە لانی کەم ١ لەسەر ٣ی زەوی و چەندین قارە و چەندین زەریای لە ژێر دەستدا بوو، کەمترین سنوور و زۆرترین ئازادی، چون لەناو ئەم وڵاتانە یان بەناو وڵاتانە چەندین سنووری تری بۆ کێشراوە و ئازادی و خواستەکان زۆر بەرتەسکە، هەر بۆ نموونە عێراق بە نموونە وەرگرین هاوڵاتی عێراقی ئازاد نییە کە چۆن بیەوێ بژی، لە نێوان سنووڕە سیاسی و حیزبیەکاندا وەك جێگەیەکی تەواو جیاواز مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ و هەتا عێراقیەك بۆ کوردستانی عێراق پێویستی بە ئیقامەیە! سنووری حیزبی و مەزهەبی حساباتی زۆر وردی هەیە!

ئێمەی کورد بە گشت وڵاتانی ئیسلامی داگیرکراوەوە لەگەڵ ئەوروپا و هەتا قەوارەی داگیرکاری ئیسرائیل هەموومان بە حساب لە بەرەی ئەمریکاین ئێستە، کە ئەم بەرەیە بەرە دیندارەکەیە، مسوڵمان و مەسیحی و جولەکە، بەرەی چینیش

نەك متمانە بە دوورترین بکەین دژی نزیکەکانمان، باوەڕکردنمان بە قەومیەت و شەڕکردن لە پێناویدا ئەو داوەبوو کە بۆمان دانرابوو وە پێوەی بووین و پێویستە ئێستە خۆمانی لێ دەرباز بکەینەوە

بە ڕووسیا و هەموو ئەو وڵاتانەی کە لەگەڵیدایە بەرە بێ دینەکەیە، شیوعیەت، جگە لە ئێران کە دینداڕە و ڕۆشتووەتە ئەو بەرەوە، لە نێوان ئەم دوو بەرەیەدا ئێمە ١٠٠ ساڵە یاریمان پێدەکرێ و هەردووکیمان تاقیکردووەتەوە، هیچکامیان خێریان بۆ ئێمەی شەرقی نەبووە، ئەزموونی هەردوکیانمان کردووە و جگە لە نەهامەتی هیچیان بۆمان پێ نەبووە، بە ئاوازەکانیان زۆر هەڵپەڕیوین و هیچی لە جێگەی خۆیدا نەبووە، بە درۆکانیان باوەڕمان کردووە و هیچیش ئەنجامی نەبووە، هەرچیان پێ وتووین وەك دەقی قورئان وەرمان گرتووە و کارمان بۆ کردووە و هیچی شین نەکردووە، هەر لە ڕەگەزپەرستی قەومی تا دەگاتە مەزهەبی و شۆڕدەبێتەوە بۆ ناوچەگەرێتیش، ڕەگی قەومی و ڕەگەزپەرستیان تێدا دروستکردین و دەستەواژەی جاش بۆ دۆست و هاوپەیمان بۆ دوژمن!

چارەسەر

ئێستە کاتی ئەوەیە؛

یەکەم؛ لەگەڵ خۆماندا ئاشت ببینەوە.

دووەەم؛ لەگەڵ وڵاتە دراوسێکاندا ئاشت ببینەوە.

سێهەم؛ بەپێی سنوور هەتا نزیکتر بێ لێمان دەبێت ئێمەش نزیکتربین لێیان.

نەك متمانە بە دوورترین بکەین دژی نزیکەکانمان، باوەڕکردنمان بە قەومیەت و شەڕکردن لە پێناویدا ئەو داوەبوو کە بۆمان دانرابوو وە پێوەی بووین و پێویستە ئێستە خۆمانی لێ دەرباز بکەینەوە.

پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بنچینەی ئاینەکەمان، دووبارە چاومان بپرۆژێنینەوە و بە ئاگاییەوە جارێکی تر سەیری دەقەکانی بکەینەوە؛ (**وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا**)، نەك بەرنامەی دروستکراوی لەسەر بکەین و بەناوی خوێندنەوەی نوێوە تعارفوا بکەین بە تعارکوا.

تێڕامان

سەرۆکی ئۆکرانیا کە کەوتە ناو تەڵەی ئەمریکییەوە لە پێناو بەناو سەربەخۆیی و گشت میللەتەکەی باجەکەیدا و بە سەد ساڵی تر ناگەڕێتەوە پێش شەڕ و بە ٥٠٠ ساڵی تریش ئاسەواری وێرانکاری و بە ١٠٠ ساڵی تریش حیقد و ڕق و قینی خەڵکی ناسڕێتەوە و بگەڕێتەوە پێش دۆخی شەڕ، لە کاتێکدا ئۆکرانیا ڕووسیا نزیکتر بووە لێوەی لە هەموو ڕوویەکەوە کە لەگەڵ ئەودا ڕێبکەوێ نەك توشی ئەو هەموو نەهامەتیە ببێ.

گەڕانەوە

ئێمەش پێویستە وانە لەوە وەرگرین و دراوسێکانمان زۆرتر خاڵی هاوبەشمان پێکەوە هەیە و لە پێناو ئەم سنوورە درۆینەی کە ١٠٠ ساڵە

بۆمان کێشراوە چیتر خۆمان نەکەین بە قوربانی و هێڵی سوور لامان دەقە پیرۆزەکانمان بێ نەك ئەو یاسایانەی کە بۆمان دادەنێن.

لە نێوان ئەم ٢ زلهێزەی کە ١٠٠ ساڵە یاریمان پێ دەکەن پێویستە کار بۆ گەڕانەوە و کارکردن بۆ هێزی سێهەم بکرێتەوە لانی کەم، نەك خەڵەتان بە (صفقة القرن) و قەڕنێکی تر یاریمان پێ بکرێ و لەبری دینی موتەکامیلی خۆمان بمانبەن بۆ دروستکردنی دینێکی نوێ بەناوی دینی ئیبراهیمی!

پەراوێزەکان

١- العنکبوت ٢٠

٢- المائدة ٢٧

٣- البقرة ٦١

٤- الزاریات ٢٢

٥- العلق ١

٦- یوسف ٤٠

٧- UN https://www.un.org/en/climatechange/what-is-climate-change

٨- IISD https://sdg.iisd.org/events/2024-un-climate-change-conference-unfccc-cop-29/

٩- Family Watch International https://fam-ilywatch.org/

١٠- https://noitasinagrO ruobaL lanoitanretnI

www.ilo.org/dyn/normlex/en/f?p=NORML-EXPUB:12100:0::NO::P12100_INSTRU-MENT_ID:312146

١١- Eurostat https://ec.europa.eu/eu-rostat/web/products-eurostat-news/w/ddn-20230929-2#:~:text=In%20 2021%2C%20around%20131%20kilo-grammes,includes%20edible%20and%20 .inedible%20parts

١٢- Euronews.Health https://ec.europa.eu/eurostat/web/products-eurostat-news/w/ddn-20230929-2#:~:text=In%20 2021%2C%20around%20131%20kilo-grammes,includes%20edible%20and%20 .inedible%20parts

١٣- مركز الروابط للبحوث والدراسات الستراتيجية

https://mawdoo3.com/%D9%85%D9%81%D9%87%D9%88%D9%85_%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%88%D9%84%D8%A9_%D8%A7%D9%84%D8%B9%D9%85%D9%8A%D9%82%D8%A9

١٤- Science Form https://www.sciencefocus.com/planet-earth/how-many-countries-are-there

١٥- BBC

https://www.bbc.com/news/world-europe-17994868

سەرچاوەکان

* قورئانی پیرۆز

* پێگەکان

مركز الروابط للبحوث والدراسات الستراتيجية

BBC

Euronews.Health

Eurostat

Family Watch International

IISD

International Labour Organisation

Science Form

United Nation

پرۆفایل

هەڵگری بەکالۆریۆس لە Islamic Law.

- هەڵگری ماستەر لە Englisth with TEFL

- .هەڵگری دکتۆرا لە Language and Communication

- نووسەری زنجیرە باس و چیرۆك و پەیامگەلێك بەناوی پەیامەکانی قیبلە کە پلەی دکتۆرای Philosophy of. Islamic Educationپێبەخشخراوە لە پسپۆڕی دەروونی لە Psychotherapy.

- چەندین بڕوانامەی لە بوارەکانی IT و تەکنەلۆژیا و Skillی جیاوازەوە بەدەستهێناوە.

- سەرپەرشتیاری بۆ کۆمەڵێك توێژینەوەی ماستەر و دکتۆرا کردووە لە چەند جێگەیەکی جیاواز.

- ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕی ڕێکخراوی (بوار) و (ژیار)ە لە کوردستان دا.

کوردستانی باشوور و جێگە و پێگەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

دکتۆر جلال جلالی زادە/ تاران

کوردستان بە گشتی و باشووری کوردستان بە تایبەت لە هە موو بوارەکاندا دە توانێ ڕۆڵێکی باش و جێگای سەرنج لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بنوێنێ، کوردستان لە باری سروشتی، جوگرافیایی، سە رچاوە سروشتییەکان و، هێزی مرۆڤایەتی و، بیرو ئەندێشە، یەکێ لە وڵاتانی دەوڵەمەند لە ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بۆیە هەمیشە، نەیاران ودوژمنان چاوی خیانەتیان لێ بڕیوە، وە تێکۆشاون تا نەهێڵن، ئەم گەلە سەر بەخۆ بێ و بە ئاواتەکانی بگات، خەباتی دوور و درێژی کوردەکان بۆ بە دەستهێنانی مافی چارەنووس و، بوونی مێژوو و پێشینەیەکی دوور و درێژ و پڕ لە شانازی و قارەمانێتی وە ک سەلاحەددین و زانایانی گەورە، پشتیوانییەکی بەهێزن بۆ ڕۆیشتن بە رەو داهاتوویێکی ڕوون.

لە لایەکی ترەوە زوڵم و زۆری دراوسێکان و یارمەتیدانی زلهێزەکان و خیانەتی ئیمپیریالیستەکان هەمیشە کۆسپێکی گەورە بوون لە سەر ڕێگای سەربەخۆیی و گەیشتن بەئاواتەکان، وە بوونە هۆی ئەوە کە کوردستان بووەتە جێگای بەربەرە کانێ و ئاژاوەنانەوە. وە کوردەکان بوونە قوربانی، بەداخەوە هەڵوێستی ڕۆژئاواییەکان و بەهۆی گەڵاڵە و نەخشەی داسەپێنراو، کوردی لە بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێبەش کرد.

دوای دابەشکردنی کوردستان لە نێوان چوار وڵاتی دراوسێ دا، کورد لەو هێز و داواکارییە کە بتوانێ گیروگرفتەکانی خۆی چارەسەر بکات، بە شدار نە بوو، وە ئەوانەی کە خۆیان داسەپاند بە سەر کوردەکان دا هیچ کاتێ ئیجازەیان نەدا کە سوود لە بیروباوەڕ و مێشکی کوردەکان بۆ ئاوەدانی کوردستان وەربگیرێت.

لە باشووری کوردستان، سیاسەتی ڕژێمەکان، سیاسەتی سەرکۆتکردن بوو و کوردستانیان بە ناو وڵاتێکی داگیرکراو دە زانی، ئەم سیاسەتە لە سەرە تای بە دیهاتنی عێراق، لەدوای شەڕی جیهانی دووەم تا دواییں ڕۆژەکانی سەدەی بیستەم

لە باری ئابووری، کوردستانی باشوور خوای گەورە پیت و بەرەکەتێکی زۆری خستۆتە ناوی، لە ڕواڵەتا هەموو خەیر و بەرەکەتە

کوردستانی باشوور هەم لە باری مێژوویی و هەم لە باری جوگرافیایی، ناوچەیەکی زۆر گرینگ و جێگای سەرنجە

دڕێژەی بوو. سیاسەت و پیلانێک کە بووە هۆی ئەوەی کورد هەست بە هاوواڵاتی بوون نەکات، وە هەمیشە وەکو دوژمن بڕوانێتە داگیرکەران [1].

وە ک بەڵگەیەک، دەتوانین، ئاماژە بە ستراتیژی سە دام لە کوردستان و بەعسییەکان بکەین، کە کۆچی زۆرە ملێ پێکردنی کوردەکانی وە کو بەرنامە و ستراتیژی خۆی دانابوو، ئەو هەوڵی ئەدا لە باری ماددی و مەعنەوی، وزە ی ئەوان ورد وخاش بکات و بیشکێنێت، وە هەروەها هەوڵیان ئەدا کە ژمارەی نفوسی کوردەکان بە ئاڵوگۆڕی بافتی کۆمەڵگای کوردی بگۆڕن و کەمی بکەنەوە[2].

بەعسییەکان لە سەرەتای دەیەی ۱۹۸۰م بریاریان دابوو بزووتنەوەی کورد لە بەین بەرن و هەموو گوندەکانی کوردستان نابود بکەن، وە گوندنشینەکان بگوێزنەوە بۆ ئۆردوگاکان و، پێشمەرگەکان لە خەڵک جیا بکەنەوە و بزووتنەوەکە بە تەواوی لە بەین بەرن[3].

کوردستانی باشوور هەم لە باری مێژوویی و هەم لە باری جوگرافیایی، ناوچەیەکی زۆر گرینگ و جێگای سەرنجە، هەم لە گەڵ ئێران و هەم تورکیا و هەم سوریا و عێراق سنووری هاوبەشی هە یە، لە باری فەرهەنگییەوە بەهۆی پێشینەی نووسەران و توێژەران و چاپی کتیب و پەرتوک و چاپەمەنییەکان، خزمەتێکی زۆری بە زمان و ئەدەبی کوردی کردووە و توانیویەتی بەرهەمەکانی بۆ بەشەکانی تری کوردستان ناردووە، وە لایەنگرانی ئەدەبی کوردی کە ڵک و سوودی زۆریان لە میتۆد و بۆچوونی ئەوان وەرگرتووە. بە تایبەت مامۆستایانی ئاینی دەستێکی باڵایان هەبووە لە چارەسەرکردنی قەیران و کێشەگەلی جۆراوجۆر لە هەموو بواڕە جیاجیاکاندا، لە باری دینی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ڕامیاری، تەنانەت لە دەرباری عوسمانییەکان ڕۆڵێکی گرنگ و باشیان بینیوە، ئەگەرێتو ناوی هەموو ئەو زانایانە کە کوردستانی باشوور کۆڕی زانیارییان بووە ناویان ببەین، پێویستی بە چەندین کتیب و پەرتوک دەبێت.

هەر سێ پارچەکەی تر لە بواری فەرهەنگی سوودی زۆریان لە بەرهەمەکانی نووسەرانی کوردستانی باشوور، لە باری ئاینی و غەیری ئاینی وەرگرتووە.

لە باری ئابووری، کوردستانی باشوور خوای گەورە پیت و بەرەکەتێکی زۆری خستۆتە ناوی، لە ڕواڵەتا هەموو خەیر و بەرەکەتە، چۆن زەوی و

خاکێکی هەیە کە شایانی بەدیهێنانی ئەو هەموو بەرهەمەی هەیە کە لە هەموو وەرزەکاندا نیاز و پێویستی خەڵکی چارەسەرئەکات، لە باری زەوی و زار و کشتوکاڵ و بەرهەمەکان چ دانەوێڵە و یان میوە دەتوانێ پێویستییەکانی خۆیان و دراوسێکان بەدی بهێنێت.

کێو و چیا و دەشت و دەمەن، کانیاو و ڕووبار، خاوەنی سەرمایە و سەروەتێکی فراوانە و، ئە توانێ پێداویستییەکانی دراوسێکانی فەراهەم بکات. کێوە بەرزەکان و بەردی جۆراوجۆر بۆ بیناکردنی ماڵ و خانوو کە باشترین بەردی دنیایە، جێگای سەیران و گە شتوگوزار لە دنیای ئەمڕۆدا باشترین سەروەت و سامانە بۆ خەڵکی و هاووڵاتیان دەتوانن باشترین کەڵکی لێ وەرگرن، کوردستان بەهۆی ئەوە کە خاوەنی چوار وەرزە، دەتوانێت ڕۆڵێکی باشی ببێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و سەرنجی گەشتیاران بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. لە باری پەروەردەکردن و بەخێوکردنی مەڕومااڵت باشترین ناوچەی عێراقە، لە ژێر زەویدا لە باری کانگاکانی وەکو نەوت، زێڕ، زێو، ئاسن و مەعادنی تر بێ وێنەیە، هەر چەند تا ئێستا داگیرکەران نە یانهێشتووە خەڵکەکە قازانجی لێ وەرگرن، بەڵکو پێویستە سەرنجی باشتر لە م بارەوە بدرێت(٤).

بوونی نەوت و غاز و سەرچاوە سروشتییەکان بە تایبەت لە شاری کەرکوک کە گەورەترین چاوگەی نەوتی دنیایە، بە جۆرێک کە سەدام، قبوڵی ئەکرد شارێکی کوردییە، بەڵام قبوڵی نەئەکرد کە بەشێ لە کوردستان بێت(٥).

ئە مە بە ڵگەیەکی گرنگە و ڕوونی ئەکاتەوە کە دوژمنان، هەر لە مێژە چاوی خیانەت و تەماعیان بڕیوەتە خاکی کوردستان و ئە زانن چە نذە دە وڵەمەند و بە نرخ و بە قیمەتە، وە دەتوانێ پێداویستییەکانی دراوسێکان دابین بکات و خەرج و مەسرەفی سوپاکانیان جۆراوجۆر بکات.

لە باری ڕامیارییەوە، بەهۆی ئەوەی کە لە مێژە، بزووتنەوەی کوردی لە کوردستانی باشوور دەستی پێکردووە و هەزاران شەهیدی لەم ڕێگەیەدا پێشکەش کردووە، وە خەسارەتی زۆری بەخۆوە بینیوە، ئاوارە بوون و دە ربەدەری و کۆچی بە کۆمەڵ بۆ وڵاتانی دراوسێ و هەندەران، هەروەها پەناگا و جێگای حە سانەوەی ئەحزاب و خەباتگێڕانی کوردی پارچەکانی تر بووە، کە کوردانی بەشەکانی تر زۆر بەهرەیان بردووە و زۆر یارمەتیان لەو بەشەی کوردستان وەرگرتووە. بوونی ئەحزابی سیاسی و مێژوویەکی کۆن و خەباتێکی درێژخایەن و چالاکی و تێکۆشانێکی

پێم وایە کورد ئەگەر مەجالی هەبێ و کەند و کۆسپ و گیروگرفت لە سە ر ڕێی نە مێنێ، دە توانێ ڕۆڵێکی باشی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ببێ

بەرفراوان لە هەموو بوارەکاندا و بەربەرەکانی بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوا و دیاریکردنی چارەنووس و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان، سەرەنجام بە بڕێ لە ئاواتەکان گەیشتن، هە رچە ند تەواو نەبووە.

بە ڵام ئەبێ چی بکەین؟ من پێم وایە کە کوردستانی باشوور هێشتا لە سەرەتای ڕێگایەکی دژوار و سەختە، وە بۆ گەیشتن بە پێشکەوتنیکێ ڕاستەقینە و گەشەپێدان و گەشانەوە لە هەموو بوارەکان دا، نیازمەندی بە بەڕێوەبەری و، ڕێبەرایەتی و، بەرنامەو نەخشە و ژیری و ئاوەز، هەیە، ئەبێ بزانین، تا زەمانێک لە باری مرۆڤ و مێشکەوە ئاڵوگۆڕ بەدی نەهێنرێت و، مرۆڤەکان خۆیان لە دەروونەوە بۆ پەرەسەندن و گەشەپێدان بە قەناعەت نەگەن، ناتوانن ئاڵوگۆڕ لە وڵات، ناوچە و کۆمەڵگا، بە دی بهێنن.

جا ئەگەر لێرە بمانەوێ ڕۆڵی کوردستانی باشوور لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بنرخێنین، بە ر لەوە ئەبێ بڵێین و بزانین کە کوردستانی باشوور ڕۆڵی سەرەکی و گرینگی هەیە، بەڵام چۆن ئەم ئەرکە بەڕێوە ببات، ئەمە زۆر موهیمە، هەروەها وەك وتمان و ئەزانین پەرەسەندن و گەشەپێدان نیازی بە زۆر شت هەیە کە لە دنیای ئەمڕۆدا ئەبێ هەموویان بەکار بهێنرێن، بە ر لەوە ئەبێ ئازادی هەموو بیروباوەڕ و بۆچوونەکان فەراهە م بکرێت، دەرگای ڕەخنە واڵا بکرێت بۆ هەموو چین و تۆێژەکان، نرخ و ڕێز دانان بۆ بیرمەندان، هۆنەران، شاعیران، نووسەران، تۆێژەران و ڕۆژنامەنووسان، داسەپاندنی یاسا بە سە ر هەموو تاک و چینێک دا، بەهێزکردنی کۆمەڵگای مەدەنی، وە لایەنگری لە مافی مرۆڤ و ئازادی بۆ هەموو کوردەکان و بێگانەکان، بەهێزکردنی بنەما و نیهادی وتوێژ لە گەڵ زلهێزەکان و دراوسێکان لە هەموو ئەو بوارانە کە بە قازانجی گەلی کوردە، گرنگیدان بە پەیوەندییە بازرگانییەکان و هاتووچۆ بۆ نێو وڵاتان و دەرەوە [٦].

من پێم وایە مەوقعیەت و هەڵکەوتەی جوگرافی کوردستانی باشوور لە جێگایەکی زۆر گرینگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە، ئەگەر لێپرسراوان بیانەوێت جێگە و پێگەی خۆیان باشتر بەهێز بکەن، ئەبێ هەموو هێزی خۆیان لە سەر خوێندن و ئابووری و پەرەپێدانی فەرهەنگی کۆبکەنەوە و کاری لەسەر بکەن، چونکە پێم وایە کورد ئەگەر مەجالی هەبێ و کەند و کۆسپ و گیروگرفت لە سە ر ڕێی نە مێنێ، دە توانێ ڕۆڵێکی باشی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ببێ.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ خاڵێك بکەم ئەویش ئەوەیە، بەهۆی گیروگرفتی زۆرەوە، ئەبێ ڕێبەران و لێپرسراوان تاک گەلێ وەک (مهاتیر محمد) و (شێخی دوبە)ی بکەنە سە رمەشقی خۆیان، شێخ محەممەد، ئە لێ: ئێمە لە دوبەی، داهاتوو بە هی خۆمان ئە زانین، وە هەموو هێزی خۆمان بە کار ئەهێنین تا داهاتوو دروست بکەین، من هەر لەسەرەتاوە، بڕیارم دابوو کە دوبەی پێشکەوتووترین وڵاتی جیهان بێت، لەندەن و

نیۆیۆرک ناتوانن، بۆ هەتا هەتایێ ئابووری دنیا ڕێبەری بکەن[٧].

کورد بە هۆی زیرەکی و سۆزداری و فام و خوێندە واری دەتوانێ لە بوارگەلی جۆراوجۆر لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا خۆی بنوێنێ بە مەرجێک، ئەو خاڵانەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێکردن بە کار بهێنێ.

پەراوێزەکان:

(١) تتر نرویی، ١٤٠١:٥.

(٢) نوشیروان،١٤٠٢هـ ش:ج١ص١٢٦.

(٣) نوشیروان،١٤٠٢هـ ش: ج٢ص١١٣٦.

(٤) البرواری،٢٠٠٩م:٦٥.

(٥) تتر نرویی،١٤٠١:١٥٥.

(٦)هدایتی،١٣٩٩:١٠٧.

(٧) جرار،١٣٩٩:٧٣.

سەرچاوەکان:

١- از کرانەهای دانوب تا کوههای کردستان، نوشیروان مصطفی امین، ترجمه فرهاد امین پور، انتشارات نگاه، تهران،١٤٠٢هـ ش.

٢- سیاست حکومت عراق در کردستان، علی تتر نویی، نشر ثالث، تهران،١٤٠١هـ ش.

٣- مسأله شناسی توسعه کردستان، سید هاشم هدایتی، انتشارات رویداد، تهران، ١٣٩٩هـ ش.

٤- مدیریت ورهبری به سبک شیخ محمد، یاسر جرار، ترجمه علی علی پناهی، نشر بهار سبز، تهران،١٣٩٩هـ ش.

٥- الکورد والدولة العثمانیة، محمد زکی البرواری، دارالزمان، دمشق، ٢٠٠٩م.

پڕۆفایل:

- لە دایکبووی ١٩٦٠ زاینی.

- لە بنەماڵەیەکی ئاینی لە گوندی گەلینی ژاوەڕۆ سە ر بە شاری سنە لە دایک بووە.

- باب و باپیرانی هەموویان زانای ئاینی بوون، هە ر لەسەرەتای منداڵی لە خزمەت باوکی و چەند کەسی تر وانەکانی ئاینی خوێندووە.

-پاشان چووەتەسنەدیپلۆمی وەرگرتووە،لەساڵی٦٢کۆچی هەتاوی لە زانکۆ تاران لە کۆلیجی الهیات وە رگیراوە.

- لە ساڵی ٧٦کۆچی هەتاوی بڕوانامەی دکتۆرای فیقە وحقوقی ئیسلامی وە رگرتووە. لە ژیر ناونیشانی اصولیان کورد ونقش آنان در تحول علم اصول.

- لە زانکۆکانی کوردستان و کرماشان و تاران دە رسی وتۆتەوە، ،ماوەی یەک سال ئەندامی شورای شاری سنە و ماوەی چوار ساڵ ئە ندام پارلمان بووە. هەروەها ئەندامی لیژنەی ناوەندی حیزبی مشارکت واتحاد بووە.

- تا ئێستا سی کتێبی نووسیوە یا وەری گێڕاوەتە سەر زمانی فارسی.

-ماوەی هەشت ساڵ مودیری حەوتو نامەی سیروان بووە،

مافی چارەی خۆنووسین و میکانیزمەکانی داواکردنی سەربەخۆیی

سەلمان عەبدوڵڵا کاکە مەلا کۆچەری

١- چەمکی دەوڵەت و مافی چارەی خۆنووسین (حق تقریر المصیر):

دەوڵەت لەلای زۆرینەی فەقیهانی سیاسی بریتییە لە یەکێک لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، کە بەوەش لە یەکە کۆمەڵایەتییەکانی تر جیا دەکرێتەوە و بە دانان و جێگیرکردنی چەند ڕێسا و حوکمێک دەسەڵاتێکی بەڕێوەبەری دادەمەزرێنن، لەناو دامەزراوەکەدا سێ دەسەڵات هەن: دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی دادوەری کە (نظام عدل) یشی پێدەڵین. ئەو دامەزراوانە لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی دیاریکراو و سنووردارە.

لە لایەکی تـــــرەوە دەوڵەت وەها دەناسێنریت کە بریتییە: لە دامەزراوە و موئەسەسەیەکی سیاســی کەوا بەهێز بینا کـراوە، وە لە ڕێگــەی ئەو دامەزراوە سیاسییەی بنیادنراوە لەســـەر «قوە» سەیتەرە بەسەر کۆمەڵگە و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەدا دەکرێت لە هەمان کاتدا نیزامێکی یاساییش بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و تەنزیمکردنی دادەڕێژرێت.

لەم پێناسەیەوە دەوڵەت وەکو « هێز» دەناسێنرێت بەر لەوەی بچێتە ناو نیزام و یاساوە یان فەلسەفەیەکی دیاریکراوەوە، کەوایە دەکرێت ئەو هێز و قووەتەی باسدەکرێت سەرچاوەکەی فەلسەفە یان بیروباوەڕێک بێت کەوا بونیادی دەوڵەتی لەسەر ئاوا دەکرێت، بەبێ « قوە» ناتوانرێت یەکەکانی تری نزیک لە دەوڵەت یان دەوڵەت دروست بکرێت و سەیتەرە بەسەر کۆمەڵگەدا بکرێت.

دەوڵەت لە هزری فەیلەسوفی ئەڵمانی هیگڵدا Friedrich Hegel : دەوڵەت باڵاترین و بەرزترین قۆناغی گەشەسەندنی مرۆڤایەتییە، لەم دۆخەدا مرۆڤەکان پێوەرە ڕەوشتییەکان بەرامبەر بەیەکتری مومارەسە دەکەن، ڕەوشت ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕێت. هەر تاکێک لە کۆمەڵگادا وابەستەیە بە تاکێکی تر، دەوڵەتیش بۆ پارێزگاریکردن لە مۆڵکداری تایبەت دروست دەکرێت. لەلای هیگڵ لە دۆخی دەوڵەتبوونداتاک بە ئازادی دەگات، هەروەها تاک لە دەرەوەی کۆمەڵگە و دەوڵەت هێز و پێگەی نییە، کەواتە بوونی تاک پەیوەستە بە بوونی

ئەو دوو فەیلەسووفە گەیشتوونە ئەو بڕوایەی کە تاک ناتوانێت بە بەردەوامی ململانێی دەوروبەری بکات بۆیە پێویستی بە پێکەوە ژیانە

دەوڵەتەکەیەوە، زیاتر لەوە لە لای هێگل وایە کەسەکان ناتوانن گوزارشت لە دیدو بوونی خۆیان بکەن ئەگەر لە چوارچێوەی دەوڵەتدا نەبێت و بەها ڕۆحییە راستییەکان لە دەوڵەت وەردەگیرێت. ئەو بیرۆکەیەی هێگڵ دەکرێت ڕەخنەدار بکرێت چونکە سەنتەری گەردوون و سروشت مرۆڤە هەروەک خودا لە قورئاندا دەفەرموێت:«وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ» الإسراء٧٠، واتە:(بێگومان ئێمە ڕێزمان لە نەوەی ئادەم گرتووە). هەروەها دەفەرموێت: «وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً» البقرة ٣٠، کەواتە مرۆڤە پێگە و هێز بەدەوڵەت دەدات و تاکەکان بە ڕێککەوتن و عەهد و پەیمان پێگە و هێز بە دەوڵەت دەدەن.

لەلای فەیلەسوفانی یۆنانی بەتایبەت ئەفلاتوون Plato هەروەها ئەرستۆ Aristotle لە پەرتووکی کۆمار و سیاسەتدا بابەتی سەرەکییان بریتی بوو لە دوڵەت، ئەو دوو فەیلەسووفە گەیشتوونە ئەو بڕوایەی کە تاک ناتوانێت بە بەردەوامی ململانێی دەوروبەری بکات بۆیە پێویستی بە پێکەوە ژیانە. لێرەوە بیرۆکەی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی مرۆڤ بە مرۆڤی دیکە سەریهەڵدا کە مەبەست لێی دروستکردنی دەوڵەتە وەک چوارچێوەی کار و ڕێکخستنی کۆمەڵگە.

لەلای هەندێک لە شارەزایان و بیرمەندان دەوڵەت وەک هێزێکی (زەوتکەر) دەناسێنن و پێیانوایە دامەزراوەیەکە کە گرێدراوی دەسەڵاتێکی زەوتکەرە و ئەو دەسەڵاتەش شێوەی یاسایی وەرگرتووە کە لەناو چوارچێوەیەکدایە کە تێیدا ڕێساکانی دەستنیشانکراوە و لە ناو یەکگرتوویی دەزگاکان قاڵبۆتەوە.

عەبدوڵڵا ئۆجەڵان لەبارەی دەوڵەت دەڵێت: هێزێکە خراوەتە ناو چوارچێوەیەکەوە زەوتکردن و زۆرداری تێدایە و دەبێت بڵێم دەوڵەت ئەو بابەتانەی چارەسەر نەکردووە لە کپکردن یان هاوسەنگی پێکدادانە چینایەتییەکانی نەپاراستووە و بەردەوامی هەیە، ئامرازی فشاری چینایەتییە، هەرگیز کۆتاییهێنان بە دۆخی کائیۆس نییە، بانگەشەکانی مایەی ڕێکوپێکی ئاسایشە، زۆر لە گوزارشتکردنی ڕاستییەوە دوورە، دەوڵەت بەهیچ جۆرێک گۆڕەپانی چارەسەرکردنی کێشە

دەوڵەت لە هزری فەیلەسوفی ئەڵمانی هیگڵدا Friedrich Hegel : دەوڵەت باڵاترین و بەرزترین قۆناغی گەشەسەندنی مرۆڤایەتییە

هەریەکە لەنەتەوە و دانیشتوانانی ناوخۆی وڵات مافی ئەوەیان هەیە کەشێوەی دەستەڵاتیان بەگوێرەی ویستی خۆیان دیاری بکەن و مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان هەیە بەشێوەیەکی ئازادانە و بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی

و ئامانجەکان نییە، بەڵکو پلاتفۆرمێکە کێشەکان کەڵەکە دەکات و دیانخاتە ناو قەیران و درێژەیان پێدەدات، لەبواری هێزی بەڕێوەبەر و خولقێنەری کەلتور، نەتەوە گوزارشت لە هیچ شتێک ناکات.

بیرمەندی هۆڵەندی لۆك پێیوایە بۆ ئەوەی دەوڵەت نەبێتە کەرەسەیەک بەدەست ستەمکار و دیکتاتۆرەکان نابێ خەڵک بتۆقێنێت و ملکەچیان بکات بۆیە پێویستە لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا دەوڵەتمەدارەکان بە کۆمەڵێک کۆت و مەرجی یاسایی ڕازیبن.

کەواتە فەلسەفەی دەوڵەت لەوە دێت کەبەرژەوەندییە تایبەتییەکان لەلایەن کەسەکانەوە دەپارێزرێ، بەڵام بۆشاییەک دەمێنێتەوە ئەویش مافە گشتییەکانە و دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت، بەو شێوەیە دەوڵەت بوون دیاردەی هەرە نوێی شارستانی ئەو سەردەمەیە کە لە ڕێکەوتنی وێستڤالیا ١٦٤٨دەست پێدەکات، کە تێیدا چواردەوڵەت (بەریتانیا، فەرەنسا، هۆڵەندا و ئیسپانیا) دروست دەبن. ئیتر بەرە بەرە هەموو جیهان بوو بەدەوڵەت دوا هەنگاو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون ئەوەی پێی دەگوترێ (میراتی دەوڵەتی عوسمانی) لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم ساڵی ١٩١٤ بۆ ١٩١٨ دروست بوو بەتایبەتی لەڕێککەوتنی سایکس بیکۆ و ڕێککەوتنی سیڤەری ١٩٢٠ لەڕێگای ئینتیداب دەوڵەتیان بۆ دروستکرا هەندێ میللەتیش نەگەیشتنە ئەو ئامانجە.

٢-مافی چارەی خۆنووسین: چەمکێکی قانونی نێودەوڵەتییە کە تێیدا مافێک دەبەخشن بە گەلێک، یان خەڵکانێکی نێوخۆیی، یان پێکهاتەیەک کە داوای ئازادی و ئیدارەدانی خۆیان دەکەن بەبێ دەستوەردانی خاریجی.

لە لایەکی ترەوە بەپێی چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەندی یەکەم مافی چارەی خۆنووسین بریتییە لەپێدانی مافی داواکردنی سەربەخۆیی و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ ئەو گەلانەی کەوا لەژێر داگیرکاری (کۆلۆنی) دا بوونە، بەو پێیە مافەکە بۆ ئەو گەل و دەوڵەتانەیە کە لە ژێر داگیرکاری و لە ژێر دەستی ئیمپریالیزمدا بوون.

((هەریەکە لەنەتەوە و دانیشتوانانی ناوخۆی وڵات مافی ئەوەیان هەیە کەشێوەی دەستەڵاتیان بەگوێرەی ویستی خۆیان دیاری بکەن و مافی

دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان هەیە بەشێوەیەکی ئازادانە و بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی)).

ئەم ووتەیە هی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (وودرو ویلسون)ە لەگەڵ ئەوەشدا پێش ویلسونیش ئەم شێوە قسانە کراون کە وەك (مبدأ) دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین لەناوەڕۆکی ڕێککەوتنامەی ڤێرسادا هاتبوو، ئەوڕێککەوتنامەیەی لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم بەسترا، لەڕێککەوتنامەکەدا فەرمان درا بەدامەزراندنی دەوڵەتی قەومی نوێ لەئەوروپادا لەبری ئیمپڕاتۆریەتی نەمسایی مەجەری و ئیمپڕاتۆریەتی ئەڵمانی. دواتر ئەم بیروڕایە بوویە بنچینەی داخوازیەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران، واتە بانگەشەکردن بۆهەڵوەشاندنەوە و نەهێشتنی دەستەڵاتی داگیرکەری ئەوڕوپی لەئاسیا و ئەفریقیادا. زاراوەی دیاریکردنی مافی چارەنووس لەسەرەتادا لەنێوان ئەو نەتەوە و دانیشتوانانەدا بڵاوبۆوە کەزمانی هاوبەش و شارستانی هاوبەش بەیەکەوە کۆی کردبوونەوە و لەیەک ناوچەی دیاریکراودا جێگیربوون. مافی چارەنووس کەوتە حاڵەتی جێبەجێ کردن لەمیانەی ڕاگەیاندنی ناوچەیەک لەناوچەکان، یاخود وەکو بەش و ناوچەیەک کەخاوەنی خۆبەڕێوبەری بێت لەناو یەکێتی فیدڕاڵی دا. لەگەڵ جێبەجێکردنی مافی چارەنووس کۆمەڵێک ئاریشەی شاراوە دەرکەوتن لەپیادەکردنیدا لەماوەی نێوان هەردوو جەنگە جیهانەییەکەدا ئاستەنگەکانی جێبەجێکردنی هەموو داخوازییەکانی مافی چارەنووس دەبوو بەهەڕەشە لەسەر ئەوڕوپا بەوەی بەهۆیەوە دابەش بێت بۆچەند وڵاتێکی بچوک و کۆمەڵێکی تر لەسنووری سیاسی دروست بن وەکو سنووری ئازاد بۆپەڕینەوەی خەڵک و کەل وپەل. هەوڵدرا ئەم ئاستەنگانە چارەسەر بکەن لەمیانەی بەرقەرارکردنی فیدڕاڵی لە یۆگسلافیا و چیکۆسلۆڤاکیا بەڵام هەوڵەکان شکستیان هێنا چونکە ئەو نەتەوانەی لەم وڵاتانەدا جێگیربوون توانای بەجێگەیاندنی دەستەڵاتی هاوبەشیان نەبوو بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ.

بەکورتی مافی چارەی خۆنووسین لەدوو حاڵەت بەدەر نییە ئەمانیش یەکەم: پەیوەستە بەدۆخی ئەو گەلانەی کەملکەچی داگیرکەران و پاوانخوازانن، کاتێک لەژێر ڕۆشنایی مافی چارەنووس مافی ئەوەیان دەبێت خۆیان ڕزگار بکەن لەداگیرکەران و بۆخۆیان وڵات بەڕێوە ببەن. دووەم: ئەمەش پەیوەستە بەدۆخی ئەو کەمینانەی کە دووچاری چەوسانەوە و جیاکاری ڕەگەزی بەرنامە بۆدارێژراو دەبنەوە لەلایەن دەوڵەتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی مافی چارەنووس مافێکی کۆیە نەوەک تاکەکەس، بەومانایەی ئەو مافە ناتوانرێ لەڕێی کەسێک یان کۆمەڵە کەسانێکەوە مامەڵەی پێوە بکرێت، بەڵکو ئەم مافە پەیوەستە بەکۆمەڵە خەڵکانێکی زۆر کەخاڵی هاوبەش بەیەکەوە کۆی کردوونەتەوە لەوانەش زمان، میژوو، رۆشنبیری و شارستانی و نەریت و کەلتور. یاسای نێودەوڵەتی ئەم مافەی بە چەند کۆت وبەندێک وابەستە کردووە، تاوەکو نەبێتە هۆی لەبەریەک هەڵوەشانەوەی هەندێ وڵات و دروستبوونی مەترسی لەسەر دەستەڵاتیان، چونکە ئەگەر هاتوو هەرکەمینەیە و هەستا وتی خاوەنی زمان و میژووی هاوبەشین لەوڵاتدا وەکو کەمینە پاشانیش داوای جیابوونەوەی کرد لەوڵاتی دایک، سەرەنجام دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی ئەم وڵاتانە.

بەکورتی مافی چارەی خۆنووسین لەدوو حاڵەت بەدەر نییە ئەمانیش یەکەم: پەیوەستە بەدۆخی ئەو گەلانەی کەملکەچی داگیرکەران و پاوانخوازانن، کاتێک لەژێر ڕۆشنایی مافی چارەنووس مافی ئەوەیان دەبێت خۆیان ڕزگار بکەن لەداگیرکەران و بۆخۆیان وڵات بەڕێوە ببەن. دووەم: ئەمەش پەیوەستە بەدۆخی ئەو کەمینانەی کە دووچاری چەوسانەوە و جیاکاری ڕەگەزی بەرنامە بۆدارێژراو دەبنەوە لەلایەن دەوڵەتەوە.

هەموو گەلان مافی چارەی خۆنووسینیان هەیە. بە پشتبەستن بەم مافە، دەکارن ئازادانە ستاتۆی سیاسیی خۆیان بڕیار بدەن و بەئازادانەیش درێژە بە نەشونمای ئابووری و جڤاکی (کۆمەڵایەتی) و کلتووریی خۆیان بدەن

تەوەری دووەم: ڕەهەندی یاسایی و مەرجەکانی داواکردنی مافی چارەی خۆنووسین:

مافی چارەی خۆنووسین نەک ڕەهەندێکی یاسایی هەیە بەڵکو ئەو مافە ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی و دەستووری جیهانی هەیە بەو پێیەی ئەو مافە لە بەندەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕوونی و ئاشکرایی جەختی لەسەر کراوەتەوە، ئەگەر سەرەتا مافی چارەی خۆنووسین پەیوەست بووبێت بە گەلان و دەوڵەتانی داگیرکراو و ژێر دەستی استعمار دواتر ئەو مافە فراوان کراو هەموو گەلان و خەڵکانیک بە کۆمەڵ ئەو مافەیان هەیە.

مافی چارەی خۆنووسینی گەلان یەکەم جار لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا (بەندی ١\ بڕگەی ٢) باسکراوە و تۆمارکراوە، پاشان بڕیاری ناسراو بە «ڕاگەیەندراوی بەخشینی سەربەخۆیی بە وڵاتان و نەتەوە کۆلۆنیکراوەکان» لە ١٩٦٠/٩/١٤ باسی لە مافی چارەی خۆنووسین کردووە، کە ئەمەیش ڕۆڵێکی بەرچاوی لە سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم هەبوو.

جگه لەمەیش، لە چارتی ئەفریقیی مافی مرۆڤ و گەلان باسی لێوە کراوە ، هەروەها دیکۆمێنتە نێودەوڵەتییەکانی دیکە جەختیان لەسەر کردووەتەوە و بە یەکێک لە بنەما سەلێنراو و چەسپاوەکانی یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێت. لە بەندی یەکەمی پەیمانی مافە شارستانی و سیاسییەکانی ساڵی ١٩٦٦دا هاتووە: «هەموو گەلان مافی چارەی خۆنووسینیان هەیە. بە پشتبەستن بەم مافە، دەکارن ئازادانە ستاتۆی سیاسیی خۆیان بڕیار بدەن و بەئازادانەیش درێژە بە نەشونمای ئابووری و جڤاکی (کۆمەڵایەتی) و کلتووریی خۆیان بدەن».

جیاوازی نێوان چەمکی مافی چارەی خۆنووسین، لە ڕاگەیەندراوی ساڵی ١٩٦٠ لەگەڵ دیکۆمێنتەکانی مافی مرۆڤ، بۆ چوارچێوە و پانتاییی ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە کە دەیان گرێتەوە. لە ڕاگەیەندراوی ساڵی١٩٦٠ تەنیا ئەو گەلانە دەگرێتەوە، کە لەژێر کۆلۆنیالیزمدان، بەڵام لە ڕێککەوتنامەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ، هەموو گەلانی ژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم و گەلانی ئازاد دەگرێتەوە و هەموویان خاوەن مافی چارەی خۆنووسینن. کۆمیتەی مافی مرۆڤ لە ڕاڤەکردنی گشتیی ژمارە ١٢ی خۆی جەخت لەسەر گشتگیربوون و فراوانبوونی ئەم مافە دەکاتەوە و دەڵێ: «بڕگەی ٢ لە بەندی ١ خاوەن گرنگییەکی تایبەتە، چونکە بەڵێنێکی دیاریکراو بۆ هەموو وڵاتانی ئەندام، نەک تەنیا لە بەرامبەر خەڵکی خۆیان، بەڵکو لە بەرامبەر هەموو ئەو گەلانەی کە توانای مافی چارەی خۆنووسینیان نەبووە یا لێی بێبەش کراون، دروست دەکات. ناوەڕۆکی گشتیی ئەم بڕگەیە، بە سەرنجدان لە مێژووی داڕشتنی دەردەکەوێت... کەوابوو، هەموو دەوڵەتانی ئەندامی چارت، بۆ ئاسانکاری لە بەدیهاتنی ئەم مافە و ڕێزگرتنی، دەبێ کاری پۆزەتیڤ ئەنجام بدەن. ئەم کارانە، دەبێ بەپێی بەڵێنی دەوڵەتان، لەسەر بنەمای چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسای نێودەوڵەتی ئەنجام بدرێت».

بەم پێیە، دەردەکەوێ نە تەنیا دەوڵەتانی ئەندامی چارت، بەڵکو هەموو دەوڵەتانی ئەندامی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بۆ بەدیهاتنی بنەمای مافی چارەی خۆنووسین، لە بەرامبەر وڵاتی پێشێلکاردا، دەتوانن مافی «کرداری بەرامبەر» بەکار بهێنن. کەواتە، ئەم مافە لە ڕیزی ڕێسا گشتگیرەکانە و تەنانەت هەندێ کەس لەو باوەڕەدان، کە مافی چارەی خۆنووسین خاوەن قانونێکی ئامیرەیە.

ڕەهەندە یاساییەکانی مافی چارەی خۆنووسین پشت بە کۆمەڵێک وەسایق و ریککەوتنامە دەبەستن کە وڵاتان ڕەزامەندییان لەسەرداوە بەگشتی کە بریتین لە:

بەشێوەیەکی گشتی هیچ قاعیدەیەکی دەستوری بە ئاشکرا هیچ ماددەیەکی نەهێناوە کە ڕێگری لە ریفراندۆم و داواکردنی مافی چارەی خۆنووسین بکات، هەروەها لە ئەسڵدا ئەو بابەتە ڕێگەپێدان (اباحە)یە و ڕێگەنەدان پێی دەبێتە جیاکاری، لە لایەکی ترەوە هیچ ماددە و باسێکی دەستوری و قانوونی نییە کە ڕێگری بکات لەوەی لە هەرێمی کوردستان ریفراندۆم و گشتپرسی ئەنجام بدرێت

- مافێکی قانونی گەردوونی و جیهانیە (Uni-versal right) کە سەرچاوەی گرتووە لە مافی مرۆڤ لە گەردووندا (Universal human right) کەواتە ئەو مافە گەردوونییە و بەبێ ئەوەی لە دەستوری وڵاتاندا بە ڕوونی هاتبێت یان نەهاتبێت، وە کۆمەڵەی گەلان و نەتەوە یەکگرتووەکان اقراریان لەسەر ئەو مافە کردووە.

- لە ساڵی ١٩٥٢ نەتەوە یەکگرتووەکان قەراری ژمارە «٦٧٣» دەرکرد کە جەخت لەسەر مافی چارەی خۆنووسین دەکات، وە ئەو مافە وەکو پێویستییەکی زەرووری حەقی شعب و مرۆڤ دەناسێنێت و لەسەر نەتەوە یەکگرتووەکان فەرز دەکات بەرگری لەو مافە بکەن.

- لە ساڵی ١٩٦٠ نەتەوە یەکگرتووەکان قەراڕێکی تری دەرکرد بە ژمارە «١٥١٤» تایبەت بە پێدانی مافی سەربەخۆیی بە وڵاتان و گەلانی داگیرکراو، وە ئەو قەراڕە بەوە جیا دەکرێتەوە کەوا گرنگییەکی تایبەتی بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلان داوە کە هاتووە « مافی گەلانە بەبێ جیاکاری لەسەر داواکردنی سەربەخۆییان لەڕوی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و کەلتوورییەوە هەیە، ئەو مافە دەدرێتە گەلان و وڵاتانی نا سەربەخۆ لە پێناو بەدەستهێنانی سەربەخۆیی تەواوەتی، بە پێچەوانەوە دژایەتیکردنی بنەڕەتی مافی مرۆڤە»

- وە پاڵپشت بە قەراری «١٨٠٣» ی ساڵی ١٩٦٢ کۆمەڵەی گشتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مافی گەلان بەدەرە لە سیادە و نابێت تێروفی پێوە بکرێت وەکو بەشێک لە سیادەی دەوڵەتان بەڵکو حەقی گەلان لە سەربەخۆیی مافێکی سروشتییە و نابێت اخلال بەو مافەوە بکرێت بە پێچەوانەوە مەترسی بۆ سەر ئاشتی و سەلامەتی جیهان دروست دەبێت.

- نەتەوە یەکگرتووەکان بە دەرکردنی قەراری «٢٢٠٠» ساڵی ١٩٦٦ زیاتر جەختی لەسەر حقی تقریر مصیر کردەوە و پاڵپشت بە دوو پەیماننامە کە یەکەمیان پەیوەست بوو بە « مافە مەدەنی و سیاسییەکان» و دووەمیان پەیوەست بوو بە مافە « ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان (ڕۆشنبیرییەکان)، لە ماددەی یەکەمی پەیماننامەی یەکەم بەڕوونی باس لە مافی چارەی خۆنووسن

دەکاتەوە وەکو مافێکی بنەڕەتی مرۆڤایەتی بۆ هەر کۆمەڵ و گەلێک.

- کۆمەڵەی گشتی (الجمعية العامة) لە ساڵی ١٩٧٣ بریاری «٣٩٧٠» ی دەرکرد کە داوا لە هەموو دەوڵەتانی ئەندام دەکات کەوا اعتراف بە مافی گەلان بکەن لە داواکردنی مافی چارەی خۆنووسین، هەروەها هاوکاری ماددی و مەعنەوییان بکەن لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانجەکەیان.

لە چەندین ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی ماددە لەسەر مافی چارەی خۆنووسین هاتووە لەوانە:

* ڕێککەوتنامەی «ڤیینا» لە ساڵی ١٩٦٩مافی چارەی خۆنووسین اعتبار دەکات وەکو قاعیدەیەکی قانونی پاڵپشت بە قەواعیدی قانونی نێودەوڵەتی گشتی و قبوڵکراوی ڕای جیهانی.

* ڕێککەوتنامەی «هلسنکی» لە ساڵی ١٩٧٥ کە ٣٣ وڵاتی ئەورووپی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا واژۆیان لەسەر کردووە و لە ١٠ مەبادئ پێکهاتووە و مەبدەئی هەشتەم تایبەتە بە مافی چارەی خۆنووسین.

مافی چارەی خۆنووسین لەگەڵ گەشەی مێژوویی و شارەستانی پەرەی پێدرا و لە ئێستادا وەکو قاعیدەیەکی ئامیرەی نێودەوڵەتی اعتباری هەیە و مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

مافی چارەی خۆنووسین بەپێی دەستوری عیراقی:

بەشێوەیەکی گشتی هیچ قاعیدەیەکی دەستوری بە ئاشکرا هیچ ماددەیەکی نەهێناوە کە ڕێگری لە ریفراندۆم و داواکردنی مافی چارەی خۆنووسین بکات، هەروەها لە ئەسڵدا ئەو بابەتە ڕێگەپێدان (اباحە)یە و ڕێگەنەدان پێی دەبێتە جیاکاری، لە لایەکی تریشەوە هیچ ماددە و باسێکی دەستوری و قانوونی نییە کە ڕێگری بکات لەوەی لە هەرێمی کوردستان ریفراندۆم و گشتپرسی ئەنجام بدرێت.

پێویستە باس لەوە بکرێت کەوا لە دیباجەی دەستوری عێراقی بەرکار ٢٠٠٥ هاتووە کەوا «ئێمەی گەلانی عێراقی بە هەموو پێکهاتە و کەمایەتییەکانەوە بە ئازادی و ڕای خۆمان

باس لەوە دەکرێت کە عێراق وڵاتی فرە قەوم و پێکهاتە و بیروباوەڕە، ئەوە داننانێکە بە بوونی قەومی جۆراوجۆر کە بەپێی میساق و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر قەومێک مافی چارەی خۆنووسینی هەیە.

بەم جۆرە، دەردەکەوێ کە گەلی کوردستان بەپێی پەیماننامە و چارتە نێودەوڵەتییەکان خاوەن مافی چارەی خۆنووسینە

بڕیاری اتحادی عێراقمان داوە»، کەواتە پێکهاتەی عێراق لەسەر تەنیا گەلێک دانەمەزراوە بەڵکو لە دیباجەکەدا باس لە گەلان و پێکهاتە و کەمینەکان دەکات کە بە هەموویان عێراقیان پێکهێناوە.

لە ماددەی «١» دەستوری عێراقیدا باس لە عێراق وەکو دەوڵەتێکی فیدراڵی بەو سیغەیە دەکات « دولة اتحادية واحدة» کە لە کۆمەڵێک کیان و پێکهاتە دروست بووە و دەکرێت لە ئەنجامی فەشەلی ئەو نیزامە ئەگەر مافی پێکهاتەکانی نەپاراست گەلان و پێکهاتەکان پەنا ببنە بەر وەسائیلی تر لە پێناو پاراستنی مافی خۆیان.

لە ماددەی «٣» باس لەوە دەکرێت کە عێراق وڵاتی فرە قەوم و پێکهاتە و بیروباوەڕە، ئەوە دانانێکە بە بوونی قەومی جۆراوجۆر کە بەپێی میساق و بریارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر قەومێک مافی چارەی خۆنووسینی هەیە.

بەم جۆرە، دەردەکەوێ کە گەلی کوردستان بەپێی پەیماننامە و چارتە نێودەوڵەتییەکان خاوەن مافی چارەی خۆنووسینە.

هەر بۆیە، عێراق و هەر وڵاتێکی دیکەی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان، کە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەردوو پەیمانی مافە شارستانی و سیاسییەکان و مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی ساڵی ١٩٦٦یان واژۆ کردووە، دەبێ پابەند بن بەوەی گەلی کوردستان مومارەسەی مافی چارەی خۆنووسین بکات و لەم بوارەدا ئاسانکاری بکەن. هەر جۆرە ڕێگرییەک لە بەردەم ئەم مافە، بە پێشێلکردنی ڕێسا چەسپاو و فەرمانکەرەکانی یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێ، بەڵام کیانی سیاسی کورد نەیتوانیوە ئەو مافە فەراهەم بکات و شێوازی داواکردنی ئەو مافەی لە کاتی گونجاو و دۆخی لە باردا بەکارنەهێناوە، لە ساڵی ٢٠٠٣ دیفاکتۆیەک دروست بوو بۆ کورد کە دەیتوانی لە عێراقێکی لاوازدا ئەو مافە مومارەسە بکات، هەروەها لە کاتی جەنگی داعش کیانی سیاسی کورد زیاتر لە ٩٠٪ خاکی هەرێم بە ناوچە دابڕێنراوەکانی لە دەستدا بوو دەیتوانی ئەو مافە لەو کاتەدا مومارەسە بکات، بەڵام نەبوونی سوپایەکی نیشتیمانی بەهێز و ژێرخانی ئابووری و بونیادنەنانی ئابووری و داراییەکی تۆکمە نەتوانرا ئەو مافانە مومارەسە بکرێن، بەدەر لەو دوو هۆکارە تا ئێستا کورد نەیتوانیوە لۆبی و عیلاقاتێکی بەهێز دروست بکات کەوا پاڵپشتی وڵاتانی خۆرئاوا و ئەمریکا بەدەست بهێنێت هەروەها خراپی ڕەوشی مافی مرۆڤ و تیرۆری چەندین رۆژنامەنووس ڕێگر بووە لە وەرگرتنی پاڵپشتی نیودەوڵەتی.

تەوەری سێیەم: مەرجەکانی وەرگرتنی مافی چارەی خۆنووسین:

لە زۆرینەی ڕێککەوتنامە نێودەوڵیەکان وەکو « ڤیینا» ، هلسنکی» و بڕیارەکانی نەتەوە

یەکگرتووەکان لە باسی مافی چارەی خۆنووسیندا باس لە گەلانی داگیرکراو کراوە، ئەو مافە پەیوەستە بە پێکهاتە، گەل، کەمایەتی و کۆمەڵ و گروپ، وە مافەکە دەبێت داوا بکرێت و ئیرادەیەک هەبێت، مەرجەکان ئاوا باسکراون:

* دانیشتووانی هەرێمێکی داگیرکراو یان لە ژێر دەستەی دەسەڵاتێکی دەرەکیدا بن..

* بوونی گەل و پێکهاتەی جیاواز کە لە ڕووی ناسنامە و کەلتورەوە جیاواز بن و دەسەڵاتێک کۆنترۆڵیان بکات و ڕێگریان لێبکات کە موماڕەسەی ئەو مافە بکەن.

* بوونی بابەتی پێشێلکاری قەومی و ڕەگەزی و پێکهاتەیی، واتە دەوڵەت یان دەسەڵات لەسەر بنەمای جیاوازی قەومی، پێکهاتەیی و ڕەگەزی و ناسنامە و ڕەنگ گروپەکان بچەوسێنێتەوە.

* بوونی ئیرادە و داخوازی سەربەخۆیی لە لایەن ئەو گەلەوە یان کۆمەڵەوە بەمەبەستی وەرگرتنی سەربەخۆیی یان دەرچوون لەژێر زۆرداری بیانی.

تەوەری چوارەم: میکانیزمەکانی داواکردنی مافی چارەی خۆنووسین:

بەشێک لە شارەزایانی یاسای نێودەوڵەتی پێیانوایە مافی چارەی خۆنووسین لەگەڵ ئەوەی مافێکی جێگیرکراوی هەر پێکهاتە و گەل و نەتەوەیەکە و دەتوانن موماڕەسەی ئەو مافە بکەن، پێویستیش دەکات موماڕەسەی ئەو مافە بە کۆمەڵێک ڕێکار بێت و ئەگەر بەپێی ئەو ڕێکارانە نەبێ ئەوا موماڕەسەی ئەو مافە سەرکەوتوو نابێت و ڕێکارەکان لە ژێر اشرافی هەیئەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت.

میکانیزمەکان بریتین لە:

* بوونی ڕێککەوتنێکی پێشوەختە یان ئامادەکاری لەسەر گرتنەبەری ڕێکارەکانی ڕاپرسی (استفتاء) بەمەبەستی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی.

* دەبێت ڕاپرسی (استفتاء) و ڕێکارەکانی بە یاسا و لە چوارچێوەی یاسای نێوخۆیی ئەنجام بدرێت.

* پێوستە پرۆسەی ئەنجامدانی ڕاپرسی (استفتاء) بە شەفافی و ئاشکرا ئەنجام بدرێت.

* دەبێت دەوڵەتی دایک یاخود ئەو دەوڵەتەی کە لێی جیا دەبێتەوە دان بە ئەنجامی ڕاپرسیدا بنێت و اعترافی پێبکات.

* دەبێت دەوڵەتانی هاوسێ ئەنجامی ڕاپرسییەکە بەمەبەستی سەربەخۆیی قبوڵ بکەن و اعتراف بە کیان و پێگەی دەوڵەتە نوێیەکە بکەن.

کەواتە ئەو میللەتانەی داوای مافی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆییان دەکرد دووبەشن: بەشێکیان ئەوانەن لەژێر دەستی ئیستیعماردا بوون، ئەوانە پێیان گوتراوە موستەعمەرە، زۆربەی بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەوانە دەگرێتەوە هەر لە ماددەی (١) و (٥٥)ی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان تا دەگاتە بڕیاری ١٥١٤ی هەمان دەزگا ئەوانە ئەو پۆلەن کە مافی چارەنووس دەیانگرێتەوە. هەرچی بەشی دووەمە ئەو میللەتانەی کە کەوتنە ژێر دەستی دەوڵەتێکی تازە دروستبوو لەوانە: خواروویی سودان و کوردستان و فەلەستین و کۆسۆڤۆ و تەیمور و تامیل و کشمیر و باسک و میللەتی کوردیش بەسەر ٤ دەوڵەتدا دابەشکرا و هیتر... ئەوانە بەڕوونی و یاساییانە ناکەونە چوارچێوەی مافی چارەنووس، بەڵکو لەباشترین دۆخیان ناویان نراوە مافی جیابوونەوە.

لەو قۆناغەدا پێویستە کورد لە ڕێگەی بەردەوامی کارکردن لەسەر ڕێککەوتانەکانی ڤیەننا، هلسنکی و قەرارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کار بکات تا ئەوەی دۆزی کورد بکاتە دۆسیەیەکی نێودەوڵەتی.

کۆدەنگی و یەکانگیری ناوخۆ زۆر گرنگە و پێویستە بەزوویی کۆنگرەی نەتەوەیی لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە ئەنجام بدرێت و هەماهەنگی لەنێو باشوور، باکوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەبێت، کارکردن لەسەر ئەو کارەسات و ڕوودداوانەی بەسەر گەلی کورد هاتوون لە جینۆسایدی ١٩٨٨، کیمیاباران، جینۆسایدی یەزیدیەکان و شەڕی داعش وەک بەڵگەیەک کە هەمیشە کورد لەژێر سێبەری دەوڵەتانی تر دەچەوسێنرێتەوە.

- کارکردن لەسەر زیندووکردنەوەی پەیماننامەی سیڤەر لەبەرامبەر کاریگەرییە نەرێیەکانی ڕێککەوتنامەی سایکس بیکۆ، چونکە لە پەیماننامەی سیڤەر بەڵێنی سەربەخۆیی بە کورد هەبووە.

- پشت بەستن بە کۆنگرەی مۆنتیڤیدیۆ لە ساڵی ١٩٣٣ کە بەپێی ڕێککەوتنەکە ئەو گەلانە خاوەنی پێکهاتەی خۆیان و، جوگرافیای خۆیانن، حکومەت و توانای عیلاقاتیان هەبێت دەبێت مافی سەربەخۆییان پێبدرێت.

- زۆر گرنگە کورد وەکو هەرێمێک یان خاکێکی موستەعمەرە خۆی بناسێنێت بۆ ئەوەی بەئاسانی بتوانێت سوود لە اتفاقیات و ڕێککەوتنەکان وەربگرێت.

سەرچاوەکان:

١- ماددەی (١) لە دەستوری هەمیشەیی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

٢- المیثاق الأفریقی لحقوق الانسان والشعوب، اجیر فی نیروبی، ١٩٨١.

٣- اتفاقیة هلسنکي ١٩٧٥ فی اوروبا.

٤- مبدأ (٨) اتفاقیة هلسنکی ١٩٧٥.

٥- بڕگەی ٢، بەندی یەکەم، میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان ١٩٦٠.

٦- اسعد مفرج ولجنة من الباحثین: موسوعة العالم السیاسیة، مطبعة Nobilis ، بیروت ٢٠٠٦.

٧- د. عصام العطیة: القانون الدولي العام، الطبعة الثانیة: المکتبة القانونیة، بغداد ٢٠١١.

٨- د. مایکل رۆبن، و. د. پشتیوان فەرەج: هەستانەوەی کوردستان، تێڕامان لە کورد و وڵاتانی دراوسێ و هەرێمەکە، ئەمیریکان ئینستیتیوت، ٢٠١٦.

٩- د. نعمان أحمد الخطیب، الوسیط فی النظم السیاسیة والقانون الدستوري، دار الثقافة للنشر والتوزیع، عمان٢٠٠١.

١٠- د.ستار عزیزی: حمایت از اقلیت ها در حقوق، چاپ أول: انشارات نور العلم، همدان١٣٨٥ .

١١- د.ماجد راغب الحلوا، الاستفتاء الشعبي والشریعة الإسلامیة، الدار الجامعیة للطباعة والنشر٢٠٠٥.

١٢- سید احمد طباطبایی و داود محبی انجدانی: حقوق بین الملل و تشکیل کشور مستقل فلسطینی، تهران ١٣٩٣.

١٣- شادمان مەلا حسن: ڕیفراندۆم لەنێوان هەڵەو ڕاستیدا، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٠.

١٤- عبدالله ئۆجەلان، و. لوقمان عبدالله: مانیفیستۆی شارەستانی دیموکراتیک، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٩.

١٥- ماک. ایفر: الدولة الحدیثة، مطبعة اوکسفورد، لندن ١٩٢٦.

١٦- محمد ملا عزەت: کوردستانی عیراق و ریفراندۆم چۆن و بۆچی و بەرەو کوێ، چاپی یەکەم: ئاڵای ئازادی، ٢٠٠٣.

١٧- مسعود عبدالخالق: موسوعة جودی، چاپی دووەم: نوسینگەی تفسیر، ٢٠١٧.

١٨- مەسعود بارزانی: بۆ مێژوو، چاپی سێیەم، هەولێر: تشرینی دووەمی ٢٠٢٠.

پرۆفایل:

سەلمان عبدالله کاکە ملا (سەلمان کۆچەری)

- لە دایک بووی چوارقورنە ١٩٨٥.

- بەکالۆریۆس لە یاسا و زمان و ئەدەبی ئینگلیزیدا.

- مامۆستای قوتابخانەی ئامادەیی.

- ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان.

- سەرنووسەری سایتی ستاندەر.

ڕێگرەکانی بەردەم سەربەخۆیی بوونی کوردستان

عەزیز موستەفا عەزیز نواوەیی

گەورەترین بەربەست لە سەرەتای دروستبوونی میژووی دەوڵەتان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ڕێگربووە لەسەربەخۆیی بوونی کوردستان ڕێککەوتنامەی (سایکیس پیکۆ) یە کە تێیدا تاکە گەلێک لەو بلۆکەدا دەوڵەتی پێ ڕەوا نەبینرا گەلی کورد بوو، کوردستانی گەورە بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش کرا لە کاتێکدا لە ڕێککەوتنامەی سیڤەردا باس لەوە کراوە کە کوردەکان لە ژێر دەوڵەتاندا نا سەقامگیر بوو ئەوا ڕێگە دەدرێت کوردەکان داوای مافی چارەی خۆنووسین بکەن، بەڵام ئەو ڕێککەوتنامەیە کارا نەکرا. لە ئێستادا بەپێی چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ماددەی (١) و (٥٥)ی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان هەتا دەگاتە بڕیاری ١٥١٤ مافی چارەی خۆنووسین گەلانی موستەعمەرە دەگرێتەوە، کەوایە دەبێت کورد لە باشووری کوردستان خۆی بەگەلێکی موستەعمەرە بناسێنێت و کاری نێودەوڵەتی لەسەر بکات، یان دەبێت لە ڕێگەی دروستکردنی لۆبی و داواکاری بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو مافە زامن بکات، ڕێگای تر ئەوەیە دەبێت لە ڕێگەی دانوستان لەگەڵ دەوڵەتی دایک بگەنە ئەنجام کە ئەو پرسە بۆ باشوور قورسە، لە لایەکی ترەوە دەکرێت ئیدارەی هەرێم لە ڕووی ئابووری و سەربازی و کۆدەنگی ناوخۆ خۆی تووند بکات تا ئەوەی بەهێزییەوە ئەو قەرارە بدات. تاکو ئێسا وڵاتانی ئیقلیمی پرسی سەربەخۆیی بوونی کورد لە باشوور بەکێشە و ناسەقامگیری بۆ سەر وڵاتەکانیان و سیادەی دەوڵەتەکانیان دەزانن کە ئەوە ڕێگرییەکی کاریگەرە لەبەردەم باشووری کوردستان.

یەکەم: هۆکارە نێوەوڵەتی و هەرێمییەکان:

بڕیارێکی هاوشێوەی کۆدەنگی لەسەر هەیە لەزۆربەی وڵاتە دیموکراسییە ڕۆژئاواییەکان کەباس لەپێویستی داننان بەمافی کەمە نەتەوەییەکان یانی گەلانی تر دەکات سەبارەت بەدیاری کردنی مافی چارەنووسیان، بەڵام کۆڕایی تەواوەتی نییە سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم مافەیان جگە لەپێدانی مافی حکومڕانی بەڕێژەی

جیاواز لەسەر ئاستی هەرێم یاخود پارێزگاکان. لەژێر ڕۆشنایی ئەمەدا ئەوڕوپای ڕۆژئاوا گۆڕانکاری هەمەجۆری بەخۆوە بینی لەگەڵ گەشەکردنی ڕۆڵی وڵاتە تازە گەشە کردووەکان. بە نموونە کاتێک بەلجیکا سیستەمی کۆنفیدراڵی پیادە کرد لەساڵی ١٩٩٣دا، وڵاتی ئیسپانیا دانی نا بە یاسای سیستەمی لامەرکەزی کارگێڕی فراوانخواز بەڵام لەژێر ڕۆشنایی یەک پارچەیی وڵاتەکەیدا لەساڵی ١٩٧٨، هەروەها بەریتانیا حوکمی خۆجێیی ئۆتۆنۆمی دا بە ئسکۆتلەندا و شاری غال لەساڵی ١٩٩٨، بەڵام بەبێ بەشداری پێکردنیان لەپۆستە سیاسییە باڵاکاندا لەسەر ئاستی گۆڕەپانی وڵات.

ئەم وڵاتانە سەرکردایەتی ئەم پڕۆسە بەردەوامە دەکەن بەمەبەستی دووبارە نەخشاندنی سنووری ناوخۆیان و دووبارە ئاشنابوونەوە لەگەڵ ڕۆڵی دەستەڵاتە ناوەندییەکاندا بەجۆرێک هاوتەریب بێت لەگەڵ بەدیهێنانی خواستەکانی کۆمەڵگا ناوخۆییەکان و پارێزگاریکردن لەسەر یەکپارچەیی وڵات لەڕووی جوگرافی وئابوورییەوە.

پاڵپشتی هەرێمیی بۆ بزووتنەوە جوداخوازەکان و داخوازییەکانیان بۆسەربەخۆیی هۆکارێکی گرنگە بۆ ئاسانکاری دانوستانە سیاسییەکان لەگەڵ وڵاتانی نەتەوەیی . بێگومان یەکێتی ئەوڕوپا ڕۆڵێکی تەوەرەیی گێڕاوە لەچوارچێوە دروستکردن بۆداخوازییەکانی جوڵانەوە نەتەوەییە ئەوڕوپییەکان بەوەی خستونیەتە ناو چوارچێوەیەکی هەرێمیی فراوان بەجۆرێک وای کردووە فشاری جودابوونەوە لە وڵاتی خانەخوێ کەمتر بکاتەوە و پارێزگاری بکات لەپەیوەندی نێوانیان بەڵام لەئاستێکی باڵاتری ڕێکخستنی کارگێڕی ناوخۆیی. سیاسەتی یەکێتی ئەوڕوپا هەڵدەستێت بەپەرەپێدان لەبواری هاندانی ئابووری ناوخۆ لەوڵاتانی ئەندامی، بێگومان دامەزراوەکانی داهاتێکی زۆر گل دەدەنەوە بۆدووبارە سازدانی ژێرخانی ئابووری لەزۆرێک لەناوچە دوورەکانی ئەم وڵاتانە، ئەمەش زاراوەی ناوچەکانی ئەوڕوپای بەسەردادەبڕێت.

ڕۆڵی یەکێتی ئەوڕوپا لەهاندانی جوڵانەوە جودا خوازەکان خۆی لەدوو خاڵدا دەبینێتەوە، یەکەمیان: هەرێمە بچوکە نەتەوەییە ئەندامەکان دەتوانن پەرە بەبەرژەوەندییەکانیان بدەن لەسەر ئاستی سەرووی نیشتیمانی لەمیانەی خۆنواندنی بەپەرلەمانی ئەوڕوپا ئەمە وێڕای دامەزراوە داراییەکانی تریش. دووەم: یەکێتی ئەوڕوپا بەڵگە و خواستەکانی جوڵانەوە جودا خوازەکان

دەکرێ چاو بخشێنرێتەوە بەم پەیوەندییانەدا لەگەڵ زۆرترینی هاوپەیمانێتییە نزیکەکان ئەوانیش بریتین لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی یەکێتی ئەوڕوپا

هەروەها سەرکەوتوو نەبوو لەدامەزراندنی شورایەکی سیاسی کۆمەڵایەتی سەربازی پۆڵاین کە دەستکەوتە باڵاکانی هەرێم بپارێزێ، ئەمەش کاتێک بینیمان ئەم شورایە لەبەر یەک هەڵوەشا لەیەکەم مەترسی وبەرەنگاری هەروەک چۆن لەڕادەستکردنی کەرکوک ڕوویدا

بەهەند وەردەگرێت لەڕووی ئابووریییەوە، ئەمەش لەمیانەی دڵنیایی لەبەردەوامی پەیوەندییە بازرگانییەکان لەگەڵ وڵاتی دایک، وە لە میانەی سوود وەرگرتن لە هاوکارییەکانی یەکێتییەکە. بەڵام لەسەرئاستی کوردستانی عێراق پاڵپشتی و پشتیوانی پێویست نییە لەئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆ سەربەخۆیی کوردستانی عێراق، سەرەڕای ئەوەش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داوایان لە دەستەڵاتدارانی هەولێر کرد کە ئەم ڕاپرسییە دوابخەن، پاشان هەر یەکە لەوڵاتانی تورکیا و ئێران و وڵاتانی کەندا و پاڵپشتی خۆیان بۆحکومەتی ناوەند دەربڕی لەناکۆکییەکانی ئەم دواییانەی لەگەڵ هەرێم.

دەستەڵاتدارانی هەرێم بەهەڵەداچوون لەحساباتی پاڵپشتی نێودەوڵەتی و ناوچەیی بۆ سەربەخۆیی، هەروەها لەکاتی بانگەشە بۆ کردنیشیدا کۆمەڵێک هەڵەی بەرچاویان ئەنجامدا، ئەم هەڵە سیاسییانەش ڕەنگدانەوەی خۆی هەبوو لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و بووە هۆی دابەشبوونی زیاتر لەنێوان پارتەکاندا. دواجار بێگومان دەرکەوت ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان پڕۆژەی پارتی دیموکراتی کوردستانە و بەدیاریکراویش پڕۆژەی تایبەتی مەسعود بارزانییە، ئەمەش بەشێوەیەکی سروشتی بووە هۆی دابەزین و کەمبوونەوەی قەبارەی پشتیوانی نێودەوڵەتی و ناوچەیی، هەروەکو زۆرێک پێشبینیان کرد لەحاڵەتی ئەنجامدانی ڕاپرسی سەربەخۆیی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرنگترین شتێک کە لەجوڵانەوەی نەتەوەیی کوردی دامااڵراوە و بوونی نییە بریتییە لە نەزانینی سنوور و ڕۆڵ و پێگەی خۆی لەڕۆژهەڵاتدا.

دووەم: هۆکارە ناوخۆیی وەدەرەکی و دیبلۆماسیەکان:

بێگومان کۆی ئەم بارودۆخ و بەرهەڵستی و لێککەوتە هەرێمی و نێودەوڵەتییانە هەرێمیان خستە نێوان دوو بژاردە کە هەردووکیان دژوار بوون بە نسبەت هەرێمەوە:

یەکەم: ڕازی بوون بە دەوڵەتی هاونیشتیمانی لەعێراقدا، ئەمەش بێگومان زۆر دژوار و مەحاڵ بوو بەنسبەت هەرێمەوە، دوای سەد ساڵ لەحوکمڕانی تەوژمە سیاسییە جیاوازەکان و لەژێر دەستەڵاتداری حزبە ئاینی و مەزهەبی و قەومییەکان.

دووەم: بژاردەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی کەملکەچی دووهۆی بنچینەیی دەبێت ئەوانیش یەکەمیان هۆی ئابووری سیاسی، دووەمیشیان نێودەوڵەتی و هەرێمی بەدیاریکراویش وڵاتانی دراوسێی پەیوەندی دار لە:تورکیاو ئێران وسوریا.

أ-هۆکارە ناوخۆییەکان:

لە بواری گەشەسەندن و ئابووری حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی هەرێم لەساڵی ٢٠٠٣وە نەیان توانیوە ژێرخانێکی ئابووری ئەوتۆ بنیات بنێن کەخزمەتی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتی داهاتوو بکات ئەوەی کەپەیوەندیدارە بە ئاسایشی خۆراک بەڕاددەی پێویست (کشتوکاڵ و پیشەسازی و وزە)، بەڵکو زیاتر کاریان کردووە لەسەر بنیاتنانی کۆمەڵگای نیشتەجێ بوونی بازرگانی و خزمەتگوزاری ناتەواو بە تایبەتیش پەیوەندیدار بەکارەبا و ڕێگاکان و گواستنەوە و تەندروستی و فێرکردن، ئەمەش ئەوەبوو کە دەرەنجامەکانمان بینی لەم دواییانەدا، هەروەک چۆن سەرکەوتوو نەبوو لە بەگەڕخستنی تواناکانی سوتەمەنی بەتایبەتیش پەترۆکیمیایی و پیشەسازی خۆراکی و دامەزراوەیی و داودەرمان بەبەراورد لەگەڵ زۆروزەبەنی سەرچاوە سروشتییەکانی لەساڵی ٢٠٠٣ وە، لەڕووی لایەنی سیاسیشەوە، وێڕای بەدیهاتنی چەندان حکومەتی هاوپەیمانی، بەڵام ئەم هاوپەیمانێتییە نەبووە هۆی بنبڕکردنی ناکۆکی و ململانێیە حزبییەکان، هەروەها سەرکەوتوو نەبوو لەدامەزراندنی شورایەکی سیاسی کۆمەڵایەتی سەربازی پۆڵاین کە دەستکەوتە باڵاکانی هەرێم بپارێزێ، ئەمەش کاتێک بینیمان ئەم شورایە لەبەر یەک هەڵوەشا لەیەکەم مەترسی وبەرەنگاری هەروەک چۆن لەڕادەستکردنی کەرکوک ڕوویدا.

ب ـ هۆکارە دەرەکییەکان

وێڕای ئەو سەرکەوتنانەی کە بەدی هاتن لە پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا بە ڕێژەیەکی بەرچاو هەروەها لەگەڵ ئێرانیش بەڕێژەیەکی کەمتر، هەروەها لەگەڵ سوریاش بە ڕێژەیەکی کەم، بەڵام لەدوای ئەنجامدانی ڕاپرسی کەموکوڕی و ناتەواویی زۆر دەرکەوتن، خاڵی دژبەیەکی زۆر دەرکەوتن تایبەت بە پەیوەندی لەگەڵ ئەم وڵاتانە، ئەمەش لە کاتێکدا حکومەتی هەرێم کاری نەکردبوو بۆ دروستکردنی پەیوەندی تر لەگەڵ پێکهاتە سیاسییە چالاک و کاریگەرەکان و خاوەن فشار لەژێرخانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەم وڵاتانە، بە نمونە لە لایەنی ئابووری و بەرهەمهێنان ئەم پەیوەندی و پڕۆژە و بەرژەوەندییانەی نێوان هەرێم و هەر یەکە لە وڵاتەکانی تورکیا و ئێران نەگەیشبووە ئاستێک کە حکومەتەکانیان ترسیان لەسەر بەرژەوەندییەکانیان هەبێت، ئەمەش چونکە زۆربەی پڕۆژەکان ستراتیجی و کاریگەر نەبوون کە ببنە هۆی دروستکردنی فشاری سیاسی،

لەبەرئەوە هاوشانی حکومەتی عێراقی کەوتنە دژایەتی کردنی هەرێم و پڕۆژە ڕاپرسییەکەی، بەم پێیە دەکرێ چاو بخشێنرێتەوە بەم پەیوەندییانەدا لەگەڵ زۆرترینی هاوپەیمانێتییە نزیکەکان ئەوانیش بریتین لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا.

سەرچاوەکان:

١- الیو قرنق: الحق فی استقلال عبر التقریر المصیر بالتطبیق علی تجربة جنوب السودان، الجزیرة، ٣ ینایر ٢٠١٩.

٢- سنان حتاحت: مفارقات الحرکات الانفصالیة الأوروبیة والقومیة الکردیة، ٣٠ أب ٢٠١٨، الجزیرة.

٣- کفاح محمد کریم: سیاسة الحکومة العراقیة اتجاه الکرد منذ اعلان العراق حتی الاستفتاء، الجزیرة: ایلول ٢٠١٨.

٤- مهند سلوم: الواقع السیاسي الکردي والتأثیرات الاقلیمیة والدولیة، الامارات، اب ٢٠١٨.

٥- حقائق حول کردستان العراق والاستفتاء علی الانفصال»، الحیاة، ٢٥ سبتمبر/أیلول ٢٠١٧، (تأریخ الدخول: ٢٦ سبتمبر/أیلول ٢٠١٧): http://www.alhayat.com/article/٨٨٨٦٠٥/

٦- الخطیب، لؤي، «أزمة نفط کردستان دستوریة ولیست سیاسیة»، معهد بروکینغز، ٢٤ فبراير/شباط ٢٠١٤، (تأریخ الدخول: ٢٠ نوفمبر/تشرین الثاني ٢٠١٧):-https://www.brookings.edu/ar/on-the-record/

٧- د. محمود عوسمان، لێدوان بۆ دەزگای ستاندەر، نۆڤەمبەر ٢٠١٧، هەولێر. www.skururd.net

٨- جنوب السودان، CNNArabic.com - الخرطوم تعترف بدولة جنوب السودان دون أبیي نسخة محفوظة ١٣ دیسمبر ٢٠١٣ علی موقع واي باك مشین.

٩- مُعرّف موسوعة بریتانیکا علی الإنترنت (EBID): https://www.britannica.com/biography/Woodrow- Wilson Wilson باسم: Woodrow — تأریخ الاطلاع: ٩ أکتوبر ٢٠١٧ — العنوان : Encyclopædia Britannica.

پڕۆفایل:

عەزیز موستەفا عەزیز (عەزیز نواوەیی)

- ساڵی ١٩٧٥ لە نواوە لە دایك بووە.

- بەکالۆریۆس لە یاسا لە زانکۆی ڕاپەڕین.

- پسشە: پارێزەر.

- لە ڕانیە نیشتەجێیە.

هەڵکەوتەی ستراتیژی جیۆسیاسی کوردستان و لێکەوتەکانی

ڕەوا موسا

لە زانستی جیۆپۆلەتیکدا بەپێی هەڵکەوتە و سیفەتە جوگرافییەکەی لە هەسارەکەماندا لێکۆڵینەوە لە پێگەی ستراتیژی هەر وڵاتێک دەکرێت، ئەمەش چەندین بوار و لایەنی جیاواز دەگرێتەوە کە هەریەکە لە لق و سیفەتە جوگرافییەکان کاریگەری جیاوازی لەسەر هەر لایەنێکی دیاریکراوی سیاسی وڵاتەکە دەبێت و لە کۆتاییدا پێگەی ستراتیژی و ئاستی هەژموونی سیاسی و سەربازی و ئابووری و کەلتووری وڵاتەکەش دیاریدەکات، بێگومان ئاسایشی نیشتیمانیش دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم پێگە ستراتیژە جوگرافییەدا بەهاوپێچ لەگەڵ خواست و کار و کاردانەوەی ئەو سیاسەتەی خودی وڵاتەکە بەڕێوە دەبات. لێرەدا هەوڵ دەدەین لەژێر ڕۆشنایی پێگەی جوگرافی ستراتیژی کوردستاندا شەن و کەوێکی خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکان بکەین.

نەخشەی گریمانەیی کوردستان:

بەرلەوەی باسی پێگەی ستراتیژی هەر وڵاتێک بکەین لە هەنگاوی یەکەمدا پێویستە نەخشەی وڵاتەکەمان لەبەرچاوان بێت، بەڵام ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین کوردستان لەڕاستیدا وڵات نییە. نەخشەی وڵات بەسادەیی واتا سنورە سیاسی و ئیدارییەکانی کە لەژێر بەڕێوەبەریی ڕاستەوخۆی خۆیدایە بەبێ گوێدانە سیستەم و فەلسەفە سیاسییەکەی. نەخشەی هەر وڵاتێک ئەو نەخشەیەیە کە لە نەخشەی سیاسی ئەتڵەسی جیهاندا دەیبینین. بەداخەوە کوردستان لەم نەخشەیەدا بوونی نییە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە کوردستان لەڕاستیدا بوونی نەبێت. کوردستان وەکو پێگەیەکی کەلتووری و نەتەوەیی و مێژوویی بوونی هەیە و کاریگەریان بەسەر ڕووداو و وەچەرخانە مێژوورییەکانەوە هەبووە و هەیە. بۆ ماوەیەکی زۆر دەیان لێکۆڵەری کورد و بیانیی هەوڵیانداوە سنوری کوردستان دیاری بکەن، ئەگەرچی بوونەتە سەرچاوەیەکی باشی زانیاری مێژوویی بەڵام هیچیان لە ئەردی ڕاستی سیاسی نەگۆڕیوە. چونکە هەر لەبنەڕەتەوە ئەم نەخشانە وەکو کەرەستەیەکی تێگەیشتنی جوگرافی بەکاردەهێندرێت نەک ئامرازێکی سیاسی لە ڕێککەوتنێکی سیاسی هەمەلایەنەدا.

بۆیەشە لەئێستادا دیاریکردنی وردی نەخشەی کوردستان هیچ سود و دەسکەوتێکی نابێت و هیچ ڕاستییەکی ڕەها و چەسپیویشی تێدا نییە، لەڕووە زانستییەکەیەوە ئێمە دەتوانین دەستەواژەی (نەخشەی ناوچەی کوردنشین) بەکاربهێنین کە بە سادەیی ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە تێیدا نەتەوەی کورد زۆرینەن یاخود ژمارەیەکی بەرچاو کوردی تێدا نیشتەجێن. دەستەواژەی (نەخشەی کوردستان) دەبێتە نەخشەی ئەو وڵاتەی لەداهاتوودا بەناوی گەلی کوردەوە دروست دەکرێت بەپێی ئەو قەبارە و ڕووبەرەی کە قەوارەکە خۆی کۆنترۆڵی کردووە یان لە ڕیککەوتنێکدا لەسەر کەلاکی وڵاتی بەرامبەر دەیسەپێنێت، ڕەنگە ئەوکاتە نەخشەکە لە نەخشەی ناوچەی کوردنشین زۆر زیاتربێت یاخود کەمتر.

لەحاڵەتی ئێستای بێ دەوڵەتی کوردیدا دەکرێت لەژێر کاریگەری ناوچەی نیشتەجێبوون و هەژموونی نەتەوەیی کوردیدا نەخشەی کەلتوری و جیۆسیاسی کوردستان بخەملێنین کە لە کەنداوی فارسەوە دەست پێدەکات بەدرێژایی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و تۆرۆس تێدەپەڕێت بۆ سنوری باشووری هەرێمی قەفقاس و ژوورەوەی ئەنادۆڵ و هەرێمی دەریای ڕەش (پۆنتوسی جاران)



و هەرێمی دەریای ناوەڕاستی تورکیا(سیلیسیای جاران)، هەروەها خوزستان و هەمەدان تا بەناو ئازەربایجانی خۆرئاوادا دەگاتە هەرێمی ناگۆرنۆ-قەرەباغ. ئەم ناوچانە بەشێکی کورد تێیدا زۆرینەیە و بەشێکی تری پێشووتر تێیدا زۆرینە بووە و ئێستا کەمینەیە، بەشێکی تریشی پێشتر لەژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوا کوردەکاندا بووە و لەئێستادا ئەو کوردانەی تێدا دەژین کە لەناو نەتەوەکانی تردا تواونەتەوە، نزیکیشن لە ناوچە زۆرینە کوردەکان. بۆیە وەک ئاشکرایە هەر دەوڵەتێکی کوردی لەداهاتوودا دروست ببێت لەناو قاڵبی ئەم سنووڕە جوگرافییە دیاریکراوەدا دەبێت، ئێمەش لێرەدا باسی ئەم پێگە جوگرافیە دەکەین بەگشتی و هەرێمی کوردستان و خۆسەری باکوور و خۆرهەڵاتی سوریا(ڕۆژئاڤا) بەتایبەتی.

ڕەهەندەکانی پێگەی ستراتیژی کوردستان

بۆئەوەی لە پێگەی ستراتیژی کوردستان تێبگەین

لە ئێستادا بەهۆی سیاسەتی پراگماتیکانەی ئەردۆگانەوە توانیویەتی بەشێوەیەکی ستراتیژی هاوئاهەنگییەک (synthesis) لەنێوان هەردووک ستراتیژی نیۆ ئۆسمانی و پان تورکی دروست بکات. دووبارە زۆرینەی کوردستانی گەورە دەکەونە بەر ناوچەی سەرنجی ئەم ستراتیژە

پێویستە لە چەندین لایەن و ڕەهەندی جیاوازەوە لە جوگرافیای کوردستان ڕابمێنین، بەم شێوەیە لە ئاستەنگ و خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکانی پێگەی کوردستان تێدەگەین و بەرچاو ڕوونیبان بۆ هەنگاوەکانی داهاتوومان دەبێت.

• کوردستان لە ستراتیژی دەوروبەردا:

• **هیلالی شیعی:** ئێران لە ستراتیژە نوێیەکەی کە لەگەڵ هاتنە سەرکاری خومەینی دەستیپێکرد بڕەودانە بە ستراتیژی شیعەگەرایی لەناوچەکەدا، بەمەش ناوچەی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە خۆرهەڵاتەوە کە هیچ ئومێدی پێشڕەوی تێدا نەما بوو بۆ هیلالی شیعە گواستەوە کە زۆر ئاسانتر دەرفەتی جوڵەکردنی تێدا دەقۆزرایەوە. کوردستانی گەورە بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی کەوتەبەر ئەم ناوچەیەی جوڵە ستراتیژییەوە، هەمیشە هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە عێراقی ژێر هەژموونی شیعە و وەک سەرە ڕێگای گەیشتن بە قامیشلۆ و دێرەزور و حەلەب جێی بایەخی دەسەڵاتدارانی ئێران دەبێت. ڕۆژئاوای کوردستانیش وەک بەربەستێکی جوگرافی لەبەرامبەر هەژموونی زیادبوونی تورکیا و پەرینەوەیان بۆناو هیلالی شیعە پێویستییەکی حەتمییە بۆ ئێران لە دۆخێکدا کە سوریای هاوپەیمانیان بە لاوازی بمێنێتەوە و سەرقاڵی شەڕی گرووپە یاخییە سوننەکان بێت. بەم شێوەیە هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاڤا بەردەوام لە دۆخێکی ناسەقامگیردا دەمێننەوە لەم ناوچەی هەژموونی هیلالەدا، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران بەپێی دۆخە هەنووکەییەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت. بەڵام لەکۆتاییدا لەئەگەری هەولێر و حەسەکەیەکی بەهێز و یەکگرتوودا هاوپێچ پەیوەندییەکی مامناوەند لەگەڵ ئەمریکادا، ئەوا ئێران بەشێوەیەکی گشتی زیاتر خواستی پەیوەندییەکی ئاشتیانەی لەگەڵیاندا دەبێت وەک لەوەی دوژمنکارانە بێت، چونکە وروژاندنی هەولێر و حەسەکەیەکی یەکگرتوو و بەهێز ڕاستەوخۆ لەبەرژەوەندییەکانی ئێران دەدات لە ناوچەکەدا و کەوانەی باکووری هیلالی شیعی کە لە عێراقەوە بەرەو هەولێر و قامیشلۆ و حەلەب دێت لەوێوە بەرەو لوبنان دەڕوات بچوک دەکاتەوە. وە بەپێچەوانەشەوە

لە ئەگەری هەرێمێکی وەک ئێستا کە ناکۆکی و ئاڵۆزی سیاسی تێیدا گەیشتۆتە لوتکە، بێگومان ئێران لەڕێگەی بریکارەکانییەوە لە بەغدا هەوڵی بچوککردنەوە و لەقاڵبدانی دەدات، بەم شێوەیە هاوپەیمانە شیعەکانی عێراق وەک جێگرەوەیەکی باشتر دەبینێت.

• **ستراتیژی نیۆ-عوسمانی:** دەستەواژەی نیۆ-ئۆسمانی دەستەواژەیەکی نوێیە و تایبەتە بە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا. تورگوت ئۆزال بە یەکەمین سەرۆکی تورکیا دادەنرێت کە بەشێوەیەکی پراکتیکی کاری لەسەر کردبێت، ئەمەش بەمانای بڵاوکردنەوەی هەژموونی سیاسی و ئابووری و کەلتوری تورکیا بەناو گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەپای زیندووکردنەوەنەی ئەو هەژموونەی عوسمانییەکان هەیانبوو لەناوچەکەدا(واتا مەرج نییە دەقاودەق دروستکردنەوەی سەڵتەنەتی عوسمانی بێت). ساموێل هانتینگتۆن لە پێکدادانی شارستانییەتەکاندا بەڕوونی باس لەوە دەکات تورکیاییەکان هەڵەیەکی گەورە دەکەن بەوەی سیاسەتی دەرەوەیان بەلای ڕووکردنە یەکێتی ئەورووپادا دارشتووە، ئەو پێی وایە تورکیا شایستەترین وڵاتە رابەڕایەتی جیهانی شارستانیەتی ئیسلامی بکات. بێگومان یەکەمین هەنگاوی تورکیاش بۆ پێ هەڵگرتنەوەی میراتی عوسمانی سەپاندنی هەژموونی خۆیەتی بەسەر هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستاندا، وەک چۆن پێشتریش کوردستان یەکەمین هەنگاوی هاتنی شاڵاوی عوسمانی بوو بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

• **ستراتیژی پان-تورکی:** ئەمەش پڕۆژەیەکی یەکگرتنی میللەتە تورکییە ئۆیغوزییەکانی جیهانە بەتایبەتی تورکە تورکیاییەکان و ئازەر و تورکمانەکانی ناوچەکە، لە ئێستادا بەهۆی سیاسەتی پراگماتیکانەی ئەردۆگانەوە توانیویەتی بەشێوەیەکی ستراتیژی هاوئاهەنگییەک (synthesis) لەنێوان هەردووک ستراتیژی نیۆ ئۆسمانی و پان تورکی دروست بکات. دووبارە زۆرینەی کوردستانی گەورە دەکەونە بەر ناوچەی سەرنجی ئەم ستراتیژە.

• **ماگنا ئەرمینیا:** خەونێکی ئەرمەنەکانە بۆ زیندووکردنەوەی شانسینی ئەرمینیای گەورە کە دەسەڵاتیان بەشێکی زۆری باکووری کوردستان دەگرێتەوە بۆ ماوەیەکیش سەرانەیان لە شانشینی ئەدیابینی هەولێریش وەردەگرت. ئەم خەونەش هەماهەنگە لەگەڵ خەونی ئاشوورییەکان بۆ دروستکردنەوەی شانشینەکەیان لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان. لەڕاستیدا لەکۆتاییەکانی

کارڵ هاوسهۆڤەریش کە بیرمەندێکی سیاسی سەدەی ڕابردووە پێی وایە کوردستان جێگای بایەخێکی گرنگی ڕووسیایە بەتایبەتی ئەو بەشەی کەوتۆتە عێراقەوە بە پێویستییەکی حەتمی دەزانێت کە ڕووسیا ئەم بەشە لەژێر رکێفی بەریتانیادا دەربهێنێت

سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست ئەم دوو پڕۆژەیە بەهێزترین و ترسناکترین پرۆژە بوون لە دژە خاک و هەژموونی کوردەکان، بەڵام بەهۆی شکستە گەورەکانیان لەسەر دەستی شێخ عوبەیدوڵای نەهری و سمکۆی شکاک و کۆمەڵکوژی عوسمانییەکان لەئێستادا ئەم دوو بەرەیە زیاتر وەکو خەونێک باس دەکرێن وەک لەوەی وەکو پرۆژە و ستراتیژێک ناوببرێن. چونکە هەردووک گەل توانای رکابەرییەکی گەورەی لەم شێوەیان لەدەستداوە.

• کوردستان لە ستراتیژی جیهانیدا:

کوردستان لەسەر ئاستی جیهانیدا خاوەنی پێگەیەکی ستراتیژی زۆر گرنگە، لە باس و خواسی لێکۆڵەرانی جیۆپۆلەتیکی جیهانیدا گرنگییەکی تایبەت بەم ناوچەیە دراوە کە لەڕاستیدا کوردستانە ئەگەرچی بەچەندین ناوی جیاوازی خوازراویشەوە ناوی هێندرابێت. بەپێی تیۆرییەکانی ئەلفرێد ماهانی کوردستان بەشێکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەکەوێتە ناوچەی جەرگەی کیشوەرییەوە و بەشە زۆرینەکەی تریشی لە ڕۆخی ناوچەی ستراتیژی کەناریی دایە لەوانە باکووری کوردستان و رۆژئاوا و بەشی لوڕستان، کە بەشێکی زۆر گرنگی وڵاتانی ئاوی جیهانین. لەلایەکی تریشەوە هاڵفۆرد ماککیندەر دووبارە بەشەکەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەخاتە ناوچەی ستراتیژی جەرگستانی کیشوەری جیهانییەوە کە ناوچەی هێزی جیۆپۆلەتیکین، بەشە ماوەکەی تریشی وەکو ناوچەیەکی گرنگی ئاوی ناوەبات کە بەپێی تیۆرییەکانی دەکەوێتە ژێر ڕکێفی ناوچە کیشوەرییەکەی جەرگەستانی جیهانییەوە.

کارڵ هاوسهۆڤەریش کە بیرمەندێکی سیاسی سەدەی ڕابردووە پێی وایە کوردستان جێگای بایەخێکی گرنگی ڕووسیایە بەتایبەتی ئەو بەشەی کەوتۆتە عێراقەوە بە پێویستییەکی حەتمی دەزانێت کە ڕووسیا ئەم بەشە لەژێر رکێفی بەریتانیادا دەربهێنێت.

ئەگەرچی سائول کۆهن پێی وایە ناوچە کوێستانەکانی باکووری کوردستان ناوچەی گرنگی تورکیانین بەڵام بەشێوەیەکی گشتی

کوردستانی بەبەشێک لە ناوچە ناچێگیرەکان داناوە کە ئارامی بەخۆیانەوە نابینن هەتا کێشەی کورد چارەسەر نەکرێت. بەڵام زۆرن ئەوانەی پێیان وایە جیابوونەوەی باکووری کوردستان لە تورکیا پێکهاتەی جیۆپۆلەتیکی تورکیا دەشکێنێت و لەناوی دەبات، لەوانە زبیگنیو بریژینسکی پۆڵۆنی-ئەمریکی و خودی ئەحمەد داود ئۆغلۆی تورکی کە پێیان وایە ناوچە کوردنشینەکان ناوچەیەکی بزۆز و چارەسەرنەبوون و لە حەوزێکی زۆر گرنگ و بێ وێنەی ستراتیژیدا هەڵکەوتوون، داود ئۆغلۆ لەناویاندا باشووری کوردستان دەکاتە ناوەندی ئەم ناوچە کوردیانە کە هەموویان وەکو ناوەندی هێز و بەیەکەوەبەستنی کیشوەری وەسف دەکات. لەژێر کاریگەری ئەم تێگەیشتنەشدا داود ئۆغلۆ پێشنیاری کرانەوەیەکی کەلتوری دەکات لە تورکیادا بۆئەوەی کوردەکان ئاشت بکەنەوە و ڕێگە لە بەکارهێنانیان بگرن لە لایەن هێزە جیهانییەکانەوە لە دژی تورکیا ئەگەرنا تورکیا نابێتە ئەو وڵاتەی خۆیان خەونی پێوە دەبینن. ئیڤ

بەپێی شیکردنەوەکانی پشتەوەی تیۆرییەکەی هانتینگتۆنی لە پێکدادانی شارستانییەتەکاندا بە هاوپێچی توخمە نەگۆڕەکانی جیۆپۆلەتیک کوردستان دەبێتە ناوەندی دڵی شارستانییەتی ئیسلامی

لاکۆستای بیرمەندی فەرەنسیش زیاتر جەخت لە سرووشتە دەوڵەمەندەکەی کوردستان دەکاتەوە کە چۆن تورکیا بە پڕۆژەی گاپ لەسەر حسابی ئاوی کوردستان دەبێتە زلهێزێکی ناوچەیی تەحەدانەکراو، هەروەها کورد دەکاتە سەنتەری تەقینەوەی داواکاری فیدرالیزم لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بە سەرکەوتنی کورد لە پڕۆسەی فیدرالیدا ئیدی سەرجەم پێکهاتە ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بوێری و بیری فیدرالیان لا دروست دەبێت.

لێکەوتە ئەرێنی و نەرێنییەکانی هەڵکەوتەی کوردستان

بێگومان گرنگییە زۆرەکەی جوگرافیای کوردستان بۆ چەندین هۆکاری جیاوازی شارستانی و کەلتوری و فەرهەنگی و جوگرافی و ئابووری دەگەڕێتەوە. کوردستان لەڕووی فەرهەنگییەوە بۆتە بەشێکی گرنگی نەتەوە ئارییەکان کە جێگای سەرنجی نەتەوە خزمەکانیەتی بەتایبەتی لەلای بەلوچ و پەشتون و بەشێکی فارس، هەروەها بەپێی شیکردنەوەکانی پشتەوەی تیۆرییەکەی هانتینگتۆنی لە پێکدادانی شارستانییەتەکاندا بە هاوپێچی توخمە نەگۆڕەکانی جیۆپۆلەتیک کوردستان دەبێتە ناوەندی دڵی شارستانییەتی ئیسلامی و لەئەگەری دروستبوونی دەوڵەتێکی

کوردیدا ئەم دەوڵەتە دەتوانێت بەئاسانی ڕۆڵی ناوەندێتی جیهانی ئیسلامی وەربگرێت بەبێ رکابەرییەکی قورس و ئاڵەنگارییەکی ئەوتۆ، ئەمەش هەرگیز لە بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا لەلایەک و تورکیا و ئێران لەلایەکی تر نابێت. سەرچاوە سرووشتییە دەوڵەمەندەکەشی لە نەوت و گازی سرووشتی و ئاوی شیرینداو بێ وێنەیە لە جیهاندا کە نەک هەر دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردستانی گەورە بگرە هەرێمێکی بچوکی وەکو کوردستانی باشووریش دەکاتە قەوارەیەکی زۆر گرنگ و کاریگەر بەمەرجێک سیستەمی کارگێڕی و سیاسەتی دەرەوەمان گونجاو و بەرنامە بۆدارێژراو بێت.

هەندێک لە سیاسەتمەداران و لێکۆڵەرانی ناوخۆیی پێیان وایە ئەم هەڵکەوتە نەگۆڕە ستراتیژییەی کوردستان هۆکاری یەکەمی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی بووە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی، بەڵام هەندێکی تر کۆمەڵێک هۆکاری تریشی لەپاڵدا ڕیز دەکەن، بێگومان هۆکارگەلی تریش هەن بۆ ئەم پرسە بەڵام ئەمە ئەوە دەردەخات کە سەرجەم لێکۆڵەران کۆکن لەسەر گرنگییە زۆرەکەی ئاخی کوردنشین بەسەر دارشتنەوەی سیاسەتی ناوچەیی و جیهانیدا.

بەهۆی دەورەدرانی بە ملیۆنان کوردی وڵاتانی تری هاوسێ هەرێمی کوردستان خاوەنی قوڵاییەکی ستراتیژییە کە ناوچەیەکی کراوەی دەخاتە بەردەست تا دەرفەتی جوڵاندنی هەبێت لەکاتی پێویستدا، بە قـــەوارە کوردییەکەی ڕۆژئـاوای کوردستـــانیشـــەوە دەبنە قەڵغانێکی پاراستنی زۆر گرنگ بۆ هەرێمی کوردستان

لە خاڵە ئەرێنییەکانی هەڵکەوتی جۆپۆلەتیکی هەرێمی کوردستانیش زۆر شت هەن بیانژمێرین لەوانە:

• دەوڵەمەندی سرووشتی باشووری کوردستان لە سەرچاوەی مرۆیی و کانزاییدا کە دەکرێت وەکو بڕبڕەی پشتی پیشەسازی بەکار بهێندرێن و هەرێمی کوردستان بکەنە هەرێمێکی پیشەسازی دەوڵەمەند و بەرهەمهێنەر، تێیدا بەلایەنی کەمەوە پێداویستی ناوخۆیی پڕبکەنەوە و ئاستی بەرهەمی ناوخۆیی بگەیەنێتە ملیارەها دۆلاری ئەمریکی، بەڕێژەیەکی کەمی دانیشتوانی شەش ملیۆن کەسیشەوە بێکاری و هەژاری لە هەرێمەکەدا بنبڕدەکات.

• زۆری سەرچاوەی ئاوی سروشتی هەرێمی کوردستان بە دروستکردنی کۆمەڵێک بەنداوی نوێ هەرێمەکە دەکاتە عەمبارێکی گەورەی ئاوی شیرین کە مەترسی بێ ئاوی و بێ کارەبایی تێدەپەڕێنێت و هێزێکی سیاسی گرنگیشی پێدەدات.

• هاوپێچی عەمبارە گەورەکەی ئاوی شیرین هەرێم بەهۆی پێدەشت و بنارە بەپیتەکانییەوە توانای ئەوەی هەیە ببێتە بەرهەمهێنەرێکی کشتوکاڵی زۆر گرنگ لە ڕووی باخداری و دەغڵ و ئاژەڵداریشەوە.

• ناوچە نائارام و بزۆزەکەی کوردستانی گەورە هەمیشە دەرفەتی نوێ دەدەنە هەرێمی کوردستان ببێتە بەشێک لە هاوکێشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان و بەمەش بواری فراوانخوازی زۆر گرنگی بۆ هەڵدەکەوێت بێگومان ئەگەر پشت ئەستور بێت بە سیستەمێکی کارگێڕی پێشکەوتووی دوور لە گەندەڵی و هێزێکی سەربازی نشتیمانی ئامادەکراو و ڕاهێندراو.

• بەهۆی دەورەدرانی بە ملیۆنان کوردی وڵاتانی تری هاوسێ هەرێمی کوردستان خاوەنی قوڵاییەکی ستراتیژییە کە ناوچەیەکی کراوەی دەخاتە بەردەست تا دەرفەتی جوڵاندنی هەبێت لەکاتی پێویستدا، بە قەوارە کوردییەکەی ڕۆژئاوای کوردستانیشەوە دەبنە قەڵغانێکی پاراستنی زۆر گرنگ بۆ هەرێمی کوردستان.

بێگومان دۆخی کوردستان بەجۆرێک ئاڵۆزە کە سەرجەم خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکانی هەڵکەوتە ستراتیژییەکەی دەبنە دوو ڕووی یەک دراو و لەکۆتاییدا پەیوەیست دەبنەوە بە گەلی کورد و قەوارەی هەرێمی کوردستان خۆیانەوە. بەڵام لەئەگەری بەڕێوەبردنێکی دوور لەگەندەڵی و چینێکی دەسەڵاتداری نیشتیمانی و هەژموونخوازدا هەرێمی کوردستان سەرەڕای قەتیس بوونیشی بەهۆی نەگەیشتنی بە دەریاوە هێشتا بایی ئەوەندە سەرچاوە و ئامرازی لەبەردەستدایە تا لەڕێییەوە بتوانێت کارەکتەرێکی گرنگی ڕووداوەکانی ناوچەکە بێت. لەهەمانکاتدا چ هەرێمەکە و چ ڕۆژئاوای کوردستان لەسەر ئاستی جیهانیدا لە چەند کاتێکی جیاوازدا بوون بە بەشێک لە خوڵقاندنی ڕووداوەکان کە بەپێی پێگەکەیان سروشتی بووە و دەستی دەرەکی جەمسەرەکانی جیهانی تێدا نەبووە وەک ئەوەی هەندێک بانگەشەی بۆ دەکەن.

سەرچاوەکان:

- مامەند ڕۆژە(٢٠١٢)، پێغەمی جیۆپۆلەتیکا. چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم.

- ئەحمەد داودئۆغلو، قولّایی ستراتیژی، وەرگێڕانی وریا غەفور(٢٠٢٠)، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، چاپخانەی تاران.

- د. شەمالّ قادر منەوەر(٢٠١٣)، جیۆئیکۆنەمیک. دەزگای تەفسیر.

- بەرزان ئەحمەد کوردە(٢٠٢٠)، کورد و دەوڵەت. ناوەندی جەمیل ڕۆژبەیانی.

- د.موفید محمد نوری(٢٠٢٢)، دیدی زانستیانە بۆ دەوڵەتی کوردی. تاران چاپی یەکەم.

McDowall, David. A Modern History - of the Kurds. I.B. Tauris, ١٩٩٦

Walker, Connor. Securing the State: - Identity and Conflict in the Kurdish Diaspora. Palgrave Macmillan, ٢٠١٧.

پڕۆفایل:

ناوی نووسەر: ڕەوا موسا عبدالله.

- ساڵ و شوێنی لەدایکبوون: ١٩٩٨ لە ڕانیە.

- پلەی خوێندن: بەکالۆریۆس.

- پیشەی ئێستا: نووسەر لە بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندن و هۆشیاری نیشتیمانی پێشمەرگە و گۆڤاری فەرمی وەزارەتی پێشمەرگە، ئەندامی دەستەی توێژینەوەی دەزگای ستاندەر لقی ڕانیە، سەرۆکی ڕێکخراوی لاوانی پێشەوا بۆ هۆشیاری نیشتیمانی. خاوەنی چەندین وتار و بڵاوکراوەی سیاسی و سەربازییە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە سەرهێڵی و چاپکراوەکان.

شکستی پەروەردە و ڕۆڵی لە ئیدارەدانی دام و دەزگاکانی هەرێم و ئایندەی کوردستان

حەسەن سەید عومەر

بێگومان لە دونیادا پەروەردە سەرەکیترین و هەستیارترین پاکێجی بواری حکومداری و حوکمڕانانە و ئەوانەی لەو بوارەدا ئیش دەکەن ورد و بە تێبینین و هەمیشە پلانی ستراتیجی ورد و پڕ لەدڵسۆزی و بە دووربینییەکی ورد دایدەڕێژن کە لانی کەم تاکەکانی وڵات بۆ دوو سێ دەیە لەفەلسەفە و ئامانجەکانی شارەزا بن و ڕاددەی بونیانی تاك تێیدا دەستەبەر کرابێت و مرۆڤێکی ئایندە ڕوون و ئامانجدار پێشکەش بکات و چاوساغییەکی تەواوی زانستی و پەروەردەیی و ئینتیمادار لەوڵات پێشکەش بکات، کە ئەمڕۆ باش دەرك بەوە دەکرێت و وڵاتانی پێشکەوتوو مۆدێرن لە ژێر ڕۆشنایی ئەو پلانە سترتیجییە فەلسەفییەی بۆ پەروەردە دایدەڕێژن هەنگاوەکانی دیاری دەکەن و مۆڵکی گەلە و هەموو بەرپرسیارییەتییەکی یاسایی و ئەخلاقی و ئاینی ڕەچاو دەکرێت .. بۆیە دەگوترێت سیستەمەکە هی میللەتە نەك هی وەزیرێك و خولی وەزارەتێك و هەر قۆناغێك بۆن و تامی وەزیر و وەزارەتێك بدات ! کە ئەمە بەداخەوە لە کوردستان لە نزیکەی دوو دەیەی ڕابردوو بەتەواوی هەستی پێکرا و گۆڕانکارییەکان مەدروس و ستراتیجی نەبوون و بگرە لە هەندێك قوناغ ئەوەندەی تاکیان هێنایەوە دواوە لە ڕووی پەروەردەیی و زانستی نەیتوانی قوتابی بکاتە خاوەن ڕوئیا و دونیابینی خۆی و لەجیهانی نەخوێندەواری پەروەردە و فێرکردن ڕزگاری بکات !

کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندی پڕ لە سامانی ماددی و مرۆییە، بەڵام بەداخەوە نەتوانراوە ئەو سەروەتە ماددی و مرۆییانەی کۆمەڵگاکەمان بکرێنە دەرچەیەکی ڕزگاری نیشتیمانی و بونیاتنەر بۆ بەدیهێنانی وڵاتێکی پێشکەتووی خاوەن ئیدارە و ئیرادە! بەڵکو ساڵ بەساڵ بارگرانی مرۆیی گەورە دەکەوێتە سەرشانی هاوڵاتییەکانی و کەڵەکە دەبن و بەشێکیان لەسەر شانی تاك و میللەت

ئەگەر خەمخۆران و دڵسۆزان نەیەنە خەت و خۆیان لە بابەتەکە نەکەنە خاوەن خۆێندن لەهەرێمی کوردستان تەنها دەبێتە بابەتێك بۆ تێپەڕاندن و گلەیی لەکۆڵخۆکردنەوە!

بوونه قەیرانی وێرانکەر کە بەداخەوە لە لوتکەی پڕکێشەترین سێکتەرەکانی وڵات سێکتەری خوێندن و پەروەردەیە، بەجۆرێك لەزۆرێك لە قۆناغەکاندا بێکەس و کار و بێپشتیوانە و هیچ لایەنێکی دەسەڵات خۆی ناکاتە خاوەنی!

ئەمە ئەگەر بە وردی سەرنجی بدرێت دەبینین چۆن پشتگوێخستنی ئەو سێکتەرە هەستیارە بۆتە هۆی ئەوەی بارگرانی بخاتە سەر تەواوی سێکتەرە سەرەکییەکانی تری وڵاتیش و گرفت و قەیرانەکانیان ئەوەندە مەترسیدار دەربکەون تا ئاستی بێهیوابوون! لەوانە سێکتەری ئیدارەدانی ئابووری و بەرهەمهێنان و ژینگە و تەندروستی و گشت خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەك ڕێگەو بان و گواستنەوە و ئاو و کارەبا و ..هتد تەنانەت زۆرێك لە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان گەیشتوونەتە قۆناغی پەککەوتن و نەمان بەتایبەت ڕێگەوبانەکان و پاراستنی ژینگە و نەمانی هەستی بەرپرسیاریەتی و ئینتیما!

ئەگەر ئێمە وەك تاکێکی دڵسۆز خەمخۆری بواری پرسی پەروەردە و فێرکردن بێین گفتوگۆی ئەم بابەتە بکەین و بە چەند دێڕێك قەیرانەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن بخەینە ڕوو دەبینین زۆر مەترسی دارن و ئەگەر خەمخۆران و دڵسۆزان نەیەنە خەت و خۆیان لە بابەتەکە نەکەنە خاوەن خۆێندن لەهەرێمی کوردستان تەنها دەبێتە بابەتێك بۆ تێپەڕاندن و گلەیی لەکۆڵخۆکردنەوە!

لەدوای قۆناغی گەشەسەندنەوەی دووبارەی گەلان و هاتنەکایەی پێشکەوتن و داهێنانە ناوازەکانی کۆمەڵگاکان و ڕێکخستنی کاروبارە ئیدارییەکان و بەڕێوەبردن و حوکمداری و دابەشکاری وردی سیستەمەکانی ژیان و بەدامەزراوەییکردنی گشت سێکتەرەکان بەتایبەت سێکتەری پەروەردە، وایکرد حوکمڕانان لە وڵاتانی دواکەوتوو توشی خەجاڵەتی و شەرمەزرای ببن. چونکە ئەو وڵاتە گەشەسەندوو و پێشکەوتووانەی ئەمڕۆی جیهان ئیدارە دەکەن لەڕووی داهێنانەکانیان بەرەنجامی ئەو جوهد و تێکۆشانەیان بوو، کە بۆ بواری پەروەردە و فێرکردن و مامۆستا و قوتابی و خوێندکاری وڵاتەکەیان خەرجیانکرد و خەرجی دەکەن و هەر قوتابییەك لەوڵاتەکەیان وەك کورِ و کچی خۆیانە و ناشتوانن وانەبن، چونکە پڕۆسەی مرۆڤ بوون لەوڵاتەکانیان لەڕێگەی پڕۆسەی پەروەردەوە کراوە بەکلتور و کۆیلەبوون لەناخی پەروەردەی تاکەکانیان دەرهێنراوە، بەتایبەت ئەگەر تەنها لەچوارچێوەی وڵاتەکەی خۆشیدا بێت مرۆڤێکی ئازا و ئازادە.

کەچی لەم وڵاتەی کە حوکمڕانی کورد ٣٣ ساڵە حوکمی تێدا دەکات موچەی ١٠ ساڵی مامۆستاکانی حەپەلۆش دەکات و دیاریش نییە مەسیرِی مامۆستا و پەروەردەکاران بەرەو کوێ

هیچ جۆرە گونجانێکی دەروونی بۆ قوتابی ناسازێنن تا ئەو زانستەی ناو کتابەکانیش وەربگرن نەك شتی زیاتر! ئەمڕۆ نزیکەی ٢ ملیۆن قوتابیمان هەیە لەهەر ١٠٠ قوتابخانەیەك ٧٥ قوتابخانەی دوو دەوامی تێدا بکرێت چون دەتوانرێت مێشکی قوتابی بشلقێنی و لەو سندوقە داخراوەی بیرکردنەوەکانی دەریبهێنیت بەرەو ئایندە سازی و بیری نوێ؟!

دەڕوات و ئاسۆی ژیانکردنێکی سەربەست و ئارام لەبەردەمی هەموان لێڵە ! چۆن دەتوانرێت تاکێکی خاوەن ڕوئیا و بیر و مەبدەئی ئاسا بونیات بنرێت؟! ئێستا کەساڵی ٢٠٢٤ ڕە و جیهان ڕۆژ بەڕۆژ داهێنانی زانستی و ناوازە پێشکەش بە مرۆڤایەتی دەکات، کەچی ئێمە تازە بەتازە باسی نەبوونی بینایەی خوێندن و زیادبوونی ژمارەی قوتابی دەکەین! قوتابخانە و ناوەندە ئەکادیمییەکانی جیهان لە شێوازی پێشکەشکردنی هۆکار و تەکنیکە نوێکان پێشبڕکێ دەکەن کەچی قوتابخانەکانی ئێمە دەرگایان پێوە نییە و ئەمنیەتی هەندەسییان نییە، نەك هەر ئەمە سەیرتر لەوە ئەوەیە لە ٪٧٥ قوتابخانەکانمان دوو دەوامین! بینای کۆنن و نەگونجاون بۆ پەروەردە و فێرکردن و بەشێکیان بینای پۆلیس و سجن و دەوائیرە جیاوازەکانی سەردەمی ڕژێمی بەعسن کە هیچ جۆرە گونجانێکی دەروونی بۆ قوتابی ناسازێنن تا ئەو زانستەی ناو کتابەکانیش وەربگرن نەك شتی زیاتر! ئەمڕۆ نزیکەی ٢ ملیۆن قوتابیمان هەیە لەهەر ١٠٠ قوتابخانەیەك ٧٥ قوتابخانەی دوو دەوامی تێدا بکرێت چون دەتوانرێت مێشکی قوتابی بشلقێنی و لەو سندوقە داخراوەی بیرکردنەوەکانی دەریبهێنیت بەرەو ئایندە سازی و بیری نوێ؟!

لەکۆی ٥٧٧١ قوتابخانە زیاتر لە ٤٠٠٠ قوتابخانە دوو دەوامین و بێگومان قوتابخانەی سێ دەوامی و چوار دەوامیش حزوری هەیە! لەکاتێکدا لانی کەم لە ئێستادا پێویستمان بەدروستکردنی ٣٠٠٠ هەزار بینایەی نوێ هەیە بۆ تەنها یەك شت ئەویش دانیشتنی سەرەتایی قوتابییە بەشێوەیەکی ئاسودە لەسەر کورسی خوێندنی خۆی نەك زیاتر . بێگومان پرسەکانی پەروەردە تەنها بینا نییە، بەڵکو چەندان گرفتی تر حزوری هەیە کە ڕێگرن لەوەی پەروەردە و فێرکردن لەم وڵاتەدا ببێتە داینەمۆی بونیاتنانی وڵاتێکی پڕ سەروەری لە دروستکردنی کادیری خاوەن توانای داهێنان و ئیداری و بونیاتنەر کە گۆڕانکاری ڕیشەیی لە عەقڵیەتی حوکمڕانی دروست بکات و کوردستان لەوڵاتێکی بەکارهێنەری بێئیش و کارەوە بکاتە وڵاتێکی بەرهەمهێنی خاوەن کار کە هەموو گونجانەکانی وڵاتێکی بەرهەمهێنی

لە ٪ ٦٠ بۆ ٪٧٠ گەنجانی دەرچوو لە خوێندن لە کوردستان بیر لەهەندەران و دورکەوتنەوە لەوڵاتەکەی خۆی دەکاتەوە

تێدایە هەم لەڕووی سامانە زۆر و زەوەندەکانی سروشتی و هەم لەڕووی توانا مرۆییەکەوە کە زۆر ڕوون و دیارە کە قوتابیانی کورد ئەگەر لایان بەلادا بکرێتەوە چەندە بەتوانا و داهێنانسازن لەبواری زانستی و گەنجان و قوتابیانی لەدونیای پێشکەوتن دانەبڕاون بەڵکو بێناز و بێکەس و بێ پشتن و پێویستیان بە خاوەنداری ڕاستەقینە هەیە کە بێگومان ئەویش حکومەت و ئیدارەیەکی نیشتمانی نەبێت ناتوانێ ببێتە ئەو هێزە کە نەوەکانی داهاتوو پشتی پێ ببەستن ..

خوێنەری سەنگین ئەو وتارەی بەندە لەکاتێکایە کە حکومەتی خۆماڵی ٣٣ ساڵە حکومداری دەکات کەچی ساڵانە نەك تەنها پۆلی خوێندن نییە بەڵکو کتابی تێدا خوێندن نییە و کارەبای هۆڵەکانی خوێندن نییە چارەسەری کێشەکانی قوتابخانەکان بە کەس و کاری قوتابی و خێرخوازی چارەسەر دەکرێت، قوتابی تەخەروج دەکات و دەکەوێتە فەزایەکی فراوانی بێئومێدی لە بێکاری و دەستنەکەوتنی هیچ هەلێك بۆ دروستکردنی ژیان، بۆیە تا ئێستاش لە ٪ ٦٠ بۆ ٪٧٠ گەنجانی دەرچوو لە خوێندن لە کوردستان بیر لەهەندەران و دورکەوتنەوە لەوڵاتەکەی خۆی دەکاتەوە کە ئەوەش لە وازهێنانی ڕێژەیەکی زۆری قوتابیان لەخوێندن و دەستبەرداربوونیان لەخوێندن خۆی دەبینێتەوە، تەنانەت وازهێنانی هەزاران مامۆستا کە وازیان لە پیشەی مامۆستایەتی هێناوە و وڵاتیان جێهێشتووە!

هەموو ئەمانە وادەکات دڵسۆزانە بە دەسەڵاتداران بڵێین بووەستن خراپتان کرد لەشێوازی حوکمڕانیتان و وڵات و هاوڵاتییەکانیتان بریندار کرد، زیاتر ئازار بە وڵات و ڕووحی نەوەکانی ئەو وڵاتە مەگەیەنن و توشی بێ ئومێدی و بێ ئینتماببوونیان مەکەن ئەوانیش مرۆڤن و دەیانەوێت داهێنەر و زانستخواز و پێشەنگ بن، ئەگەر کوڕان و کچانی ئێوە مرۆڤن ئەوا کوڕان و کچانی ئێمەش مرۆڤن ئەگەر کوڕان و کچانی ئێوە کوردن ئەوا کوڕان و کچانی ئێمە کوردن ئەگەر کوڕان و کچانی ئێوە مسوڵمانن ئەوا کوڕان و کچانی ئێمەش هەروا؟!

ڕژێمی بەعس ٣٧ ساڵ ستەمی لێکردین و عودەی و قوسەی نیشتیمانیان کۆنترۆڵ کرد، چیدی بوار مەڕەخسێنن عودەی و قوسەی دروست ببنەوە و ببنە هەموو شت و منارەکانی کوردێکی هەژاری ئەم وڵاتەش نەبێتە خاوەنی هیچ ! ئێوەش ٣٣ ساڵە حوکمداریەکی ناڕوونی پەرتەوازە و پڕخوێن و پڕ قەیرانتان بەڕێکرد!

وەرن ئاوێزانی خەڵك و گەلەکەتان ببنەوە و دڵسۆزانە بێنە مەیدان و قوتابخانەکان ئاوەدان بکەنەوە، ئەو شوێنە بکەنە داینەمۆی گۆڕانکاری و واز لە تیکتۆکەوان و سناپچاتوان و فەیسبوك و پەیجی سێبەر و ڕاگەیاندنی فریودەر و کادیری ماستاوچی و خزمەتکاری فلیپینی و مۆدێلی ئێرانی و تورکی و سویدی ..هتد بێنن، وەرنەوە ئامێزی میللەت و بەپەروەردە و سیڤی و بڕوانامە و هەلی کار و گەڕاندنەوەی نرخی مرۆڤ بوون بۆ ئینسانی کورد، خۆتان خۆشەویست بکەنەوە کە خەریکە لەبەرچاوی خەڵك نامۆ دەبن.

دڵنیا بن پەروەردە و فێرکردنێکی سەرکەوتوو کوردستانێکی ئازاد و ئازا و خاوەن ئینتیما و تاکێکی خاوەن باوەڕمان پێشکەش دەکات، نەك ئەوانەی کە ئاماژەمان پێدان کە هەموو وزەکانی وڵاتتان پێدان و جگە لە لەدەستدانی خەڵك و خاکی کوردستان هیچیان پێنەبەخشین .

گرنگترین سەرچاوەکان:

١- قاموس المصطلحات السياسية والاقتصادية والاجتماعية / سامي ذبيان وآخرون

٢- التربية الاسلامية /محمد قطب.

٣- پەیجی فەرمی وەزارەتی پەوەردە.

٤- رؤية مستقبلية لتطوير مجال أصول التربية في ضوء الاتجاهات الحديثة، إعداد أ.د/ جمال رجب محمد عبد الحسيب

أستاذ أصول التربية، كلية التربية للبنين بأسيوط، جامعة الأزهر.

٥- ڤەیجی صوت کوردستان / بابەتی:مختارات، نص دراسة عن مصير إقليم كوردستان والتحديات التي تواجهه.

پڕۆفایل:

حەسەن سەید عومەر سەیدعەزیز لۆتەری

- لەدایک بووی : ١٩٨١ لۆتەر/ بنگرد.

- بەکالۆریۆس لەزمانی عەرەبی.

- مامۆستا لە زانکۆی ڕاپەڕین.

- سکرتێری ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان.

لەمپەرەکانی بەردەم ئەبدەیت بوونەوەی دام ودەزگا و ئەنجومەنەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێم لە ئێکسپایەر بوون

موحەممەد عەزیز لۆتەری

ڕێ خۆشکردن:

لەمپەرەکان فرە ڕەهەند و هەمە چەشنن، بێگومان لەم سەردەمەدا کە هەڵبژاردن تاکە سەرچاوەیە بۆ هەموو ئەو گەل و لایەنانەی دەیانەوێ قەوارە و سەروەری وهەژموونیان هەبێ، بۆیە هیچ لایەنێک بوێری ئەوەی نییە کە بەڕاشکاوی بڵێ هەڵبژاردن و کاندید کردن وەک پرۆسەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی سەرلەبەری ڕەت دەکەمەوە، بەڵام ئەم کارە بە یەکێک لەم شێوانە دەکەن:-

- تیرۆرکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن بە فۆبیای سەربازی و ئەمنی، ئەویش بە بەلاڕێدابردنی پرۆسەی هەڵبژاردن بە هۆی دکتاتۆریەت و تاکڕەوی و خۆسەپاندن بە هەڕەشە و زەبر و زەنگ و گرتن و بەکارهێنانی هێزی میلیشیا و پاڵدانی تۆمەتی تیرۆر بۆهەر کەس و لایەنێک کە دژیان بێت.

- تیرۆرکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن بە فۆبیای ناو و ناوبانگ و فۆبیای دارایی ئەویش بە بەکارهێنانی موزایەدەی خەباتی شاخ و کوردایەتی و خزمەتگوزاریەکانی حکومەت بۆ بەهێزکردنی پێگەی حزبی دەسەڵات و هەڕەشەی نان بڕین لە هەرکەسێ سەر بەوحزبە نیە لەم پێناوەشدا دەیان هەزار لە کوردی پارچەکانی دیکە کراونە هاوڵاتی هەرێم و سەدان هەزار مووچە خۆری بن دیوار لە بەرژەوەندی حزبی دەسەڵات کراونە مووچەخۆر و سەدان هەزاری تر بەمیلیشیای ئەم حزبانە بە بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە بەخێو دەکرێن تا بەم دەنگانە هەمیشە ئەو حزبە خۆسەپێن و گەندەڵانە لەدەسەڵات بمێننەوە.

- تیرۆرکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن بە فۆبیای دینی ئەویش بە گومان دروست کردن لەسەر ئەوەی کە پرۆسەی هەڵبژاردن لە ڕووی دینییەوە حەرامە و بکەرەکەی کافر دەبێ، ئەم فۆبیایەش لای چینی دیندار و پابەند بە ئیسلام دەبێتە هۆی بایکۆت کردنی بەشداری لە هەڵبژاردن.

بێگومان ئەم دۆخە پاڵی بە زیاتر لە یەک لەسەر چواری دانیشتوانی هەرێمەوە ناوە و بوونە بەرەی بایکۆت و سوور بوونیان لەسەر بەشدار نەبوونی هەر پرۆسەیەکی دەنگدان و

تەقەللایەکی یاساییە بەمەبەستی دیاریکردنی ئەو سیستەمەی لەو سەردەمە دەکرێتە دەستوور و لیست و لەچوارچێوەی ئەودەستورە کەسێک یان زیاتر لەکەسێک کاندید بکرێن بۆ سەرۆکایەتی، یان ئەندامێتی لە ئەنجومەنێک یان ئەندامێتی لە سەندیکا و یانەیەک

نەرێنی بوون لەبارەی سیاسەت بەگشتی وپێ هەڵخلیسکانی ئەو ئاپورایە زۆرە کەحەق بدەنە خۆیان ئەوەی بایکۆتی هەڵبژاردن نەکا بە کافر و لەدین دەرچووی دابنێن.

من لەبەر هەستیاری و ترسناکی بابەتی چوارەم کە لەمپەری فۆبیای دینییە تەنیا باسەکە بۆ ئەوە تەرخان دەکەم.

هەڵبژاردن و کاندیدکردن لەنێوان قبوڵکردن و ڕەتکردنەوە لە شەریعەتی ئیسلامدا:

هەڵبژاردن و کاندیدکردن لەزمانی عەرەبیدا چاوگەکەی - نخب - واتە لێگرتن وهەڵبژاردن و لێک هەڵاوێردن.

ئیبن منظور: پێی وایە کە الانتخاب: بە هاومانای الاختیار و الانتقاء دێ، بە دەستەی هەڵبژێردراوان دەگوترێ النخبة - ژێگرتە کە کۆمەڵێک کەسانی بەربژێرکراون.

د.تەرهونی دەڵێ: کەواتە هەڵبژاردن - الانتخاب- میکانیزمێکە کەناکرێ حوکمی لەسەربدرێ هەتا نەزانرێ چی و کێ و بۆچی هەڵبژێراوە، واتە هۆکارێکە بە مەبەستەکەی چاکی وخراپی و دروستی و نادروستییەکەی دەردەکەوێ.

جا کە - الانتخاب - و- الاختیار- هاومانا بن دەبێ بزانین واتای الاختیار چییە؟

لە فەرهەنگی تاج العروس دا هاتووە: الاختیار هەڵبژاردنی باشترین و پڕخێرترین کارە خێرەکانە - هو طَلَبُ خَیْرُ الأَمْرَیْن-. کەواتە ئیختیارکردن واتە هەڵبژاردنی خێرترین و باشترینەکان لە ناو کۆمەڵێک بەربژێری باش وخێردا. وە ئەو کەسەی هەڵبژاردنەکە دەکا دەبێ ئازادی تەواوی بدرێتێ لەهەڵبژاردن و زۆرلێکراو نەبێ و ناچار نەکرابێ.

پێناسەی زاراوەی -الاختیار - لەڕووی شەرعییەوە:

هەڵبژاردن بەمەبەستگرتنی باشترین کرداری لەناوکۆمەڵێک کردەی بەربژێری باشدا.

د.تەرهونی دەڵێ: ئەوەی جێی سەرسامیە ئەم زاراوەیەی هەڵبژاردن و کاندیدکردنە ئەوەندە ئاڵۆزکراوە کە دەیان دەستەی بڕیاری کافربوون و هەڵگەڕانەوە لە دین و بوون بە موشریکیان بەسەر

بکەرانی هەڵبژاردندا داوە، هەندێکی دیکەش بە کردارێکی ڕێپێدراو و شەرعی و ئەرکێکی واجب و فەرزێکی دینییان داناوە!!

جا چونکە ئەم زاراوەیە زاراوەیەکی نوێی داهێنراوە لەکۆندا بەو شێوەیە نەبووە، بۆیە فەرهەنگە یاساناسەکان وایان ناساندووە کە تەقەللایەکی یاساییە بەمەبەستی دیاریکردنی ئەو سیستەمەی لەو سەردەمە دەکرێتە دەستوور و لیست و لەچوارچێوەی ئەودەستورە کەسێک یان زیاتر لەکەسێک کاندید بکرێن بۆ سەرۆکایەتی، یان ئەندامێتی لە ئەنجومەنێک یان ئەندامێتی لە سەندیکا و یانەیەک.

هەروەها بەوەش پێناسە کراوە کە کردارێکی فەرمیە بۆ بەربژێرکردنی کەسێک تاکو پۆستێکی فەرمی لە ئەستۆ بگرێ.

پێناسەی سێیەم دەڵێ: ڕێگایەکە تیایدا هاوڵاتیان بەگشتی، یان بەزۆرینە ڕەزامەند دەبن، بەمەش ئەو کەسە دەناسرێ کە شایستەی دەسەڵات گرتنە دەستە. گوتراوە: هەڵبژاردنی بریکارەکانە لەلایەن میللەتەوە تاکو ببنە نوێنەری میللەت. وە دەشگوترێ: هەڵبژاردنێکە کەتیایدا ئەو کەسانە دەناسرێن کە شایستەی ئەوەن هەڵبژاردنیان هەبێ.

بێگومان زانین ودارشتنی پێناسەیەکی گشتگیر

جوێنی و ئیبن تەیمیە و زۆرێکی تر ئەم شێوازە کە هەڵبژاردنی زۆرینەیە لەهەموویان بەباشتردەزانن، ڕای زۆرینە تەنانەت بۆ ترجیح و پارسەنگ کردنی فەرموودە و ڕاوبۆچوونی زانایانیش کاریگەرە و ئەو فەرموودەیەی زۆرینە دیگێڕێتەوە دەبێتە متەواتر و باشتر وەردەگیرێت

بۆئەم زاراوە داهێنراوە زۆر پێویستە چونکە گوتراوە حوکم دان بەسەر دروستی و نادروستی هەر کارێک لقێکە لە وێناکردنی ئەو کارە. هەتا ئێستاش لە ناو عەرەب بە سەندیکا دەڵێن نەقابە، واتە ئەنجومەنی نەقیبەکان..

کەواتە ئەم زاراوەیە لە خودی خۆیدا بێزراو و ڕەتکراوە نییە، چونکە بنچینەی هەڵبژاردنی نوخبە و باشترین و پڕخێرترین خێرەکانە لەناو کۆمەڵێک کەسی نوخبە و بەربژێر وخێرۆمەند و باشدا. کێشەکە لەخودی زاراوەکەدا نییە، بەڵکو کێشەکە لەو هەڵبژاردنەیە کە مرۆڤی ڕێگاپێدراو بە هەڵبژاردنی هەم باش و هەم بەدکاریدا دەیکا. چونکە بنچینەی هەڵبژاردن هەڵبژاردن و بەنوخبەکردنی باشترینەکانە. بەڵام ئەو باشترینە لە دەروونی هەرتاکێکدا بەستراوە بەڕادەی شارەزایی و پێگەیشتوویی ئەو کەسەوە.

هەرخودی هەڵبژاردنی کەسێک بۆ لە ئەستۆگرتنی پۆستێک لە ئیسلامدا بەچەندین شێوە کراوە:

١- بەشێوەی دیاریکردنی کەسەکە لەلایەن دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن جا ئەو دەسەڵاتدارە پێوەری بۆ ئەو دیاریکردنە لە ئیسلامدا لێهاتوویی ئەو کەسەیە بۆ ئەو پۆستە. نمونە وەک دیاریکردنی سەرکردەی سریەکان و کۆکەرەوانی زەکات و جێنشین لەمەدینە لەکاتی ڕۆیشتن بۆجیهاد... هتد لەلایەن پێغەمبەرەوە صلی الله علیه وسلم. لەمەشدا سەروەرمان خەڵکی شایستەی لەشوێنی شیاو دادەنا، بۆنمونە ئەبو زەڕ کە دەفەرموێ ڕاستگۆترین یاوەرە بەڵام هیچ بەرپرسیاریەکی پێنەدا چونکە دەیزانی کە بۆ قیامەتی باش نییە.

سەروەرمان وارع و خۆپارێزەکانی نەدەکردە سەرۆکی سریە و کەتیبەکان چونکە دەیزانی سریە و کەتیبەکان ماندوو دەکەن، بڕوانە سیرە بزانە سەروەرمان علیه السلام کەسانی وەک حەمزە و زەیدی کوڕی حاریسە و جەعفەر و خالید و عەمری کوڕی عاسی دەکردە سەرۆکی سوپایەک کە تەنانەت هەندێ جار عومەر و ئەبوبەکر سەربازبوون تیایدا. هەروەها خەلیفەکانی ڕاشید دوای سەروەرمان بەهەمان شێوە کارەکانیان ڕایی دەکرد، وە زۆر جار هەڵسەنگاندنیان بۆ کەسەکان ڕاجیایی تێدا بوو. بەنمونە ئەبوبەکر زۆر ڕای لەسەرکردایەتی خالید بوو، بەڵام عومەر ڕای لێ نەبوو. ڕەخنە لە عوسمان دەگیرا کە خزمەکانی بۆ لەئەستۆگرتنی پۆستەکان دیاری دەکا، هەمان ڕەخنە ئاڕاستەی معاویەش کراوە.

٢- یان کۆمەڵێک دەسەڵاتداری ڕاپەڕێنەر پێکهاتن لەسەر هەڵبژاردنی ئەوکەسە بۆ ئەو پۆستە بە ڕاوێژ لەگەڵ خەڵکی خاوەن ڕاوێژ. وەک ڕاوێژی سەروەرمان صلی الله علیه وسلم بە ئەبوبەکر و عومەر بۆ دانانی سەرۆک بۆ خێڵی بەنی تەمیم، عومەر ئەقرەعی کوڕی حابس ی پێ باش بوو، بەڵام ئەبو بکر قەعقاعی کوڕی معبدی دیاری کرد. زانایان دیاریکردنی خەلیفە ئەبوبەکر بۆ خەلیفایەتی لەجۆری دووەم هەژمار دەکەن.

٣- چەند کەسێکی تامەزرۆ بەو پۆستە کێبەرکێ دەکەن، یان کێبەرکێکە بە ڕێگەی سەرکەوتنیان دەبێ لە تاقیکردنەوەیەک، جا سەرکەوتوو لەو کێبەرکێیە پۆستەکەی پێ دەدرێ.

کە لەجەنگی ئوحود سەروەرمان صلی الله علیه وسلم، هەندێ لەیاوەرانی لەبەر کەم تەمەنی نارەوە ماڵ، یەکێک لەوانەی نارەیەوە سمرةَ کوڕی جندب بوو، بەڵام مۆڵەتی دایە رافع ی کوڕی خدیج، سەموڕە چوو بە مامی گوت بابە خۆ من لە زۆرانبازی رافع دەدەم بەزەویدا، بۆ

ئەو وەردەگرن و من دەنێرنەوە ماڵ؟ سەروەرمان، صلى الله عليه وسلم زۆرانبازی پێکردن وسەموڕە ڕافعی دابەزەویدا،بۆیە ڕێگا بەسەموڕەش درا کەلەوجەنگە بەشداربێ..

هەروەها سەروەرمان صلى الله عليه وسلم ئەو سەحابە گەنجەی کردە سەرۆکی وەفدی سەقیف کە هەمووشیان بەتەمەن بوون، چونکە گەنجەکە سوڕەتی بەقەڕەی لەبەربوو. وە دەرچوونی عوسمان لەنێوان شەش کاندید کراوەکە بۆ خەلیفایەتی لەبەر کۆمەڵێک تایبەتمەندی کە لە عوسمان دا هەبوون.

٤- بە پێی ڕای زۆرینە کە ڕا و بۆچوونیان لە هەڵبژاردنی خاوەنی ئەو پۆستە وەردەگیرێ.

لەو بابەتانەی کەلە پێش ئیسلامیش ڕای زۆرینەی خەڵکی لەسەر بوو بێ، لەدوای هاتنی ئیسلامیش ڕێز لێگیراو بوو، سەروەرمان ئەو حەسانە و پارێزبەندییەی عبدالله کوڕی ئوبەی هەیبوو کەپێش هاتنی ئیسلام زۆربەی ئەوس و خەزرەجەکان کۆک بوون کە بیکەنە سەرۆکی خۆیان، بەهۆی ئەو بڕیارەیان ئەم پیاوە لەزۆر سەرپێچی کە دەیکرد لە سزادان دەبەخشرا. وەک لەسیرەی ئیبن ئیسحاق ئاماژەی پێکراوە.

وە هەڵبژاردنی نۆ نەقیبی خەزرەج و سێ نەقیبی ئەوسی بەزۆرینەی ئامادەبووانی پەیمانی عەقەبە هەڵبژێردران و ئەویش لەم شێوازە بوو. هەروەها گێڕانەوەی ژن و کچەکانی هەوازنیش هەربەڕێگەی ڕای زۆرینە بوو.

جوێنی و ئیبن تەیمیە و زۆرێکی تر ئەم شێوازە کە هەڵبژاردنی زۆرینەیە لەهەموویان بەباشتردەزانن، ڕای زۆرینە تەنانەت بۆ ترجیح و پارسەنگ کردنی فەرموودە و ڕاوبۆچوونی زانایانیش کاریگەرە و ئەو فەرموودەیەی زۆرینە دیگێڕێتەوە دەبێتە متەواتر و باشتر وەردەگیرێت.

٥- تەنیا یەک کەس داوای پۆستەکەی کردووە، یان ئەوانەی کێبەرکێ دەکەن وازیان لەو پۆستە هێناوە بۆ گونجاوترینیان و لێهاتووترینیان، یان بۆ بەدەسەڵاتترینیان، یان لەبەر بەرژەوەندی گشتی... گرنگ ئەوەیە جگە لەو کەس نەما پۆستەکە لە ئەستۆ بگرێت.

ئەم نمونەیە لە هەڵبژاردنی خەلیفەی یەکەم ئەبوبەکردا زۆر بە ئاشکرا دیارە، چونکە ئەبوبەکر تاکە هەڵبژێردراوی بەهێزی کۆی مسوڵمانان بوو لە موهاجیر و ئەنسار و جگە لەو کەس بەئاشکرا خۆی بۆ خەلیفایەتی و جێنشینی دیاری نەکردبوو، دواکەوتنی هەندێک لەسەحابەکان لەبەرئەوە نەبوو خۆ بە بەربژێردابنێن، بەڵکو لەبەر ماتەم و نەخۆشی و هەندێ لەئەنسارەکانیش مەرجی بە وەزیر بوونیان هەبوو لە خەلیفەی هەڵبژێردراو.

٦-هیچ هەڵبژاردن و بەربژێرکردنێک لەئارادا نییە،

بەڵکو کەسێکی بەدەسەڵات و بەهێز دەست بەسەر پۆستەکەدا دەگرێ..ئەو فەرموودەیەی کە موسلیم گێڕاویەتیەوە کەسەروەرمان فەرموویەتی: (إِنْ أُمِّرَ عَلَيْكُمْ عَبْدٌ مُجَدَّعٌ – حَسِبْتُهَا قَالَتْ – أَسْوَدُ، يَقُودُكُمْ بِكِتَابِ اللَّهِ تَعَالَى، فَاسْمَعُوا لَهُ وَأَطِيعُوا). ئەگەر قوڵەڕەشێکیش بوو بە سەرۆکتان مادام بە قورئان فەرمانڕەوایەتیتان دەکات گوێڕایەڵی بن.

نەوەوی و ئیبن حەجەر و کرمانی ئەم فەرمودەیەیان کردۆتە بەڵگە، چونکە قوڵەوکۆیلە کە بەمافی خۆیان بێ مافی ئەوەیان نییە سەرۆک بن، بەڵام مەبەستی فەرموودەکە ئەوەیە کەئەم جۆرە کۆیلە و قوڵەڕەشانە دەسەڵاتیان بەزۆری زەوت کرد با لەپێناوی خۆلادان لەئازاوە گوێڕایەڵیان بکرێ..

هەندێک لەزانایان هاتنی معاویە بۆ دەسەڵات بەم جۆرە دەزانن، چونکە حەسەن بەخۆشی خۆی وازی نەهێناوە، وە وازلێهێنانەکەشی کاتی بووە و تەئجیل بووە نەک ئیلغا، چونکە پێش شەهید بوونی حەسەن وەک تەبەری و ئیبن کەسیر دەگێڕنەوە کەشەش کەس بەربژێربوون بۆ خەلافەت لەدوای معاویە کە ئەوانیش بریتی بوون لە :

١-حەسەنی کوڕی علی. ٢-عبدالله کوڕی عومەر. ٣-عبدالله کوڕی زوبێر. ٤-عبدالله کوڕی عامر. ٥- مەڕوانی کوڕی حەکەم. ٦- سەعیدی کوڕی عاس.

بەڵام دوای شەهیدکرانی حەسەن بەژەهر ئەم پێنجانەی تر نەوێران لەو شورایە بپرسنەوە. کەواتە هاتنی معاویە بە زەوتکردنی دەسەڵات بووە. زۆرێک لەم ڕێگایانەش هەموو لەسونەتدا دەق و گێڕدراوەیان لەسەرهەیە. بەڵام پێم وایە ڕێگای شەشەم کەلە پێوەر و قیاسێک وەرگیراوە لەو فەرموودەیە کە هیچ ئەوە ناگەیەنێت ڕێبازی شەشەم شەرعی و دروست بێ، بێگومان بەدروستدانانی ڕێگای شەشەم شەرعاندنی ستەم و زۆرداری و دکتاتۆری و ڕەتکردنەوەی عەدل و شورا و ڕاوێژە کەئەمەش قورئان ڕەتی دەکاتەوە.

مادام ڕێزگرتنی حاکم لە هاوڵاتیان واجبێکی دینییە لەئیسلام دا، ئەم واجبەش نایەتەدی تا ڕێکارەکانی کاریگەرکردنی هەڵبژاردنی لەلایەن جەماوەرەکەی بەهەند وەرنەگیرێ، کەواتە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕێکارانەش واجبە، وەک چۆن لێدانی خەندەق و دروستکردنی مۆر و دابەشکردنی وڵات بۆ ویلایات و دانانی دیوان و سەری ساڵ و وەزارەتەکان کە هەمووشیان شوێنهەڵگرتنی فارس و ڕۆمی تێدا بووە، بەڵام چونکە مانەوە و بەهێزکردنی ئیسلام ئەو ڕێکارانەی خواستووە، بۆیە لەسەردەمی خۆی لەسەر پێشەوایانی مسوڵمانان واجب بوون

ئەم ڕێگایانە هەموویان وابەستەن بە بارودۆخی سیاسەتی شەرعی، سیاسەتی شەرعی لەسەر چاودێریکردن و هێنانەدی بەرژەوەندییەکان و خۆلادان لە ئاژاوە و پشێوی و بەدکاری دانراوە، جا هەر یەکێک لەم ڕێگایانە ئاژاوەکانی باشتر بنەبڕ دەکرد و بەرژەوەندییەکانی باشتر دەستەبەر دەکرد ئەو شێوازە ڕەچاو دەکرێ، ئەمە گوتەی شاتیبی و زۆربەی زانایانی سیاسەی شەرعیە.

۷- تیرۆپشک کردن لەنێوان هەموو بەربژێرە تامەزرۆکان بۆ ئەو پۆستە، هەرکەسێک تیرۆپشکی بۆدەرچێ ئەو پۆستەکە لە ئەستۆ دەگرێ.

پەیامبەر صلی الله علیه وسلم تیرۆپشکی بەکار دێنا بۆ هەڵبژاردنی ئەو خێزانانەی کە ڕێگەی بەشداریان پێدەدرا لە جەنگ و دەرچوون و گەشتەکانی بۆ دەرەوەی مەدینە. هەروەها تیرۆپشکی لەنێوان ئەنسارەکان دەکرد بۆحەواندنەوەی موهاجیرەکان.

ئایا ئەم هەڵبژاردنەی ئێستا دەکرێ لە کام لەو ڕێگایانە نزیکە:

ئەم جۆرە هەڵبژاردنەی ئێستا هەیە هەر چەندە هەندێک بەڵگەی قورئان و سونەت هەن کە پشتگیری دەکەن، بەڵام لەشێواز و ناوەڕۆک و بەڕێوەبردنەکەیدا شێوازێکی نوێیە و لە ڕۆژئاوا و ئەوروپا وەرگیراوە و لەناو ڕابردووی پێشینان بەم شێوەیە نەبووە. بۆیە دەبێ زانایانی هاوچەرخ هەڵێنجان و قسەی تێدا بکەن.

جارێ لەوڕوانگەوەکەئەمە لەکەسانی غەیرەدین وەرگیراوە،مسوڵمانان لەهەرکوێیەک حیکمەت ولێزانیان دیبێ وەریان گرتوەولەگەڵ شەرعی ئیسلام گونجاندویانە وپەرەیان پێداوە. نمونەش بۆ ئەمە:

۱-هەڵکەندنی خەندەق بە ڕێنمایی سەلمانی فارسی بوو کە گوتی ئێمە کە گەمارۆ دەدراین خەندەقمان هەڵدەکەند وەک ئیبن حەجەر لە فتح الباری باسی کردووە.

۲- لەفەرموودەی دروست ئەنەس دەگێڕێتەوە کە یاوەران کە زانیان سەروەرمان صلی الله علیه وسلم دەیەوێ نامە بۆ پاشاکانی جیهان بنێرێ، گوتیان ئەو پاشایانە نامەی ختم نەکراو ناخوێنەنەوە بۆیە ئەم مۆرەی مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ ی دروست کرد.

۳- لەسەردەمی عومەردا دانانی سەری ساڵی کۆچی و دانانی دیوانەکانی بیت المال و دیوانی جوند لە هورموزانی فارسی وەرگیراوە، وە دابەشکردنی وڵاتی ئیسلامی بۆ چەند ویلایەتێک لەڕۆمەکان وەرگیراوە. تەنانەت تا سەردەمی عبدالملک هەر دینار و سکەی فارس و ڕۆم لەدەوڵەتی ئیسلامی بەکار دەهێنرا. وە کەسیش بەم کارانەی نەدەگوت ئەمە تەشەبوهە بەکافران و وەرگرتن و شوێنکەوتنی

ڕێبازی کافرانە و پێی کافر دەبن. هەروەها ئەوەش دەگەیەنێ کەیاوەران زۆر ئاگاداری ڕێ و ڕەسمی حوکمڕانی وڵاتانی دەوروبەر بوون.

٤- وە لەم سەردەمەش هەموو ڕێکخستن و ڕێزبەندییەکانی زانکۆ و شێوازی بەڕێوەبردنی فەرمانگە و سوپا و ڕێگاوبان و هاتووچۆ لە ئەوروپا وەرگیراوە.

٥- سەروەرمان صلی الله علیه وسلم لە سەحیحی موسلیم کە مستوردی کوڕی شداد دەگێڕێتەوە فەرمووی تارۆژی قیامەت ڕۆمەکان زۆرینەی جیهانن، عەمری کوڕی عاس لەڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێ کەواتە زۆر حەکیمن و پارێزراون لەستەمی دەسەڵاتداران.

جا مادام ڕێگاکانی هەڵبژاردنی حوکمڕان زۆر لەدەسەڵاتە ڕەهاکانی و لەتاکڕەوییەکەی کەم دەکاتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی ستەم و تاکڕەوی و دیکتاتۆری و دەسەڵاتدار پاڵ دەنێ کە لەبەر ئەوەی جەماوەر دەسەڵاتی هەیە لە دانانەوە و بڕیاردانی سەلاحیەت و دەسەڵاتەکانی، بۆیە ئەمیش ڕێز لە جەماوەر و هاوڵاتییەکانی دەگرێت.

مادام ڕێزگرتنی حاکم لە هاوڵاتیان واجبێکی دینییە لەئیسلام دا، ئەم واجبەش نایەتەدی تا ڕێکارەکانی کاریگەرکردنی هەڵبژاردنی لەلایەن جەماوەرەکەی بەهەند وەرنەگیرێ، کەواتە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕێکارانەش واجبە، وەک چۆن لێدانی خەندەق و دروستکردنی مۆر و دابەشکردنی وڵات بۆ ویلایات و دانانی دیوان و سەری ساڵ و وەزارەتەکان کە هەمووشیان شوێنهەڵگرتنی فارس و ڕۆمی تێدا بووە، بەڵام چونکە مانەوە و بەهێزکردنی ئیسلام ئەو ڕێکارانەی خواستووە، بۆیە لەسەردەمی خۆی لەسەر پێشەوایانی مسوڵمانان واجب بوون.

مادام کە هەڵبژاردن نەک هەر پێچەوانەی شەرع وبنەماکانی دین نییە، بەڵکو لە پێداویستیەکانی دینیشە، بۆیە دەبێ هەموو ڕێکارێکی بەڕێوەچوون و پاراستن و بەشداری تێداکردنی بگیرێتە بەر، چونکە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن بە پاکی پاراستنی هەموو مەبەستەکان و مەقسەدەکانی شەرعی تێدایە. بێگومان ئەم جۆرە حوکمە زۆر لەحوکمی پاشایەتی پشتاوپشت و تیروپشکی کە شەرعیش بڕیاری لەسەرداوە و دەسەڵات زەوتکردن بەزۆر چاکترە.

وە دەبێ بزانین زەوتکردنی دەسەڵات و دەسەڵاتی پشتاوپشتیش دوو ڕێگەی ناشەرعین، جا کە ئەنجومەنی نوێنەران بەشەرعدانان دابنرێ، ئەوە لەمێژە هەر لەدوای خەلیفەکانی ڕاشدین، ڕێگا شەرعییەکە گۆڕاوە و بەڕێگای ناشەرعی حوکمڕانەکان گەیشتوونە دەسەڵات و میللەتیش بەناچاری گوێڕایەڵی کردوون..

سەندیکا و شارەوانیەکان هەموو داهێنراون و بەشێوەیەکی فەرمی و بەردەوام وەک پۆست لەناو مسوڵمانان بوونیان نەبووە، تا ئەورۆپییەکان ئەم پۆستانەیان کردە کارێکی پێویست و فەرمی لەناو کۆمەڵگا.

هەرچەندە دەبوو شارەزایانی ئیسلام زۆر پێش ڕۆسۆ و مۆنتیسکۆ و ڤۆڵتێر و....بکەوتنایە، چونکە پێغەمبەرەکەیان علیه السلام بۆ کارە هەرە گرنگەکان نەقیب و عەریفەکانی دادەنان و قورئان باسی نەقیب و عەریفەکان دەکا کە موسا و عیسا علیهما السلام لەناو گەلەکەیان هەڵیان بژاردوون. بەڵام ئەوەی کە فەقیهەکانی ئیسلام نەیانتوانی لەناو قورئان و فەرموودە هەستی پێ بکەن و دەری بێنن و بیکەنە کردار زانایان و کۆمەڵناسانی ئەورۆپا کردیان و تیایدا سەرکەوتوو بوون. تەنانەت قورئان هەڵمان دەنێ کە لەو کەمە هەڵبژێردراوانە بین کە چاکساز و سوپاسگوزار و هەڵبژاردەن. وە سەروەرمان علیه السلام بەوەفدی عبدالقیسی فەرموو ئەم دوعایە بکەن: اللهم اجعلنا من عبادك المنتخبين الغر المحجلين الوفد المتقبلين، کە وەفد و نێردەیەکی هەڵبژێردراو بن واتە لەچاکەکاران بن.

بێگومان ئەوانەی کاری خەڵکی لای کاربەدەستان چاک دەکەن و بەرگری لەمافەکانیان دەکەن پێشەنگی چاکەکارانن.

ئیبن تەیمیە دەڵێ: «پێویستە بزانرێ کە وەئەستۆگرتنی کاروباری خەڵک لەگەورەترین واجیباتەکانی دینە، چونکە نە دین و نە دنیا بەڕێوە ناچن بەبێ ئەو کارە، بەرژەوەندی مرۆڤەکان بەبێ کۆبوونەوە نایەتە دی، کە کۆش بوونەوە بەبێ سەرۆک کۆبوونەوەکەیان بەردەوام نابێت، بۆیە سەروەرمان صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ»: ئەگەر سێ کەس چوونە سەفەرێ با یەکێکیان سەرۆکیان بێ..

جا چونکە دیاریکردنی نوێنەر ئەگەر لەلایەنی دەسەڵات دیاری بکرێ، خەڵکەکە دەڵێن ئەو دەسەڵاتە خۆسەپێنە، بۆیە پەیامبەران هەڵبژاردنەکەیان داوەتە دەستی خەڵکەکە. هەتا ئەو والیانەش کە خەلیفە دیاری کردوون کە بیستوویەتی خەڵک گازندەی لێیان هەیە هەتا ئەگەر لەباشترین کەسانی مژدەپێدراو بووبن وەک سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس کە یەکێک بوو لە مژدەپێدراوانی بەهەشت، بەڵام عومەر لەبەر ئەوەی خەڵک لێی ڕازی نەبوون لەدەسەڵات لای دا.

دکتۆر تەرهونی لێرە نمونەیەک دێنێتەوە و دەڵێ: ئەگەر لەهەڵبژاردنی شارەوانی دوو کەس خۆیان کاندید کرد، یەکێکیان ناسراو بوو، بەئاڕاستەی ئیسلامی و هەموو ژیانی دژی هەموو کارێکی

ناشەرعی بوو، هەردەم لەخزمەت دینداری و مزگەوت و کاری خێر بوو، هەردەم بەدەست و دڵ و زمان چەند توانیبێتی ڕێگری هەموو جۆرە ناشەرعی و مەیخۆری و بەدڕەوشتییەک بوو. کەسەکەی تر بەوە ناسرابوو کەسێکی عەلمانی و دوور لەدین بوو، بەبەربەرەکانی هەموو دیاردەیکی دین و دینداری ناسرابوو، هەردەم خەریکی بڵاوکردنەوەی بەدکاری و گەندەڵی و هەموو جۆرەکانی تاوان بووە لەوشارەدا. ئایا دەکرێ گومان لەسەر شەرعی بوونی کاندیدکردنی مسوڵمانەکە دروست بکرێ و بەناشەرعی دابنرێ؟ وە یان دەکرێ گومان لەسەر چاکەکاری دەنگدەران دروستبکرێ کە بۆ ڕێگرتن لەو پیاوە خراپەکارە دەنگیان بەو پیاوە باشە داوە؟

هەر کەسێ ئەو پیاوە باشە هەڵبژێرێ ئەوە بەڵایەکی گەورەی لەکۆڵ شارەکەی کردۆتەوە و خێرێکی زۆری بۆهێناوە، بەڵام هەرکەسێ دەنگی نەدابێ، ئەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەنگی بەو کەسە خراپەکارە داوە، ئەو خراپەی بەسەر چاکەدا هەڵبژاردووە با لای خۆی وابێ کەدەنگی نەداوە.

بەپێی ڕێسای هەر کارێک کە بەجێگەیاندنی واجبەکان لەسەر بوونی ئەو ڕاوەستابێ – ما لا یتم الواجب الا به فهو واجب - خۆکاندیدکردنی مسوڵمانێکی سەر ڕاست بۆ ڕێگرتن لەهاتنی ئەو کاندیدە بێ دینە فەرزە لەسەر مسوڵمانانی ئەو شارە، کەکەس نەیکرد هەموو مسوڵمانان تاوانبارن، وە دەنگدەرانیش فەرزە لەسەریان کەدەنگ بەو پیاوە باشە بدەن تاکو بەدکاریەکی گەورە لەکۆڵ شارەکەیان بکەنەوە و خێرێکی گەورەشی بۆ بێنن.

دەبێ زاناکان بەراوردێک بکەن لەنێوان ئەو بەڵا و خراپانەی کە لەڕێی بوونی کاندیدە دینداراکە لەشارەکەدا لادەدرێ و بوونی چەند سەرپێچییەکی لاوەکی لەو کارە کەهەندێ جاران هەر گومان و پێشبینییەکی وەهمییە و هیچ سەرپێچییەک ڕوو نادات، نابێ لەپێناوی سەرپێچییەکی وەهمی وازلەوە بهێنرێ چونکە بوونی کاندیدی دیندار و هەڵبژاردنی هەم کارەساتێکی گەورە لادەدا و هەم بەرژەوەندییەکە بەدڵنیایی بەدی دێنێ کە هیچ گومانێکی تێدا نییە..

هەڵبژاردنی نەرێنی - الانتخاب السلبي- : بەو هەڵبژاردنە دەڵێن کە خەڵکەکە ڕەتی دەکەنەوە دەنگ بە کاندیدێک بدەن، ئەم دەنگ نەدانەی وان دەبێتە هۆی سەرکەوتنی هاوبڕکێی ئەو کاندیدە.. ئەم هەڵبژاردنە بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ بێ دەنگی و دەنگنەدانی دەنگدەران و بێ دەنگیان لە گوتن و پشتگیری حەق دا و هەوڵ نەدان بۆ گۆڕینی خراپە و وازهێنان لە ڕێگرتن لە مونکەر و کارنەکردنیان بە ڕێسای ڕادانی خراپەکاری گەورەترین بەکردنی خرپەکاریەکی بچووک.

فەتوای لێژنەکانی فەتوا و فەتوای زانایانی ئیسلام لەسەر بابەتی هەڵبژاردن:

١- دار الإفتاء لە وڵاتی ئوردن دەڵێ: هەڵبژاردنی شارەوانی هۆکارێکی شەرعییە بۆ دەربڕینی بۆچوون بە ئازادی، وە کاراکردنی شورا و ڕاوێژکارییە کە شەریعەت فرمانی بە ڕاوێژ کردووە.

٢- شیخ عبد الرحمن البراك دەڵێ: ...ئەگەر وەلی ئەمر داوای لەخەڵک کرد هەڵبژاردن بکرێ، دەبێ کەسانی شارەزا و دیندار و ئەهلی چاکە بەشداری کارایان هەبێ لەهەڵبژاردنی چاکترین پاڵێوراو بۆکاروباری دین و دنیا، تاکو کەسانی نەزان و لاڕێ وهەوەس بازان پڕۆژەکە بۆخۆیان نەقۆزنەوە و نەیکەنە بازاڕی خۆیان.

٣- دکتور سعود الفنیسان دەڵێ: هەندێ خەڵک پێیان وایە کە هەڵبژاردن لەوڵاتی بێگانان بۆمان هاتووە، ئەم بیرۆکەیەش وایان لێ دەکا پشتگیری لێ نەکەن و بەشداری تێدا نەکەن، بەڵام ئەوانە بەهەڵەدا چوون، چونکە هەڵبژاردن دەروازەی سەرەکییە بۆ بنەمای شورا کەقورئان فەرمانی پێکردووە.

٤ - دکتور ناصر العمر دەڵێ: بەرژەوەندییەکان کە لە هەڵبژاردن دەست دەکەون زۆر زیاترن لە زیانەکانی، بۆیە من وەسیەتتان لێ دەکەم کە بەشداری تێدا بکەن و کەسانی ئەمین و دەستپاک هەڵبژێرن.

٥- دکتور سفر الحوالي دەڵێ: هیچ ڕێگریەکی شەرعی نابینم لەبەردەم بەشداری لەهەڵبژاردن، بەڵکو بەرژەوەندی لەهەڵبژاردندایە، تاکو خەڵکی دەستپاک و لێهاتوو بەرپرسیارێتی و دەسەڵاتەکان لەئەستۆ بگرن. هەر نەبێ تاڕێ لەو بە لێشاوی بەفیڕۆچوونی سامانی وڵات بگرن، ڕۆڵی ئەم ئەنجومەنانە پڕە لەکاری ئەرێنی،؟ بۆیە ئەم هەنگاوە بۆ مسوڵمان زۆر پێویستە چونکە هەنگاوێکە بەرەو چاکسازی، وە ئەوانەی کە بەبێ پاساو پشت لەم هەنگاوە چاکسازییە دەکەن بۆچوونەکەیان هیچ لێزانی و بەرژەوەندییەکی تێدا نییە.

٦- د.تەرهونی دەڵێ: تا ئێستا قسە و فەتوای هیچ زانایەکی جێی متمانەم نەدیوە کە ئەم جۆرە هەڵبژاردنانەی حەرام کردبێ. وە کاتێک هەندێ کاری دژبە دین و پێچەوانەی شەرع دەکرێ لە ئەنجومەنی شارەوانی، وەک ڕێگەدان بەخانەی لەشفرۆشی و ستاندنی سەرانە و بەرتیل و و مەیخۆری و سەما و ڕابواردن و یان کارمەندانی ناچار دەکا لەسەر تێکەڵی و قەدەغەکردنی حیجاب و ڕیش و بەرگی شەرعی و نوێژ و بانگ و...هتد هەموو ئەمانە نابنە هۆی ئەوەی بگوترێ ئەسڵی هەڵبژاردنەکە نادروست و حەرامە.

٧- ئیبن تەیمیە دەڵێ: «شەریعەت بۆ ئەوە هاتووە هەموو بەرژەوەندییەکان فەراهەم بکات و کەم و کوڕییەکان تەواو بکات، وە هەرچی خراپە و

بەدکاری و گەندەڵییە پەکی بخا و نەیهێڵێ، تا بتوانێ چاکترینەکان لە ناو چاکەکان دا هەڵدەبژێرێ وشەڕ و بەدترینەکان بسڕێتەوە...

٨- شێخ ئەحمەد شاکر دەڵێ: ئێمە بەهەموو ڕێگایەکی ئاشتیخوازانە شەریعەت سەردەخەین، دەبێ شەریعەت بکەینە دەستور، بانگەوازەکەمان لەهەموو کونج و قوژبنێکی ئەم وڵاتە بڵاو بکەینەوە، دواتر ئەم پشتگیریە لە هەڵبژاردنەکان بسەلمێنین با ئوممەت بەم بانگەوازە نوژەن بکەینەوە و وا بکەین ئوممەت دڵنیابێ و متمانەی بۆ دینەکەی بۆ بگەڕێتەوە، جا کەوامان کرد ئوممەت متمانەی دا بە بانگەوازەکەمان، وە لەبانگەوازەکەمان ڕازی بوو، وە ئەوەی هەڵبژارد کە حوکمڕانی بەشەریعەتەکەی بکا، لە ئێمە نوێنەرەکانی خۆی هەڵبژارد بۆ پەرلەمان، ئا لەو کاتەدا ئێمەش ئەو بەڵێنەی داومانە بەگەلەکانمان دەیهێنینەجێ و هەموو یاسا و ڕێسا و بەندەکانی دەستور لە قورئان و فەرموودە وەردەگرین.

٩- شێخ ابن عثیمین دەڵێ: من پێم وایە هەڵبژاردن واجب و ئەرکە، پێویستە لەسەرمان کەسانێکی سەرڕاست بۆ ئەم کارە بپاڵێوین، چونکە ئەگەر خەڵکی باش سستی و خاووخلیسکیان نواند کێ جێگای وان دەگرێتەوە؟ بێگومان خەڵکی بەدکار و نەڕێنی کە نەخێریان لێ دەوەشێتەوە و نە شەڕ ئەوان جێیان دەگرنەوە، بۆیە پێویستە کەسێک هەڵبژێرین کە چاکەکاربێ، کە گوتیان ئەوە ئێمە کەسێکی چاکمان کاندید کرد؟ خۆ زۆربەی ئەنجومەنەکە کەسانی خراپن، لە وەڵامدا دەڵێم: قەیناکا بەڵکو ئەو یەک کەسە کاریگەری بەسەرهەموو ئەنجومەنەکە داهەبێ وخودا بەرەکەتداری بکات و وشەی حەقیان پێ بڵێ.

ئێمە لەوەمان کەمە کە لەگەڵ اللە ڕاستگۆ بین، هەمیشە پشت بەهۆکارە ماددی و هەستپێکراوەکان دەبەستین، بۆیە هیچ گرنگییەک بە پەنابردنە بەر اللە نادەین، چ دەڵێی لەبارەی هەڵوێستی موسا علیه السلام کاتێ فیرعەون داوای دیاریکردنی کاتێکی لێکرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جادوکار و فاڵچیەکانی فیرعەون، موسا زۆر بێ باکانە چێشتەنگاوی ڕۆژی جەژنی بۆ دیاریکرد لە گۆڕەپانی شارا تا هەموو خەڵکی ڕووبەڕووبوونەوەکە بەچاوی ڕوناک ببینن، لەوێ موسا علیه السلام زۆر بوێرانە پێی فەرموون: ﴿وَيْلَكُمْ لَا تَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ كَذِبًا فَيُسْحِتَكُمْ بِعَذَابٍ وَقَدْ خَابَ مَنِ افْتَرَى﴾ [طه: الآية ٦١]، تەنها بەم ڕستەیە: واوەیلا بۆ ئێوە درۆی ساختە بە دەم اللە هەڵ مەبەستن.

ئەم ڕستەیە وەک بۆمبێک بەڕوویاندا تەقییەوە، لە نێوخۆیان کەوتنە سرپە سرپ و مقۆ مقۆ ﴿فَتَنَازَعُوا أَمْرَهُمْ بَيْنَهُمْ﴾ [طه: الآية ٦٢]،

ئەو پیتی فایە فتنازعوا: یەکسەر دوای قسەی موسا کەوتنە سرپە سرپ و دووبەرەکیان تێکەوت. فایەکە بۆ بەدواهاتنی یەکسەری دووبەرەکی ساحیرەکانە هەر لەدوای قسەکەی موسا و بەهۆی گوتەکەی ئەو، تنازع و دووبەرەکیش، فەشەل و ڕەنجەڕۆیی و بەزین و تێشکان دێنێت ﴿وَلا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا﴾ [الأنفال: الآية ٤٦]، ﴿فَتَنَازَعُوا أَمْرَهُمْ بَيْنَهُمْ وَأَسَرُّوا النَّجْوَى﴾ [طه: الآية ٦٢].

سەرەنجام ئەو ساحیرانەی بۆ ئەوە هاتبوون کە دژایەتی موسا بکەن، بەڵام دواتر بوونە هاوڕێ و پەیڕەوی موسا و سوجدەیان بۆ اللە برد و ڕایان گەیاند کە ﴿آمَنَّا بِرَبِّ هَارُونَ وَمُوسَى﴾ [طه: الآية ٧٠]، یەک وشەی حەقی بانگخوازێک هاوکێشەکەی گۆڕی و بەرەی ستەمکارترین حوکمڕانی تەفر و تونا کرد. بۆیە هەتا ئەگەر حەقخواز و حەقبێژانی ناو پەرلەمان کەمیش بن ئەگەر ڕاستگۆ بن لە گەڵ اللە کاریگەری گەورەیان دەبێ. بەڵام ئەوانەی دەڵێن دروست نیە مسوڵمان لەگەڵ ئەو فاسق و لاڕێبوانەی پەرلەمان دانیشێ، لێیان دەپرسم: بۆچی بۆ ئەوە لەگەڵیان دادەنیشین تا هاوڕایان بین؟ نا، بەڵکو بۆ ئەوە لەگەڵیان دادەنیشین تاکو ڕێگای حەقیان بۆ ڕۆشن کەینەوە. مەبەستەکە ئەوەیە کە لاڕێبووەکان حەقیان پێ بگا کە جاری یەکەم نەیاننناسی، جاری دووەم ، سێیەم، دەیەم... تۆ بڕۆ ئەو کەسانە بپاڵێوە کە بە خێر و چاکیان دەزانی و اللە بکە بە بریکار و وەکیلت.

١٠- فەتوایەکانی لیژنەی هەمیشەیی فەتوادانی سعودیە:

ا- ئایا دروستە لەهەڵبژاردن دەنگ بدرێ و خۆی بۆ بپاڵێورێ؟ لەگەڵ ئەوەی وڵاتەکەی ئێمە -پرسیارکەر- بە حوکمی جگە لەوەی اللە دای بەزاندووە حوکم دەکرێ:

وەڵامی لیژنە: دروست نییە مسوڵمان خۆی کاندید بکا لە حوکمڕانیەک کە کار بەشەریعەت ناکات، تەنها لەبەر ئەوەی ببێتە فەرمانبەری دەوڵەت، و دروست نییە مسوڵمانان کەس لەناو حکومەتێکی وەهادا هەڵبژێرن، تەنیا کەسێک دروستە هەڵبژێردرێ کە خواست و بەرنامەڕێژی بۆ ئەوە بێ کە ئاڕاستەی ئەم حکومەتە بگۆڕێ بۆ حوکمکردن بە ئیسلام، وە ئەم هەڵبژاردنە بکەنە هۆکارێک بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەو سیستەمە حوکمڕانییەدا، بەڵام ئەو کەسەش بەو نیازەوە خۆی کاندید دەکا دوای دەرچوونی نابێ لەبواریکدا کار بکا کە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام بێ.. بەڵام کەسێک کە خۆی یان جگە لەخۆی کاندید بکا لەژێر سایەی ئەو ڕژێمە نائیسلامییە، تاکو بچێتە ناو ئەو ئەنجومەنە تاکو ڕێگری لەو خراپەیە بکا....بگرە هەندێ لەزانایان چوون بۆ ناو ئەو جۆرە

ئەنجومەنانە و بەشداری لەو هەڵبژاردنانە بەواجب دەزانن..

ئەندامانی لیژنەی هەمیشەیی: الشيخ عبد العزيز بن باز، الشيخ عبد الرزاق عفيفي، الشيخ عبد الله بن غديان، الشيخ عبد الله بن قعود.

ب- وە پێویستە لەو وڵاتانەی حوکم بە شەریعەت ناکرێ خەڵکی مسوڵمان ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان بدەن بۆ گێڕانەوەی حوکمڕانی ئیسلام، بۆ ئەم ئامانجەش دەبێ یەکدەنگ بن و پشتی ئەو پارتە بگرن کە بەوە ناسراوە هەوڵ دەدا بۆ حوکمڕانی بەشەریعەت، بەڵام یارمەتیدانی ئەوانەی دەڵێن نابێ شەریعەت بچەسپێنرێ بەهیچ شێوەیەک دروست نییە...

ئەندامانی لیژنە: الشيخ عبد العزيز بن عبد الله بن باز، الشيخ عبد الرزاق عفيفي، الشيخ عبد الله بن غديان.

١١- پرسیارلە شیخ عبد العزیز بن بازکرا لەبارەی شەرعی بوونی خۆکاندید کردن و حوکمی دەرهێنانی کارتی هەڵبژاردن بەنیازی هەڵبژاردنی ئەو بانگخواز و کەسە دیندارانەی بەشداری هەڵبژاردن دەکەن تا ببنە ئەندامی ئەنجومەن ؟ وەڵام : «سەروەرمان صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی «إنما الأعمال بالنيات، وإنما لكل امرئ ما نوى»؛ بۆیە هیچ کێشە لەدروستی ئەم کارە نییە، بۆچوونە ناو ئەنجومەنی گەل بەنیازی پشتگیری لەحەق، وە ڕازی نەبوون بەناحەق، ئەم کارە سەرخستنی حەقی تێدایە، وە هاوکاری بانگخوازان بۆ لای الله دەکا. وە هیچ گوناهێک لەدەرکردنی کارتی دەنگدان دا نییە کە بەکار بهێنرێ بۆ هەڵبژاردنی کەسانی چاک و باش و بانگخواز و پشتگیری کردن لە حەق و حەقخوازان، بەڵام هەڵبژاردنی کەسانی نامسوڵمان دروست نییە، چونکە ئەوە متمانە و دۆستایەتییە.

هەروەها د.جەعفەر شێخ ئیدریس لە ئیبن باز دەگێڕێتەوە کە پرسیاریان لێ کردووە لەبارەی دەنگدانی ژنان، ئەویش وەڵامی داوەتەوە: ئەمە کارێکی زۆر پێویستە، تاکو بەرەی ناحەق نەتوانن بەسەر بەرەی حەقدا سەرکەون بەدەنگدانی ژنەکانیان.

١٢- شێخ ابن جبرین دەڵێ: قەیناکا کە مسوڵمان بچێتە ناو ئەو هەڵبژاردنانە بەمەرجێک تایبەت نەبن بەشەرع دانان، چونکە زۆربەی سیستەمانی ئەو وڵاتە ئەو پاڵێوراوانە هەڵی دەبژێرن، کەسانی ناشایستە و بیدعەکار و لارێ بوو هەڵدەبژێرن.... بۆیە دەبێ ئەو بوارەیان لێ تەنگ بکەینەوە، بەچوونە ناو هەڵبژاردنەوە بەبانگخوازانی دڵسۆز، کەسانێک تەنیا دۆستایەتی ئیسلام و مسوڵمانان دەکەن... با شارەزایانی شەرع بەشدار بن لە ڕێکخستن و ئەندامی لیژنەکانی تایبەت بەڕاپەڕاندنی هەڵبژاردنەکان کە دەوڵەت هەڵیان دەبژێرێ، تا لەو بوارەدا کار بکەن.

١٣- شێخ عبد المحسن العباد دەڵێ: لەو هەڵبژاردنانە کە مەسیحیەکان تیایدا بەشدارن و کەسەرکەون زیانی زۆری بۆ مسوڵمانان دەبێ؟ جا ئەگەر بەشداری مسوڵمانان پارسەنگی خێروچاکە گرانکا با بەشدار بن، بەڵام کە بەشداریەکەیان هیچ کاریگەریەکی نەبێ با بەشدار نەبن، بەڵام کە بەبەشداربوونیان خراپترینەکان لەخۆیان دوور خەنەوە و زەرەری گاورەکان لەخۆیان لادەن، با لەو وڵاتانەشی کە کەمینەی مسوڵمانی تێدایە با بەشداربن.

١٤- بڕیاری ئەنجومەنی مجمعی فقهي ئیسلامي: لە خولی نۆزدە کە بۆ ماوەی شەش ڕۆژ لە بارەگای ڕابیتەی عالەمی ئیسلامي لە مکة المکرمة لە بەرواری ٢٢-٢٧ شوال ١٤٢٨ک بەرامبەر ٣-٨ نوفمبر٢٠٠٧ز کۆبۆوە و لە بابەتی: « بەشداری مسوڵمان لەهەڵبژاردنەکانی جگە لە مسوڵمانان لە وڵاتانی نائیسلامیدا»، ئەم بڕیارانەی دەرکرد:

١. بەشداری مسوڵمان لەهەڵبژاردنەکانی جگە لە مسوڵمانان لەوڵاتانی نائیسلامیدا وابەستەیە بەسیاسەتی شەرعی، وە لەژێر تیشکی فیقهی هاوسەنگکردن و بەراوردکردن لەنێوان بەرژەوەندیەکان و زیانەکان فەتوا لەم بابەتە بەپێی کات و شوێن و بارودۆخ گۆڕانکاری تێدەکەوێ.

٢. دروستە بۆ ئەو مسوڵمانەی مافی هاووڵاتی بوونی بەدەستهێناوەل ەوڵاتانی نامسوڵمان بەشدار بێ لە هەڵبژاردنەکانی نوێنەران و هەڵبژاردنەکانی تر چونکە ئەو بەشداریە بەرژەوەندی ئیسلامی تێدایە بەوەی نمونەیەکی جوان لەئیسلام لەو ڕێگایەوە پیشانی خەڵکی نامسوڵمان دەدرێ، وە لە چوارچێوەی ئەو بەشداریە دەتوانن بەرگری لە مافەکانی کەمینەی مسوڵمان بکەن و دەستکەوتی دەبێ بۆ کەمینەی ئیسلامی لەبارەی دین و دنیاوە و کاریگەریان دەکا لە هاوکری لەگەڵ لایەن و پارتە میانڕەوەکان.

١٥- شێخ ئەلبانی لەم بارەیەوە دەڵێ: ئێمە دوو هەڵوێستمان هەیە لەبارەی هەڵبژاردن:

هەڵوێستی یەکەم: کەس هان نادەین کە خۆیان کاندید بکەن لەم پەرلەمانانەی کە هەن.

هەڵوێستی دووەم: ئەگەر مسوڵمانان لەو وڵاتانە بوون کە کردنی هەڵبژاردن تیایدا فەڕز دەکرێ لە لایەن دەوڵەتەوە، وە هەموو پارت و دەستەکان دەکەونە پێشبڕکێ تیایدا تا زۆرترین بەشیان هەبێ. لەم حاڵەدا ئەگەر کەسانێکی مسوڵمانیش خۆیان کاندید کردبوو، کە ئێمە ئامۆژگاریان دەکەین خۆیان کاندید نەکەن، بەڵام کە کردیان ئەوە ڕێسا

لە ئیسلامیشدا ئازادی و مافی مروڤ و مافی ژنان و هەموو چین و تۆێژەکان بوونێکی بەرچاویان هەیە

فیقهیه‌که ده‌ڵێ ده‌بێ مسوڵمان هه‌ڵبژاردنی هه‌بوو له‌نێوان خراپیه‌کی گه‌وره و خراپیه‌کی بچوکدا با شه‌ڕه بچوکه‌که هه‌ڵبژێرێ.

١٦- شێخ دکتور عبد الله عزام ده‌ڵێ: ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌ران له‌و وڵاتانه‌ی ئازادی تێدا هه‌یه مسوڵمان خێری لێ ده‌بینن و ستەمیان له‌سه‌ر سووک ده‌کا، به‌ڵام حوکمڕانی ئیسلامی پێ ناگێڕدرێته‌وه و کۆمه‌ڵگای ئیسلامی له‌و ڕێیه‌وه بنیات نانرێ. په‌رله‌مان و هه‌موو یاساکانی ئه‌وروپا و ئه‌نجومه‌نی ئاسایش بمانه‌وێ و نه‌مانه‌وێ له‌هه‌موو وڵاتانی ئه‌ندام له‌و ئه‌نجومه‌نه به‌شێوه‌یه‌ک له‌شێوه‌کان ده‌چه‌سپێنرێ.

ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌رانیش ده‌کرێ ببێته مینبه‌رێکی باش بۆ گه‌یاندنی وشه‌ی حه‌ق بۆ هه‌موو گه‌ل..

ئه‌وانه‌ی هه‌ڵبژاردن به حه‌رام ده‌زانن ده‌کرێنه چه‌ند به‌شێک، هه‌ندێکیان خودی هه‌ڵبژاردن به شیرک و هاوبه‌شی دانان ده‌زانن و پێیان وایه هیچ گۆڕانکاریه‌ک و هاتنه‌دی هیچ به‌رژه‌وه‌ندییه‌ک ئه‌م کاره حه‌ڵاڵ ناکات. به‌شێکی تریان هه‌ر به‌کوفری ده‌زانن، به‌ڵام ده‌ڵێن که مه‌سڵه‌حه‌ت و به‌رژه‌وه‌ندی تێدا بوو حه‌ڵاڵه.

وه بۆ ئه‌وانه‌ی به‌شداریش له‌هه‌ڵبژاردن ده‌که‌ن دیسان ده‌بنه دوو به‌ش. تونده‌ڕه‌وه‌کانیان ده‌ڵێن ئه‌و کۆمه‌ڵگایه‌ی ده‌نگدان بکا هیچ پاساویان نییه و خوێنیان حه‌ڵاڵه، ئه‌مانه د.ته‌رهونی ده‌ڵێ به‌چه‌ندین ساڵی تیشکی له خه‌واریجه‌کانیان تێپه‌ڕاندووه، چونکه خه‌واریجه‌کانیش پاساویان بۆخه‌ڵک دێنایه‌وه. به‌ڵام زۆرێک له‌و ڕه‌وت و بزاڤانه تاکه‌کان به کافر نازانن تا ئیقامه‌ی حوجه‌یان له‌سه‌رنه‌کرێ و نه‌زانیان فێر نه‌کرێ. ئه‌وان دوو چین به کافر ده‌زانن:

- ئه‌وانه‌ی هه‌موو زانیاریه‌کیان پێ گه‌یشتووه و بۆیان ڕوون کراوه‌ته‌وه که‌چی هه‌ر سوورن له‌سه‌ر هه‌ڵبژاردن.

- ئه‌وانه‌ی له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌ی سه‌ره‌وه هه‌ڵبژاردن ده‌که‌ن به پشتگیری و یارمه‌تیده‌ر بۆ داگیرکه‌رانی کافر و شه‌رعیه‌ت ده‌ده‌ن به‌کاره‌کانیان.

لێره‌دا د.ته‌رهونی ئه‌م چه‌ند خاڵه ڕوون ده‌کاته‌وه:

-هیچ زانایه‌کی ناسراو که دان به‌زانایه‌که‌ی دانرا بێ به‌شدارانی هه‌ڵبژاردنی به کافر نه‌زانیوه.

-هه‌موو ئه‌وانه‌ی هه‌ڵبژاردنیان به‌کارێکی دروست داناوه، هه‌موویان چه‌ند مه‌رجێکیان بۆ دروستیه‌که‌ی داناوه.

- ئه‌وانه‌ی گوتویانه با نه‌کرێ، ده‌ڵێن چونکه به کردنی ئه‌و به‌رژه‌وه‌ندییانه‌ی مسوڵمان له‌هه‌ڵبژاردنی چاوه‌ڕێ ده‌کا هیچیان نایه‌نه دی و ده‌شبێته هۆی هاننی خراپه‌ی گه‌وره‌تر.

-هەموو ئەو زانایانە حوکمی دیموکراتی و حوکمڕانی گەل بۆ گەل جیا دەکەنەوە لە هەڵبژاردن و نوێنەرانی و پێیان وایە دوو شتی لێک جیان، دیموکراتیەت کافرێکە بە مسوڵمان ناکرێ چونکە ئیسلام حوکمی دین و شەرع بۆ گەلە، ئەم حوکمی دین و شەرع بۆگەلە بەشێکی دەکرێ لەڕێی هەڵبژاردن و زۆرینە و نوێنەرانەوە بێ کە لەسەردەمی پێشینیش کراوە.

بەڵام دیموکراتیەتیش وەک میکانیزم لەبیروهۆشی گەلەوە هەڵدەقوڵێ، کە ئەو گەلە ئیماندار و مسوڵمان بوون میکانیزمەکەش پاشکۆی کۆمەڵگاکەیە، بۆیە ئەو جیاکردنەوەیە پاساوێکی بەهێزی نییە.

دیموکراتیەت تەواوهاومانای لیبڕالیەت نییە وەک هەندێک تێی گەیشتوون، چونکە دیموکڕاتیەت کە واتای حوکمڕانی زۆربەی گەلە بۆ گەل بەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی زۆرینە بە شێوەیەکی ئاشتی و هێمنانە، بەڵام لیبڕالیەت واتە پاراستنی مافەکانی تاکەکان و کەمایەتی و تۆێژەکان.

بەکورتی دیموکراتیەت وەک مافی مرۆڤ و مافی ژن و لیبرالیزم و ئازادی، چەند شێواز و میکانیزمێکن لەلای هەردین و شەریعەتێک ڕاڤە و تەفسیری تایبەتیان هەیە، هەندێ لەو بەندانەی بانگەشەکارانی مافی مرۆڤ وژن و منداڵ و ئازادی داوای دەکەن بەدڕەوشتی وبێ ئیمانی و تەنانەت نەک لەئیمان دەرچوون بەڵکو دەرچوونە لە فیترەت و مرۆڤایەتی، بەڵام لەئیسلامیشدا ئازادی و مافی مروڤ و مافی ژنان و هەموو چین و تۆێژەکان بوونێکی بەرچاویان هەیە..

ژێدەر و سەرچاوە سەرەکییەکانی بابەتەکە:

١- الانتخابات والمنتخبون / فضيلة الدكتور.محمد الطرهوني.

٢- الانتخاب في الفقه الإسلامي / أديب فايز الضمور.

٣- أحكام البيعة في الفقه الإسلامي / نامەی دکتۆرای د. إبراهيم السقا.

٤- ولاية المتغلب دراسة فقهية مقارنة/ نامەی ماستەری م. محمد الشوا.

٥- الترجيح بكثرة الرواة (دراسة أصولية تطبيقية) نوسینی د. غازي ابن مرشد العتيبي.

٦- حكم المشاركة في الانتخابات /خالد الرفاعي.

٧- الانتخابات وأحكامها في الفقه الإسلامي / فهد العجلان رسالة جامعية.

پرۆفایل:

* محمد عزیز علی رسول لۆتەری، لەدایکبـووی: ١-٧-١٩٧٤ گـونـدی لۆتەر/ ناوچەی بنگرد/ قەزای ڕانیە/ پارێزگای سلێمانی.

* دبلۆم لـە پەیمانگـای مەڵبەندی مامۆستایـانی هەولێر/ بەشی زمانی ئینگلیزی/ ١٩٩٢-١٩٩٣.

* بەکالۆریۆس لـە زانکۆی دهۆک/کۆلێژی شەریعە و خوێندنی ئیسلامی/ بەشی شەریعە/١٩٩٧-١٩٩٨.

* هەوڵـدان بۆ خوێندنی ماستـەر لە پەیمانگای باڵای دادگـەری سەر بە زانکـۆی محمد سعود لـە ڕیازی پایتەختی شانشینی سعودی لەساڵانی ٤٠٠٢-٧٠٠٢ بەڵام لەبـەر چـەنـد هۆیەکی تایبەت تەواوی نەکردووە.

بابەتی گشتی

کاریگەرییە ئەرێنی ونەرێنییەکانی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان، دەرەنجام وڵێکەوتەکانی

نەجیبە شێخ لەتیف

پرۆسەی هەڵبژاردن یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە زۆرینەی وڵاتان پەنای بۆدەبەن وەکو دوا بژاردەی دیموکراسی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و ناوەندی بڕیار، وە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە سیاسییەکان لە وڵاتدا، لەبەر ئەوەیە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەکات و ساتی خۆیدا گرنگە بۆ دروست بوونی سەقامگیری سیاسی و بەردەوام بوونی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لە هەر وڵات و پارچە زەوییەکی ئەم جیهانەدا.

هەڵبژاردن جگە لە ڕەهەندە ناوخۆییەکان ڕەهەندی نێو دەوڵەتیشی هەیە بۆیە هەڵبژاردنەکان لە هەر وڵاتێکدا دەبێت لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا بێت.

هەرێمی کوردستانیش کە یەکەیەکی سیاسی تایبەتە و هەندێ بنەمای دەوڵەتی تێدایە بەڵام دەوڵەت نییە و تا ئێستا بەشێکە لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ، هەڵبژاردن تێیدا تەنها بابەتێکی ناوخۆیی نییە، بەڵکو ڕەوایەتی نێودەوڵەتیشی هەیە، بۆیە ئەنجام نەدانی هەڵبژاردن یاخود زۆر دواکەوتنی ڕێگەی پێ نادرێت، دەبینین لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا فشاری زۆر لە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم کراوە کە دەبێت هەڵبژاردن ئەنجام بدەن، هەرچەندە هەرێمی کوردستان بە درێژایی سێ دەیەی دوای ڕاپەڕین و دروست بوونی قەوارەکەی هەڵبژاردن و پەرلەمان وحکومەتی هەبووە، بەڵام بێگومان پڕ لە کەم کورتی و کێشە و بەربەست دروست کردن بۆ سیستمەکە بەهۆی ناکۆکی سیاسی بەتایبەتی لەنێوان دوو پارتی دەسەڵاتدار(پارتی و یەکێتی) کە هەمیشە شەڕی نفوز و دەسەڵاتیان کردووە، ئەمەش بووە هۆی دروست بوونی شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی و

کەواتە لە دۆخێکی وادا ئەگەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ هەر وڵاتێک و هەر قەوارەیەک جارێک گرنگ بێت بۆ هەرێمی کوردستان چەند جار گرنگە، هەرچەند لەگەڵ گرنگی ئەنجامدانی هەڵبژاردن و لایەنە ئەرێنییەکانیدا بە دەر نییە لە لایەنی نەرێنی و گرفتیش

پەکخستنی یان دریژ کردنەوەی ماوەی بەرلەمان و کاروباری دەوڵەتدا ری، بەڵام پەرلەمان و حکومەت هەر هەبووە ئەگەر بەشێوەیەکی شکڵیش بووبێت، کە ئەمە ئەتوانین بڵێین خاڵێکی ئەرێنییە چونکە کورد خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ نییە تەنها لەم پارچەیەی باشووری کوردستانە خاوەنی قەوارەیەکە و سەرەڕای چوارچێوە نێودەوڵەتییەکە چوارچێوە و ڕەهەندی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیشی هەیە کە ڕۆڵ وکاریگەری هەیە لەسەر هەرێمی کوردستان، هیچ کام لە وڵاتانی ئیقلیمی و دەوروبەر نایانەوێ کورد ببێتە خاوەن دەوڵەت و بوونی ئەم قەوارەیەش بە زۆر دەزانن بۆ کورد، بۆیە هەمیشە دەستیان وەرداوەتە کاروباری ناوخۆی هەرێم، بەتایبەتی لە کاتی بوونی ناکۆکی سیاسی نێوان هێز و لایەنەکانی کوردستان بەئاشکرا لایەنگیری حیزبێکیان کردووە و بوونەتە هۆی قوڵ بوونەوەی کێشەکان.

کەواتە لە دۆخێکی وادا ئەگەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ هەر وڵاتێک و هەر قەوارەیەک جارێک گرنگ بێت بۆ هەرێمی کوردستان چەند جار گرنگە، هەرچەند لەگەڵ گرنگی ئەنجامدانی هەڵبژاردن و لایەنە ئەرێنییەکانیدا بە دەر نییە لە لایەنی نەرێنی و گرفتیش.

لێرەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی تیشک بخەمە سەر لایەنە ئەرێنی ونەرێنییەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان:

- لایەنە ئەرێنییەکانی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان:

١- وەڵامدانەوەی خواستی نێو دەوڵەتی و دوورخستنەوەی فشارەکان لەسەر هەرێم.

٢- پتەوکردنی چوارچێوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی شەرعیەت پێدانەوەی دووبارە لە لایەن گەلەوە و گۆڕانکاری لە دەسەڵات و سیستمی پەرلەمانی و کارگێڕییەکەیدا.

٣- هەڵبژاردن لە بنەڕەتدا بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتە، کەواتە ئەنجامدانی پرۆسەکە دەستاو دەستکردنی دەسەڵات لە پشتی پەردە شاراوەکانەوە دەهێنێتە پێش پەردە و بەڕوونی دەردەکەوێ کام حیزب و لایەنە دەنگ و متمانەی زۆرینەی هاووڵاتییانی بەدەست هێناوە و دەسەڵات دەگرێتە دەست.

- هەڵبژاردن وەک پرۆسەیەکی سیاسی ڕێگە دەگرێت لەوەی حکومەتەکان بە شێوەیەکی ناسروشتی بگۆڕدرێن، بەو مانایەی هەڵبژاردن گرەنتییەکە تۆندوتیژی لە پرۆسەی گواستنەوەی دەسەڵاتدا ڕووندەدات، هەروەها بەربەستێکیشە لەبەردەم کودەتای سەربازی و شۆڕشی چەکداری تۆندوتیژ.

٥- هەموو هێزە سیاسییەکان چانسی بەشداربوونیان دەبێت لە دەسەڵات و دەتوانن لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە ڕاستەوخۆ بەشدار بن لە کاروباری حکومڕانیدا.

٦- هەریەکە لە پارتە سیاسیەکان سەنگ و پێگەی جەماوەری خۆی دەزانێت لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە.

٧- ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا دەبێتە هۆی ئەوەی تا ڕادەیەک سەقامگیری سیاسی دروست ببێت لە ناوخۆدا و دووركەوتنەوە لە دروست بوونی بۆشایی یاسایی و پەکخستنی دامەزراوە حکومییەکان و قەیرانی کارگێڕی لە دام و دەزگاکاندا.

- خاڵە نەرێنییەکان و دەرەنجام وليكەوتەكانی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان:

١- لە هەرێمی کوردستان لەبەرئەوەی فرەیی سیاسی هەیە و پارت و هێز و حیزبی زۆر بە ئایدیا و باکگراوندی جیاواز بوونیان هەیە و مومارەسەی کاری سیاسی دەکەن، تا ڕادەیەک هاوشێوەی عێراقە کە ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دروست بوونی پەرلەمان و حکومەت لە ڕابردوودا بەشێوەی ڕێکەوتن (توافق) بووە، واتە پێش هەڵبژاردن پرسە سیاسییە هەڵواسراوەکان بەشێوەیەک چارەسەر کراون و تەوافوقی سیاسی کراوە ڕای زۆرینەی لایەنەکان وەرگیراوە و ڕێخۆشکراوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن، پاش هەڵبژاردنیش بە ڕێککەوتن حکومەت پێکهێنراوە و سەرۆکایەتی و پۆستە سیادییەکان بەپێی بەرکەوتەی هەڵبژاردن دابەشکراوە، سەرەڕای هەموو ئەمانەش هەرکێشە دروست بووە لە نێوان لایەنەکان لەسەر شێوازی حکومڕانی و بەرکەوتەی هەڵبژاردن، بەتایبەتی لە نێوان هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار(پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان) کە لە دوای ڕاپەڕینەوە بەردەوام ناکۆکی هەبووە لە نێوانیاندا بەتایبەتی ئەگەر لە دوو بەرەی جیاوازدا بووبن، واتە هەرکاتێک ئەو دوو هێزە ڕێککەوتن لە نێوانیاندا بووبێت تا ڕادەیەک سەقامگیریی سیاسی لە هەرێمی کوردستان هەبووە، خۆ ئەگەر لە دوو بەرەی جیاوازی ناکۆکیەکاندا بووبن ئەوا گرژی و ئاڵۆزی باڵی بەسەر هەرێمدا کێشاوە، بەتایبەت کە ئەو دووهێزە زۆنی تایبەت بەخۆیان هەیە، هێزی چەکداریان هەیە، پۆستە باڵاکانی پەرلەمان و حکومەت لای ئەوان بووە، بە واتایەکی تر ئەم دوو هێزە تا قەناعەتی تەواویان بۆ دروست نەبێت کە هەڵبژاردن و گۆڕانکارییەکان لە بەرژەوەندی خۆیانە هیچ پەلەیان نییە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن، بۆیە ئەگەر سەرنج بدەین هەموو هەڵبژاردنەکان دواخراون و لەکاتی خۆیاندا ئەنجامنەدراون بە هەڵبژاردنی

ئەنجومەنی پارێزگاکان وشارەوانیەکانیشەوە.

هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان لە هەرێمی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینەوە لە ڕێگەی ٦ یاسا و دوو بڕیاری پەرلەمانییەوە دواخراون و ماوەی خولەکە درێژ کراوەکان بەم شێوەیە بووە:

خولی یەکەمی پەرلەمان ٤ جار دواخراوە و ماوەی درێژکردنەوەی تەمەنی ٩ ساڵ بووە.

خولی دووەم ١ جار دواخراوە و ماوەی درێژکردنەوەی تەمەنی ٢ مانگ و١٦ ڕۆژ بووە.

خولی سێیەم ١ جار دواخراوە و ماوەی درێژکردنەوەی تەمەنی ٢ مانگ و١١ ڕۆژ بووە.

خولی چوارەم ١ جار دواخراوە و ماوەی درێژکردنەوەی تەمەنی ١ ساڵ و ٥ ڕۆژ بووە.

خولی پێنجەم ١ جار دواخراوە و ماوەی تەمەنی ١ ساڵ و٤ مانگ بووە.

کۆی گشتی ماوەی دواخستنی پەرلەمانی کوردستان ٨ جارە و ماوەی ١٢ ساڵ و٦ مانگ و٢ ڕۆژ لە پاشە.

بەهەمان شێوە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم تا ئێستا دوو هەڵبژاردنیان بۆ کراوە:

هەڵبژاردنی یەکەم لە ساڵی ٢٠٠٥ ئەنجامدراوە و ماوەکەی درێژکراوەتەوە تا ساڵی ٢٠١٤.

هەڵبژاردنی دووەم لە ساڵی ٢٠١٤ ئەنجامدراوە و ئەوە ماوەی ١٠ ساڵە بەردەوامە و باسی هەڵبژاردنی سێیەم هەرنییە.

٢- بێ باکی حیزبە دەسەڵاتدارەکان بەرامبەر بە گەل و هاوواڵاتی درزی گەورەی دروست کردووە لە نێوان هاوواڵاتیان و دەسەڵاتدا، بەجۆرێک متمانە بە هەڵبژاردن زۆر کەم بووەتەوە و هاوواڵاتیان پێیان وایە ڕاستە سیستمی هەڵبژێرین ئەنجام دراوە بەڵام هاوکێشەی دەسەڵات نەگۆڕاوە، بەڵکو تەنها نمایشێکی سیاسییە و پرۆسەیەکی شکڵییە، هاوکێشەی نەگۆڕ هەر دوو حیزبی دەسەڵاتە و ئەگەر متمانەی خەڵکیش بەدەست نەهێنن ئامادە نین دەسەڵات ڕادەستی کەسی تر بکەن و باس لە هێزی چەک و هێزی شۆڕشگێڕی خۆیان دەکەن، کەم بوونەوەی متمانەی هاوواڵاتیانیش وا دەکات بەشداری هەڵبژاردن نەکەن، چونکە پێیان وایە دەنگی ئەوان هیچ کاریگەری و گۆڕانکاری دروست ناکات.

٣-هەڵبژاردن تاکە هۆکاری گۆڕانکاری سیاسی نییە لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو بە پلەی یەکەم بوونی هێز و داهات و دارایی لای حیزبەکان و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی دیکە ئاراستەی گۆڕانکارییەکان دیاری دەکات، بە مانایەکی تر حیزبەکان حیزبی هەڵبژاردن و دیموکراتی نین بەڵکو حیزبی دەسەڵات و هێزی چەکدارن، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن.

٤- شێوازی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بە یاسا و ڕێنمایی ڕێکخراوە، بەڵام لەبەر نەبوونی هۆشیاری سیاسی و مەدەنی لای حیزبەکان و ئەندامەکانیان هەمیشە بانگەشەی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی تەندروست بەڕێوە ناچێت، بەداخەوە کادیری بەشێکی زۆری حیزبەکان لە قاڵبێکی تەسکی حیزبیدا سەیری سیاسەت و حکومڕانی دەکەن، تەنانەت لە ناوخۆی حیزبێکیشدا ململانێی نێوان کاندیدەکان کێشە و گرفتی لێدەکەوێتەوە و پەنا بۆ ناوزڕاندن و تەشهیر و بریندارکردنی یەکتر دەبەن و دۆخێکی نەخوازراو و بێزارکەر دروست دەکەن بۆ سەرجەم هاوواڵتیان.

٥- نەبوونی هۆشیاری لای دەنگدەر دەربارەی دەنگدان، دەنگدان هەم ئەرکە هەم مافە بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگە کە دەتوانێت ڕاستەوخۆ بەشدار بێت لە بەڕێوەبردنی سیستمی حکومڕانی لە ڕێگەی دەنگدانەوە، بەڵام بەداخەوە تاکی کورد لە هەرێمی کوردستان، یان ئەو مافەی خۆی مومارەسە ناکات و ناچێت بۆ دەنگدان یان لەژێر کاریگەری کەسانی تر و بە ئیعازی ئەوانی تر دەنگ دەدات کە لە هەردوو بارەکەدا کارێکی باش نییە و گۆڕانکاری دروست نابێت.

٦- بوونی قەیرانی زۆر لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەت قەیرانی دارایی خەڵکی بەتەواوی بێ هیوا کردووە لە سیاسەت لە هەرێم و خەونی کوردایەتی و بوون بە دەوڵەتی مراندووە لای هەموو کورد، چونکە خەڵکی شۆڕشیان کرد بۆ سەربەخۆیی و ژیانێکی شایستە لەسایەی حکومڕانی کوردی، بەڵام بەداخەوە باجێکی قورسی کوردایەتییاندا و بەرهەمی شۆڕش تەنها بۆ تاقمێکی کەم بوو، خەڵک ئەمڕۆ ژیانی دەوێ نەک دەستاودەست کردنی دەسەڵات، لەبەرئەوەی پێی وایە هەڵبژاردنەکان هیچ شتێک لە دۆخی ئەو ناگۆڕێ بۆیە بەشداری هەڵبژاردن ناکات.

٧- بەجێنەگەیاندنی بەڵێنەکانی پێش هەڵبژاردن لەلایەن کاندیدەکان و هێزە سیاسییەکانەوە لایەنێکی تری بێ ئومێدی هاوواڵتیانە لە هەڵبژاردن.

گرنگترین سەرچاوەکان:

١- ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢٢)، «خولەکانی پەرلەمانی کوردستان».

٢- ئەنیستیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان (٢٠١٩)، سندووقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی، هەڵسەنگاندنێك بۆ کارەکانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی سێزدەم.

٣-هاوڕێ تۆفیق، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و چەند زانیارییەکی گرنگ، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٩١٢٥.

پرۆفایل:

نجیبە لطیف احمد

- لەدایک بووی ١٩٦٩.

- دەرچووی کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان، زانکۆی سلێمانی.

- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

- ئەندامی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان.

کاریگەریە ئەرێنی ونەرێنیەکانی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان، دەرەنجام ولێکەوتەکانی

ڕووانینی سۆسیال دیموکراتیک بۆ پەروەردە: خوێندنەوەیەکی تیۆریی

بوخاری عەبدوڵڵای قەسرێ – دکتۆرا لە ئەدەبیاتی ئینگلیزی پۆستمۆدێرن

هیچ سیستمێکی سیاسی یان ئایینی و ئابووری نەبووە قسەی لەسەر پەروەردە نەبووبێت. لەم نووسینەمدا دەرگایەک دەکەمەوە بەڕووی پێوەندی نێوان پەروەردە لەگەڵ سیستمی سۆسیال دیموکراتیک کە ئێستا لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەورووپیدا جێی بایەخە و قسەی زۆری لێوە دەکرێت و لەڕاستیشدا شیکاری و قسەی زۆریش هەڵدەگرێت. گەرچی ڕاجیایی هەیە لەسەر ئەوەی کە سیستەمی سۆسیال دیموکراتیک، یان سۆسیال لیبرال، بە «چەپگەرایی» left-wing هەژمار دەکرێت یاخود نا، لەو بارەیەشەوە ئاڵۆزیی هەیە، بەڵام کۆی گشتی ڕژێمەکە جەختکردنەوەیە لەسەر ئازادی دەستیی کار (کرێکار) لە خودبەڕێوەبردنی سەرمایە و دارایی. هێزی خاوەندارێتی لە ژێر سایەی سیستەمی سۆسیال دیموکراتدا تێکەڵەیەکە لە خاوەندارێتی مووڵکی تایبەت و خاوەندارێتی حکومی (کەرتی گشتی)، لێرەشدا لەژێر سایەی میریدا کۆمەڵگە پەراوێز ناکرێت و ڕۆڵی ڕاستەقینەی هەیە. ئەم سیستەمە وا لێکدەدرێتەوە کە هاوسەنگی ڕادەگرێت لەنێوان وەدیهێنانی حەزی تاک لە چوارچێوەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی و پاراستنی بەرژەوەندی گشتیی.

ڕۆڵی ڕاستەقینەی سۆسیال دیموکراتیک لە هەمبەر سیستەمی پەروەردە لەوێوە دەستپێدەکات کە باوەڕی وایە دەبێت دەزگای حوکومەت وەبەرهێنانێکی گەورە لە کەرتی پەروەردەدا، لەسەر بنەمای خۆشگوزەرانیی تاکەکەسیی، بەشداریی هاوبەش، پەرەپێدانی بازاڕ، یەکسانی و گەشەپێدانی بەردەوام کار بکات. بەریتانیا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لە ساڵانی شەست بۆ حەفتاکاندا لەڕێگای (پارتی کار) Labour Party کاری کردووە لەسەر تۆخ کردنەوەی ئەو بنەمایانە لەناو سیاسەتی پەروەردەیی ناوەندەکانی خوێندندا، کە ئەمەش هەم ڕەخنە و هەمیش پێشوازی لێ کراوە. ئامانجی سەرەکی سیستمی سۆسیال دیموکراتیک ڕەخساندنی ژینگەی پەروەردەییە بۆ زۆرترین هاونیشتیمانیی لە چینی مام ناوەند middle class .

ڕژێمی سۆسیال دیموکراتیک، لە فۆرمە ئەوروپییەکەیدا تێگەیشتنێک دەهێنێتە ئاراوە کە جەخت لەسەر فەردانییەت **individuality** دەکاتەوە، کە حەز و بڕیار و هەڵوێستی تاکەکەسیی زیاتر ڕەنگدەداتەوە نەک بڕیاری گشتیی تۆتالیتار، ئەمەش جەختکردنەوەیە بەوەی خزمەتکردنی بەهرەی تاکەکەسیی بکات، کە دواجار دەبێتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتیی لە فۆرمێکی نوێدا، هێنانەکایەی وەچەیەکی تازە کە زێتر پشتئەستوورە بە توانا تاکەکەسییەکانی خۆی نەک دەرفەتە گشتییەکانی میری لە دامەزراندن و هەلی کارکردن. ڕاستە کە لەڕووی بنەمای تیۆرییەوە سیستەمەکە هەوڵدەدات هەل و دەرفەتی یەکسان و دادپەروەرانە بۆ هەمووان بڕەخسێنێت کە تێیدا پەرە بە توانستەکانیان بدەن، بەڵام لە هەمان کاتدا کار لەسەر گیانی کێبڕکێ و خۆگونجاندن و خۆتازەکردنەوەش دەدات. ڕژێمی سەرمایەداری لەم خاڵە جەوهەرییەدا دژی ڕژێمی سۆسیال دیموکراتیک ڕادەوەستێت چونکە بنەمای هەرە سەرەکیی سەرمایەداریی بریتییە لە گیانی کێبڕکێی تاکگەرایی، کە تام وەک سەنتەر دەردەکەوێت. سیستەمی سۆسیال دیموکراتیک پتر گرنگیی دەدات بە کەرتی گشتیی نەک بزنسە کەسییەکان، چونکە پێیوایە کە لەوێوە باشتر ئامانجە پەروەردەییەکانی وەکو یەکسانی و هەلی یەکسان و بەها هاوبەشەکان دێنە دی. پڕۆگرامەکانی خوێندن لەم ڕژێمەدا پێکەوە لێکئاڵاون، وە ئەمە گرێدانی کۆمەڵگەیە (وەک فەزای گشتی) لەگەڵ ناوەندەکانی خوێندن و ناوپۆل (وەکو فەزای زانستیی) لە شێوەی پێکەوەسازاندا، ئەمە بەجۆرێک کە تاک لەناو ناوەندەکانی خوێندندا بۆ دەرەوە دروستدەکرێتەوە، کە تەنها زانست وەک کەرستەی مەعریفەت نابینێت بەڵکو هونەر و کارامەیی و توانستەکانیش **skills** فێر دەبێت کە بۆ پیشەوەری و داهێنان و کارگێڕی و خودبەڕێوەبردن و ....هتد، پێویستی پێ دەبێت. لێرەدا تاک و کۆمەڵ لێکدانابڕێنرێن و بە پێچەوانەشەوە هەمیشە بۆ یەکدی ئامادە دەکرێن. لەسەر ئەو فەلسەفەیەش حوکومەت ساڵانە سەرپەرشتیی نوێکردنەوەو گۆڕین و چاککردن و پاکبژارکردنی پڕۆگرامەکان دەدات. لێرەدا بڕیارلەدەستان پشتئەستوور دەبن بە تیۆرەکانی فەلسەفەی پەروەردەیی زانا (جۆن دیوی) لەوەدا کە ناوەندەکانی خوێندن وەکو وەرشەیەکی کار، هەروەها ژینگەیەکی کرداریی بۆ فێربوونی پیشەوەریی و کارکردن دەبینن. لەژێر تیشکی بیر و هزری دیوی **Dewey** دا پەروەردە وەکو (پڕۆسەیەکی کۆمەڵایەتیی) هەژماری بۆ دەکرێت کە فێرخواز تێیدا تەنها وانەی بۆ ناوترێتەوە بۆئەوەی وەک بوونەوەرێکی پاسیڤ

وەرگر بێت، بەڵکو بە کرداریی و لەمەیدانی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی هەمەلایەندا، بینای کەسایەتی و ڕەفتار و دنیابینی و توانستەکانیشی دەکرێت. دیوی لە کتێبەکەیدا (دیموکراسی و پەروەردە)، باوەڕی وایە کە ژینگەی باڵەخانە و دیوار و مەیدانی قوتابخانەش وەک مامۆستا فێرکارن بۆیە دەبێت ژینگەی فیزیکی خوێندنگا پڕبێت لە تاقیگە و دوکان و باخچە و وەرشەی کارخانە.

ئەم بنەمایە گەرچی فەلسەفەی نیۆلێبڕالیزم هەوڵیداوە تەبەننی بکات و پشتی پێ ببەستێت، بەڵام لە پەروەردەی سۆسیال دیموکراتیکدا زۆر جار باسی لێوە دەکرێت.

سیستمی سۆسیال دیموکراتیک، لە سادەترین دەربڕیندا، باوەڕی وایە کە لەپاڵ بنەمای ئازادیدا ناوەندەکانی خوێندن نابێت هێندە سەربەست بن لەوەی بە ئارەزووی خۆیان سیاسەتی دارایی و کارگێڕیی دابڕێژن، بەڵکو دەبێت لەژێر چاوەدێری میرییدا بن، پێویستییان بە پاڵپشتی ڕاستەوخۆی دارایی میری هەیە، بۆ فەراهەم کردنی ژینگەیەک کە تێیدا هەلی یەکسان بۆ چینی مام ناوەند middle class بڕەخسێنرێت تا بە کەمترین تێچووی تاکەکەسیی بتوانێت بە پەیژەکانی خوێندندا سەربکەوێت و لە کەمترین مافیدا بڕوانامە وەربگرێت. تیۆرزان و پەروەردەناسانی سۆسیال دیموکراتیک سێ چەمک وەکو بنەمای سەرەکیی بۆ ئەم فەلسەفەیە دادەڕێژن، ئەوانیش بریتین لە ئازادی، یەکسانی، و پێکەوەیی. بەڵام ئایا لە واقیعی کۆمەڵگەدا تا چەند ئەم سێ بنەمایە ڕەنگدەدەنەوە؟ ئەمە باسوخواسێکی دیکەیە و لێرەدا ناچینە سەری.

وەکو سیاسەتی دارایی و ئابووریی دەوڵەت لەم ڕژێمەدا، کۆمەڵێک پڕۆگرامی تایبەت دەخرێنە بواری جێبەجێکردن تا کەرتی گشتیی و بەرژەوەندیی تایبەتی تاک پێکەوە ببەسترێنەوە، بۆ نمونە: پڕۆگرامی تایبەت بە گرنگیدان بە تەندروستیی منداڵ، شێڵتەری بەسالاچووان، بیمەی کرێکاران، میکانیزمی دابەشکردنی داهات و سەروەتی نیشتیمانیی..هتد، ئەمانە بە هەماهەنگی لەگەڵ کەرتی تایبەت نەخشەیان بۆ دادەڕێژرێت، بۆیە زۆرجار ئەم جۆرە سیاسەتە دەستەواژەی سیستەمی ئابووری «تێکەڵ» mixed یشی بۆ بەکاردەهێنرێت، هەروەکو ئابووریناس و نووسەر (مایکڵ هارینتۆن) لە پەرتوکی (سۆسیالیزم لەنێوان ڕابردوو و داهاتوودا) لێی دواوە. هەروەها لەمبارەیەوە ئابووریناس (جۆزێف شۆمپێتەر) لە پەرتوکی (سەرمایەداری، ئیشتراکییەت و دیموکراسی) دا دەڵێت کە ئەم ڕژێمە ئابووریيە ڕووانینی وایە کە دەبێت لەجیاتی داپڵۆساندنی کەرتی تایبەت، سیاسەتی «ئیدارەکردن» و

«ڕێکخستنەوە» ی سەرمایە و کەرتی تایبەت ئەنجام بدرێت. سیاسەتوان و ئابووریناسی سوێدی (گەنار ئادلەر کارلسۆن) لە کتێبەکەی بەناوی (ئیشتراکییەتی کارەکیی و کارا) لەمبارەیەوە دەڵێت کە دەبێت بەبێ هیچ هۆکارێکی تۆندوتیژانە، دەستەڵاتی دارایی چینی پارەدار و پادشا و بنەماڵەی شاهانە بدرێتە دەست چین و توێژەکانی خەڵک، کە بێگومان ئەمەش کارێکی دژوارە و وا بە ئاسانی ناکرێت بەتایبەت کاتێک لەبارەی هەستیارترین کایەی دەوڵەت کە (پەروەردە) بە دەدوێین!

ڕژێمی سۆسیال دیموکراتیک بۆ هێنانەدی ڕووانینە پەروەردەییەکانی لەنێو کۆمەڵێک کایەی سەرەکیی کۆمەڵدا یاری دەکات، کە ئەمانیش بریتین لە: وەبەرهێنان، تەکنەلۆژیا، تەندروستی و خێزان و سەرمایە و بزنس.....هتد، کە بێگومان قسەی خۆی لەسەر ڕۆڵی پەروەردە لە هەرکامیاندا هەیە، بەڵام ئەوەی وایکردووە توێژینەوە و دووین لەو بارەیەوە سەخت بێت ئەوەیە کە تا ئێستا ڕووانینی سۆسیال دیموکراتیک بۆ پەروەردە و هەرکام لەم بوارانە جێگیر و نەگۆڕ نین، وە لەسەر هەردووک ژێی ڕاست و چەپ یاری دەکات و باز دەدات، بۆیە فەلسەفەی پەروەردەیی سۆسیال دیموکراتیک هەمیشە لە خۆچنکردن و فۆرمەڵە بوونداید، بۆیە وەک نووسەری ئەمریکی (ئێرڤینگ کریستۆڵ) دەڵێت کە سۆسیال دیموکراتیک لە فەلسەفەیدا «ناجێگیرە» و کاتی زۆری دەوێت هەتا خۆی بەیان بکات چی دەوێت لەناو کۆمەڵدا، چونکە قاچێکی لە مەیدانی بازاڕی کار دایە، وە قاچێکی تری لەناو دەستتێوەردانی دەوڵەتدایە. وڵاتانی وەکو سوێد و ئەڵمانیا دوو نمونەی بەرچاون، کە بۆ نمونە توێژەران بۆ وڵاتی سوێد چەمکی «دەوڵەتی خۆشگوزەرانی» **welfare state** بۆ ئەم بابەتە بەکاردەهێنێنن (بڕوانە پەرتوکی تێگەیشتن لە سۆسیال دیموکراتی، لە نوسینی شێری بێرمان مامۆستای زانکۆی کۆڵۆمبیا لە ئەمریکا، ٢٠٠٨).

هەرچەندە بەم ساڵانەی دوایی لە هەندێک وڵاتدا لەژێر هەژموونی (نیۆ لێبڕالیزم) دا بەتایبەت لە بەریتانیای سەردەمی تۆنی بلێر لە ساڵی ١٩٩٧ بەولاوە، فەلسەفەی سیستمی سۆسیال دیموکراتیک پتر بەرەو سەرمایەداریی هەنگاوی هەڵێناوە و بەرەو ڕاستڕەوی **right-wing** خۆی گونجاندووە، کە زیاتر (بازاری کار) و «بازاڕی ئازاد» خۆیان دەخزێنن ناو جموجۆڵی ڕیفۆرمی پەروەردە و لەو بارەیەوە قسەی خۆیان هەیە،

لێکۆڵینەوە لەبارەی سیستم و ڕووانینی سۆسیال دیموکراتیک ئاسان نییە و بەربەست و ئاریشەی ئەکادێمی خۆی هەیە چونکە لە پڕۆسەدایە و خۆی تازە دەکاتەوە، وە هێندێک پرسیاری وەڵامنەدراوەی هەیە

بەتایبەت لەوەدا کە سەرمایە بزوێنەری هەرە سەرەکیی گەشەی کۆمەڵگەیە، وە پەروەردەش پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵدا هەیە. بەڵام بەگشتیی تیۆر داڕێژەرانی بواری پەروەردەناسیی سۆسیال دیموکراتیک باوەڕیان وایە کە پێویستە هەوڵبدرێت کە کەمترین جیاکاریی کلاس و چینی کۆمەڵایەتیی پێویستە بوونی هەبێت، بەرەو گۆڕانێکی باشتری کۆمەڵایەتی، ئەمە ئەو خاڵەیە کە دەتوانرێت بگوترێت هەموویان لەسەری کۆک و هاوڕان.

سیستمی پەروەردەی کۆمەڵگەی سۆسیال دیموکراتیک، لەپاڵ ئاریشەی خۆ دروستکردن و بەربەستەکانی بەردەمیشی، جەخت لەسەر فەلسەفەی چارەسەرکردنی کێشە **problem-solving** دەکاتەوە، کە مۆدێلێکی تاڕادەیەک نوێی پەروەردەییە بە بەراورد بە مۆدێلەکانی دیکە. لێرەدا پەروەردە تەنها کار لەسەر زانینی مرۆڤ بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا، یان جولّەی بازاڕ، یان بزواندنی مەکینەی کارخانەکان ناکات، بەڵکو کایەکانی خوێندەواریی میدیایی، فرەیی و پێکەوەیی، هۆشیاری لەبارەی ڕەوشی ئافرەت، هۆشیاریی خودناسیی، نەشونمای توانستە هۆشەکییەکان، پەروەردەی سیڤیل، ژینگەپارێزی...هتد، کۆمەڵێک پلان و بەرنامەی پەروەردەیین کە وڵاتانی ئەسکەندەنافیا بە ڕوانینی سۆسیال دیموکراتیک ئیشی لەسەر دەکەن. دوو خەتی جیاواز لێرەوە سەرهەڵدەدەن کە ئایا پەروەردە باشترە جەخت لەسەر توانستی مرۆڤ **skills** وەکو هێزی پیشەگەری و بەرهەمهێنان و کار بکاتەوە یاخود زانین **knowledge** وەکو هێزی زانیاری و داتا و بیرۆکەی ئابستراکت. بۆ ئەم مەبەستە تۆژینەوە و دیبەیت و گفتوگۆی جیاواز هەن، بەڵام لێرەدا ئاماژە بە بۆچوونی ئابووریناس و ڕەخنەگر (تیۆدۆر شوالّتز) دەکەم کە هەردووک لایەنی زانست و توانستی پیشەیی پێکەوە، وەک دوو جومگەی سەرەکیی گەشەی پەروەردەیی کار دەکەن، بۆیە حوکومەتی سۆسیال دیموکراتیک پێویستە بۆ ڕەخساندنی کێبڕکێی هێزی کار **workforce** جەخت لەسەر ڕاهێنانی پیشەیی بکاتەوە، کە تێیدا هەم بە تیۆری و هەمیش پراکتیکی، وەک دووانەیەکی ئاوێتە، فێرخواز فێری پیشەگەریی بکات. هەڵبەتە شوالّتز بەهۆی پسپۆرییە ئابوورییە کشتوکاڵییەکەی پتر جەخت لەسەر ڕاهێنانی فێرخوازان بۆ کەرتی کشتوکاڵی و تەکنەلۆژیای کشتوکاڵیی دەکاتەوە. ئیدی بەمشێوەیە پەروەردە لە کایەو سێکتەرە زیندووەکانی کۆمەڵگە دانابڕێت و بەشێک دەبێت هەم لە کێشە و هەمیش لە چارەسەر. بەڵام هەمدیسان ئایا ئەم فەلسەفەیە لە مەیدانی واقیعی کۆمەڵگەدا چەند ڕەنگ دەداتەوە؟ ئەوە باسێکی جیاوازە و لێرە دەرفەت نییە هەڵسەنگاندنی زاتیی بۆ بکەین.

بە کورتی، لێکۆڵینەوە لەبارەی سیستم و ڕووانینی سۆسیال دیموکراتیک ئاسان نییە و بەربەست و ئاریشەی ئەکادێمی خۆی هەیە چونکە لە پڕۆسەدایە و خۆی تازە دەکاتەوە، وە هێندێک پرسیاری وەڵامنەدراوەی هەیە لەبارەی چەمکی یەکسانی، کە ئایا یەکسانی چۆن پێناسە دەکرێت؟ وە ئایا دەشێت یەکسانیی بە پڕی لە کۆمەڵدا بێتە دی؟ چۆن دادگەریی لە کۆمەڵدا پیادە بکرێت؟ ڕۆڵی پەروەردە چییە بە پیادەکردنی چەمکی ئازادی و یەکسانی و پێکەوەژیان؟ ئایا ئەو بنەمایانە چین کە پەروەردە دەبێت جەختی لەسەر بکاتەوە بەبێ تێکدانی جیاوازی شوناسی تاکەکان بەتایبەت لە کۆمەڵگەی پۆستمۆدێرندا کە پڕاوپڕە لە فرەیی ئاینی و ئەتنی و کولتوری. ئایا دەشێت جیاوازیی چینایەتی نەهێڵرێت؟ ئایا ئەمە دەگونجێت لەگەڵ تێکدا کە بازاڕی ئازاد وەک پێویستییەکی سەرمایەداری و نیۆلیبڕال خۆی قیت دەکاتەوە و مرۆڤی مۆدێرن بەرەو تاکگەرایی هەنگاوی هەڵێناوە؟ ئایا ڕۆڵی پەروەردە چۆن بەدی دێت لەوەی کە نەچێتە ژێر چنگی بازاڕسەنتەریی ئابووریانەی سۆسیال دیمۆکراتیک بەتایبەت لەدونیای ئێستادا کە بازار دەستی گرتووە بەسەر خواستی پەروەردە؟ هەموو ئەمانە کۆمەڵێک پرس و پرسیارن کە دەشێت لە وتار و توێژینەوەی دیکەدا قسە و باسی چڕیان لەبارەوە بکرێت و، شیکارییان بۆ بکرێت.

سەرچاوەکان

Göran Therborn, «A Unique Chapter in the History of Democracy: The Swedish Social Democrats», in. K. Misgeld et al (eds.), Creating Social Democracy, University Park Pa., Penn State University Press, ١٩٩٦

Haralambos and Holborn (٢٠٠٤). Sociology Themes and Perspectives, Sixth Edition.

Fuchs, Christian (٢٠١٩). Karl Marx's Fifteen Key Concepts for Cultural and Communication Studies. Routledge Marxism:

Heywood, Andrew (٢٠١٢). Political Ideologies: An Introduction (5th ed.). Basingstoke, England: Palgrave Macmillan.

Berman, Sheri (٢٠٠٨). Understanding Social Democracy (PDF). What's Left of the Left: Liberalism and Social Democracy in a Globalized World. Cambridge, Massachusetts: Minda de Gunzburg Center for European Studies, Harvard University. Archived from

.٢٠١٦ March ٤ the original (PDF) on
.٢٠١٦ January ٢٩ Retrieved

https://theconversation.com/why-john-deweys-vision-for-education-and-٢٢٢٨٤٩-democracy-still-resonates-today

https://easysociology.com/sociology-of-ideology/social-democratic-views-of-/education-an-outline-and-explanation

/٢٠/١٠/٢٠١٧/https://revisesociology.com social-democratic-perspectives-on-education/https://www.coe.int/en/web/higher-education-and-research/democratic-mission-of-higher-{[١]:٢٢٪٢٢٣٤١٣٥٩٠٥٪}#education

https://www.socialdemokratiet.dk/english/social-democratic-principles

پرۆفایل:

* بوخاری عبدالله قەسرێ.

* لەدایکبووی ١٩٩٠ی شاری هەولێر.

* بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی.

* مامۆستا لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سەڵاحەددین.

* لە زانکۆکانی (تیشك) و (نۆڵج) و (ئەڕبیل) وانەی وتۆتەوە.

* نووسەری کتێبی (لە دەرەوەی سندوقەکە بیر بکەرەوە).

* دامەزرێنەری یەکەمین پێشبڕکێی دیبەیتی زانستی زانکۆکانی کوردستان.

مەلا حوسێنی پشدەری

لە حوجرەکانی کوردستانەوە بۆ مامۆستای شاری (دار السلام)

د.ئاراس محمد صالح

لە خوێندنگە و مزگەوتی شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستاندا، لەگەڵ بوونی هەموو نا ئارامیەکی سیاسی و دواکەوتوویی دۆخی ئابووری و پاشکەوتوویی باری کۆمەڵایەتی و نەبوونی دەزگا و دامەزراوەی زانستی پێشکەوتوودا، لەگەڵ هەموو ئەم بەربەست و ئاستەنگانەشدا بە درێژایی مێژوو زۆر زانای گەورە لە کوردستاندا هەڵکەوتوون، هەندێک لەو زانایانە لە شارە گەورەکانی وەک بەغدا و شام و حیجاز و ئەستەمبوڵدا بوونەتە موفتی و مامۆستا و نووسەری بەتوانا و خزمەتی زۆری بزاڤی زانستی و ژیار و شارستانیەتی جیهانی ئیسلامیان کردووە.

یەکێک لەو زانا بلیمەتانەی لە خوێندنگەکانی کوردستاندا پێگەیشتووە و بووەتە یەکێک لە مامۆستا گەورەکانی شاری بەغداد، مامۆستا مەلا حوسێنی پشدەری نورەددینییە، ئەم زانا هەڵکەوتووە ناوی (حسێنی کوڕی مەلا عەبدوڵا کوڕی مەلا محەمەد کوڕی مەلا خدر)ە، بنەماڵەکەیان بە خدری ناسراون و لە هۆزی نورەددینی ناوچەی پشدەرن، مامۆستا مەلا حسێن لە ساڵی (١٨١١ز) لە خێزانێکی خوێندەوار و مەلازادەدا لە گوندی (نورەدین) سەر بە شارۆچکەی قەڵادزێ لەدایک بووە، وەکو لەڕشتەی بنەماڵەکەیانەوە دەردەدەکەوێت بنەماڵەیەکی مەلا زادە بوون و چەند پشتێکیان بە مەلایەتی هاتوون.

مامۆستای پشدەری سەرەتای خوێندنی لای باوکی بووە، دوای ئەوەی کتێبە سەرەتاییەکانی خوێندنی ئاینی تەواو کردووە، بەپێی نەریتی خوێندنی ئەو سەردەمە بۆ تەواو کردنی قۆناغە زانستییەکان زۆر خوێندنگە و ناوچەی جیاوازی کوردستان گەڕاوە، بەردەوام بووە هەتا لای مامۆستا گەورەکانی ئەو ڕۆژگارە خوێندنی تەواو کردووە، لەدوای وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی لەناوچەکەی خۆیاندا بووەتە مامۆستا و پێشنوێژ و خوانی زانستی ڕاخستووە و لە زۆر ناوچەوە فەقێ و شەیدایانی زانست ڕوویان تێکردووە و لە زانست و ڕەوشت و خواناسی بەهرەمەند بوون.

هەندێ لەو کەسانەی باسی ژیانی ئەم مامۆستایەیان کردووە، وتویانە لای زانای گەورە و موفتی عێراق (محمد فيضي الزهاوي) لە شاری بەغدا ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، بەڵام مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس پێی وایە تەنها بۆ پیرۆزی لای زەهاوی ئیجازەی وەرگرتووە، چونکە کاتێک چووەتە بەغدا مامۆستای مودەڕیس و خاوەنی ئیجازەی زانستی بووە.

هەرچەندە نازانرێت لە کوێ خوێندنی تەواوکردووە و ئیجازەی زانستی لای کێ وەرگرتووە، بەڵام بەوپێیەی لای زانای گەورە مەلا محەممەدی خەتێ دەرسی خوێندووە، ئەگەری زۆرە لای ئەم زانایە خوێندنی تەواو کردبێت و ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتبێ، چونکە کاتێک شێخ محەممەد ئەمینی بەرزنجەیی سەردانی ڕەواندزی کردووە و چاوی بە مەلای خەتێ کەوتووە، مامۆستای خەتێ باسی مەلا حسێنی بۆکردووە و لە ستایشیدا وتویەتی: کەسم نەبینیوە لەوانەی دەرسیان لاخوێندووم و لای من خوێندنیان تەواوکردووە هاوشێوەی مەلا حسێنی پشدەری لە بلیمەتی و توانای زانستی و ئاکاری بەرزدا. ئەم وتەی مامۆستای خەتێ ئەوە دەگەیەنێت مامۆستای پشدەری ئیجازەی زانستی لای ئەو وەرگرتبێت.

مامۆستا محەممەد ئەمینی بەرزنجەیی دوای ئەوەی گەورەیی و بلیمەتی مامۆستای پشدەری بۆ دەرکەوتووە، بەلایەوە وابووە مانەوەی ئەم مامۆستا بەتوانایە لە گوندێک یان شارۆچکەیەکی دوورەدەستدا دەبێتە هۆی بەهەدەرچوونی توانا و هەوڵە زانستییەکانی. هەربۆیە هیوای خواستووە بچێتە شارێکی گەورەی وەک بەغداد، پاش ئەوەی شێخ محەممەد ئەمین ئەم هەواڵەی لە مامۆستا خەتێ بیستووە و سۆراخی مامۆستای پشدەری کردووە، کاتێک توانا و ئاستی زانستی ئەم زانایەی بۆ دەرکەوتووە، نامەیەکی بۆ زانای عێراق (محمود أبو الثناء الالوسی) نووسیوە و داوای لێکردووە لە شاری بەغداد شوێنێکی گونجاوی بۆ دابین بکەن، لەدوای نامەو داواکەی بەرزنجەیی شێخ ئالوسی لە مزگەوت و خوێندنگەی ئیمامی ئەبوحەنیفە جێگەی بۆ دابینکردووە و لەو مزگەوتەدا بووەتە مودەڕیس.

دەق و دەستنووسی هەموو ئەم نامانە هەتا ئێستا پارێزراون، نامەکەی مامۆستا محەممەد ئەمین بەرزنجەیی و وەڵامی شێخ ئالوسی لە کتێبی (حديقة الورود)دا پارێزراوە، مامۆستا محەممەد عەلی قەرەداغی لە کتێبی (ورود الكرد فی حديقة الورود) هەندێ لەو نامانەی ئاماژە پێکردووە.

دوای ئەوەی لەسەر داوای زانای ناسراوی بەغداد (محمود أبو الثناء الالوسی) مامۆستا مەلا حسێن بووەتە مامۆستا و مودەڕیسی گەورەترین خوێندنگە

یەکێک لە قوتابیەکانی مامۆستای پشدەری زانای ناسراوی عێراق (نعمان خیرالدین الالوسی) بووە، لە ستایشی مامۆستاکەیدا ئەڵێ: یەکێکە لە زانا گەورە و بەتواناکانی کورد، ئەوانەی هاتوونەتە بەغدا، دریژەی باس و گەورەیی ئەم مامۆستایە لە دەستنووسی (حديقة الورود)دایە

و مزگەوتی شارێکی گەورەی عەرەبنشینی وەک بەغداد، ئەمە بەڵگەی توانا و لێوەشاوەیی ئەم زانا بەهرەمەندەیە کە ئەو پێگە و شوێنە گرنگەیان پێداوە.

بەپێی هەندێ سەرچاوە مامۆستای پشدەری لە ساڵی (١٢٦٥ک-١٨٤٩ز) بووەتە مامۆستای خوێندنگەی ئیمامی ئەبوحەنیفە لە شاری بەغداد، لەم خوێندنگەیەدا بەردەوام بووە لە تەدریس و دانانی کتێب هەتا لە ساڵی (١٩٠٤ز) کۆچی دوایی کردووە لەو شوێنەدا ماوەتەوە و بۆ ماوەی زیاتر لە (٥٥) ساڵ خزمەتی پرۆسەی خوێندن و زانستی کردووە، لە دوای کۆچی دوایی مامۆستای پشدەری نەوەکانی لە جێگەکەیدا بەردەوام بوون لە خزمەتی ئاین و زانستدا.

بەپێی ئەوەی لە نووسینەکانیدا ئاماژەی پێکردووە، مەلا حسێنی پشدەری لە ساڵی (١٢٥٩ک-١٨٤٣ز) دا لە شاری بەغدا بووە و لەو ساڵەدا لە نووسینی (شرح تشریح الافلاک) بووەتەوە، وەکو لە کۆتایی ئەم دەستنووسەدا ئەڵێ:

واعلم بأن هذه قد ختمت ... سنة ألف ومأتين مضت

كذاك تسع و كذا خمسين .... من هجرة الرسول للمدين.

ساڵی (١٢٥٩ک) بەرامبەرە بە (١٨٤٣ز)، هەروەها لەم ساڵەدا لە شاری بەغدادا ئەم دانراوەی تەواوکردووە، وەکو ئەڵێ:

في بلد سمى بـ (السلام) .... مشتغلا أنا بالاهتمام

لەدێرە هۆنراوەکی تردا ئەڵێ ناوم (حسين)ـە و باوکم ناوی (عبدالله) بووە، وەکو ئەڵێ:

واخر ما ينطق به الحسين ... الحمد لله رب المشرقين

ذاك ابن عبدالله رب اغفرهما .. واحشرهما مع الاقوام الكرما.

لەهەندێ نووسیندا کە باسی مامۆستای پشدەری کراوە ناوی باوکی بە (صبری) هاتووە، بێگومان ئەوە هەڵەیە پێویستە ڕاستبکرێتەوە.

زۆرێک لە نووسەران و زانایان و مێژوونووسان باسی توانا و ستایشی زانایایی مامۆستای پشدەریان کردووە، یەکێک لەوانە زانای گەورەی عێراق و خاوەنی تەفسیری (روح المعانی) (أبو الثناء الألوسی) کە پێشەکی بۆ دانراوی (شرح تشریح

الأفلاك)ی مامۆستای پشدەری نووسیوە: ئەڵێ: زانایەکی گەورە بووە، ئەم ڕاڤەی بۆ کتێبی (تشریح الافلاک) کردووە و هیچ شەرحێکی تر هاوتای نییە. ئەم کتێبەی بەهادینی عاملی پرۆگرامی خوێندن بووە لە مەدرەسە ئاینییەکاندا و زۆرێک لە زانایانی جیهانی ئیسلامی شەرح و پەراوێزیان بۆ نووسیوە، بەڵام زانایەکی وەک (ئالوسی) ئەڵێ: باشترین شەرحی ئەم کتێبە شەرحەکەی مامۆستا پشدەرییە، ئەمەیش بەڵگەی هەڵکەوتوویی و توانای ئەم مامۆستایەیە.

هەروەها زانای سەردەمی خۆی محەممەد ئەمین بەرزەنجەیی پێشەکی بۆ دەستنووسی ناوبراو نووسیوە و ستایشی توانا و لێوەشاوەیی مامۆستای ناوبراوی کردووە.

یەکێک لە قوتابیەکانی مامۆستای پشدەری زانای ناسراوی عێراق (نعمان خیرالدین الالوسی) بووە، لە ستایشی مامۆستاکەیدا ئەڵێ: یەکێکە لە زانا گەورە و بەتواناکانی کورد، ئەوانەی هاتوونەتە بەغدا، درێژەی باس و گەورەیی ئەم مامۆستایە لە دەستنووسی (حدیقة الورود)دایە.

مێژوونوسی گەورەی عێراق (المحامی عباس العزاوی) بە زانای گەورە ناوی بردووە و بە یەکێک لە گەردوونناسە (عالم الفلک) بەتواناکانی عێراق باسی کردووە.

هەروەها مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس بە: (زانای گەورە، شانازی سەردەمەکەی، چاکەی ڕۆژگار) باسی کردووە. لە هەمان کاتدا مامۆستا محەممەد عەلی قەرەداغی ئەڵێ: زانایەکی گەورە و بێوێنە بووە، کاتێک چووەتە بەغدا لە ماوەیەکی کەمدا ئەستێرەی دەرکەوتووە، خوێندنگەکەی بووەتە جێگەی کۆبوونەوەی قوتابیە زیرەکەکان و شەیدایانی زانست و فێربوون، شایەتی لەسەر گەورەیی ئەم مامۆستایە پێشەکی بۆ نووسینی (ئالوسی)یە بۆ کتێبەکەی (شرح تشریح الافلاک).

زۆرێکی تر لە زانایانی سەردەمی مامۆستای پشدەری و ئەوانەی لەدوای کۆچی دوایی لەسەریان نووسیوە و نووسراو و دەستخەتەکانیان خوێندووەتەوە، شایەتی توانا و گەورەیی ئەم زانا بەهرەمەندەیان داوە و هەوڵە زانستییەکانیان بەرز نرخاندووە.

دوای زیاتر لە (٥٥) ساڵ لە خزمەتی زانست و خوێندن لە مزگەوتی ئیمامی ئەبو حەنیفەدا، بەهۆی بارودۆخی تەندروستییەوە وازی لە خزمەت هێناوە و مەلا مارفی کوڕی جێگەی گرتووەتەوە و درێژەی بە کارەکەی باوکی داوە، مامۆستای پشدەری لەو ماوەیەی لەو مزگەوتەدا وانەی وتووەتەوە ژمارەیەکی زۆر لە عاشقانی زانست لە توانای بەهرەمەند بوون، لەو ماوەیەدا ژمارەیەک زانای گەورەی پێگەیاندووە و ئیجازەی زانستی پێداون،

لەوانە:

یەکەم/ عەبدولحەمید عیرفان کانیمشکانی سنەیی.

دووەم/ شێخ عەبدولمەجید شێخ تەها سنەیی.

سێیەم/ شێخ مەحمود سنەیی.

چوارەم/ شێخ نەعمان ئەفەندی ئالوسی.

ئەم زانا بەهرەمەندە دوای ساڵانێکی زۆر لە خزمەتی زانست و خوێندن، لە ڕۆژی (٣ شەوالی ١٣٢٢ک-١٩٠٤/١٢/١١ز) لە شاری بەغداد کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی (الخیزران) بەخاک سپێراوە.

لە دوای کۆچی دوایی مامۆستای پشدەری مامۆستا مەحمود و مەلا عارفی کوڕی لە شوێنی باوکیان تەدریسیان کردووە، لەدوای ئەمانیش مامۆستا مەلا عارفی کوڕی مەلا مەعروف و لەدوای ئەمانیش مەلا نامیقی کوڕی مەلا مەعروف لەهەمان خوێندنگە دریژەیان بەکاری پیرۆزی خوێندن و فێربوون داوە، واتە ساڵانێکی زۆر مامۆستا مەلا حسێنی پشدەری و کوڕ و کوڕەزاکانی لە شوێنکی گرنگی وەک مزگەوتی ئیمامی ئەبوحەنیفە و گەورەترین ناوەندی زانستی و ئاینی شاری بەغداد خزمەتی پرۆسەی خوێندن و زانستیان کردووە.

مامۆستای پشدەری لەگەڵ تەدریس و وتنەوەی وانەی زانستی و پێگەیاندنی قوتابیاندا، ژمارەیەک دانراو و حاشیەی زانستی داناوە، ئەم دانراوانە ئەوەندەی نووسەری ئەم دێڕانە ئاگادار بێت، هەتا ئێستا لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە و چاپ نەکراون و بڵاونەکراونەتەوە، لەوانە:

١/ شرح تشريح الأفلاك. ئەم کتێبە یەکێکە لە دانراوە بە نرخەکانی مامۆستای پشدەری، هەریەکە لە (ابو الثناء الالوسی) و (محمد امین البرزنجی) پێشەکیان بۆنووسیوە و ئاماژەیان بە توانای نووسەر و بەرزی و بەپێزی دانراوەکەی کردووە.

٢/ المباحث الشريفة في مناقب الإمام أبي حنيفة.

٣/ التحفة البهية في تفسير بعض الآيات. ئەم دانراوە تەفسیرێکی گەورەی قورئانی پیرۆزە، لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا چاپ نەکراوە و بەدەستنووسی ماوەتەوە، ئەوانەی باسیان کردووە ناوی جیاوازیان بۆ داناوە، وەک (تفسير برهان الهدى) و (التحفة البهية فى تفسير بعض الايات)، بەڵام بەو پێیەی (الشيخ هاشم الاعظمى) دەستنووسەکەی بینیوە لای نەوەکانی ئەڵێ: ناوی تەفسیرەکەی (تفسير برهان الهدى)یە، ئەم زانیاریە لە هەموو ئەوانەی پێشتر بەهێزترە.

٤/ رسالة الحساب.

٥/ رسالة الوضع.

٦/ رسالة المنطق.

٧/ رسالة العروض.

ئەوەندەی نووسەر ئاگادار بێت هەتا ئێستا ئەم دانراوانەی مامۆستای پشدەری بە دەستنووسی ماونەتەوە و چاپ نەکراون، بەو هیوایەی لەلایەن قوتابیانی خوێندنی بالاوە لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت و چاپ و بڵاوبکرێنەوە و گیانی مامۆستای پشدەری ئاسوودە بکەن.

سەرچاوەکان:

١/ ابراهيم فصيح الحيدرى، عنوان المجد فى بيان أحوال بغداد والبصرة ونجد، الطبعة الأولى ١٩٩٨م، دار الحكمة- لندن.

٢/ طاهر ملا عبدالله البحركي، حياة الأمجاد من العلماء الأكراد، الطبعة الأولى ٢٠١٥، دار ابن حزم، لبنان.

٣/ عباس العزاوي، المحامي، أربل في مختلف العصور، الطبعة الأولى ٢٠٠١م، بغداد.

٤/ عباس العزاوي، المحامي، تاريخ العراق بين احتلالين، مكتبة الحضارات، بيروت- لبنان.

٥/ عباس العزاوي، المحامي، تاريخ علم الفلك في العراق، الطبعة الأولى ١٩٥٨، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد.

٦/ عباس العزاوي، المحامي، شهرزور السليمانية اللواء والمدينة، الطبعة الأولى ٢٠٠٠م، بغداد.

٧/ عبدالكريم المدرس، علماؤنا في خدمة العلم والدين، الطبعة الأولى ١٩٨٣م، بغداد.

٨/ محمد زكي البرواري، الدكتور، الكورد والدولة العثمانية، موقف علماء كوردستان من الخلافة العثمانية في عهد السلطان عبدالحميد الثاني، الطبعة الأولى ٢٠٠٩، دمشق.

٩/ محمد علي القرداغي، ورود الكرد في حديقة الورود، الطبعة الثانية ٢٠٠٧م، أربيل.

١٠/ محەممەد عەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، چاپی یەکەم ١٩٩٨، بەغداد، بەرگی یەکەم.

١١/ هاشم الأعظمي، الشيخ، تاريخ جامع الإمام الأعظم ومساجد الأعظمية، الطبعة الأولى ١٩٦٤، بغداد.

پڕۆفایل:

پ.د. ئاراس محمد صالح

* نووسەرو مامۆستای زانکۆ.

* لە ساڵی ٢٠٠١ پلەی ماستەری وەرگرتووە.

* لە ساڵی ٢٠٠٤ لە زانکۆی سلێمانی بووەتە مامۆستا.

* لە ساڵی ٢٠٠٥ پلەی دکتۆرای وەرگرتووە لە تەفسیر و زانستەکانی قورئاندا.

* زیاتر لە (٤٥) لێکۆڵینەوەی زانستی بڵاوکراوەو بڵاونەکراوەی هەیە و ١٥ کتێبی چاپکراوی هەیە.

* نووسەر و ڕۆژنامەنووسە و بەردەوام لە ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتەکاندا نووسینی هەیەو ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی جیهانیە.

* بەشداری چەند کۆڕو کۆنفراسێکی زانستی لەناوەوەو دەرەوەی وڵاتدا کردووە.

* ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی بە پلەی زانستی پرۆفیسۆر.

* لە بواری زانستە ئیسلامیەکان و ئەدەب و مێژووی زانایان و خوێندنگە ئاینیەکاندا زیاتر توێژینەوەی زانستی بڵاوەکاتەوە.

تەلەفزیۆنی پەلکە زێڕینە یەکەم تەلەفزیۆنی منداڵان

یوسف کەمال
خاوەن کارەکتەری ستامپۆ

لە چیرۆکە ئەفسوناویەکانی شەوە تاریکەکانی کوردستانی بەرئاگردان و سەرنجی ئێمە لۆ پاڵەوانیەکانی ئەحمەدی برا گچکە و چەند بەرەنگاری هێزەکانی شەڕانگێزی دەکات و ململانێی مانەوە دەکات لۆ گۆڤاری گروگاڵی کورد و چیرۆکەکانی گیوموکریانی کە لەباب و هەمیشە بەهار تا دەگاتە چیرۆکە وێنەدارەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی و گۆڤاری ئەستیرە و کاروانی منداڵان و چەپکەکانی ئەدەبی منداڵان و ....هتد.

تا ترۆپکی ڕاپەڕین بە یەکەم کەناڵی کوردی ئازاد کە کەناڵی گەلی کوردستان لە سەدای دەنگ بوو بە رەنگ ووێنە و لە چیای سەرکەش لۆ ناو شار و ئەو نوکتەی ناحەزان بە ئێمەیان دەگوت حوکمی کوردی یعنی کارتۆنی کوردی! لە راستیش کردمانە کەناڵ و دەزگاکانی منداڵان .

هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی پڕشنگداری بواری ئەدەبی منداڵان و ڕاگەیاندنی بواری منداڵان و دەستنیشانکردنی یەکەم وێستگەی تەلەفزیۆنی منداڵان لە کوردستان کە پەخشێکی سەربەخۆ و تایبەتی هەبوو یەکێکە لەو کارانەی دەبێت بە بنکۆڵی وردی لۆی بچین، لۆیە پاش وردبوونەوە و لیکۆڵینەوە لۆمان دەرکەوت وەك تەلەفزیۆنی منداڵان و بنەماکی تەلە فزیۆنێکی سەربەخۆ لە ڕووی کادر و بەرنامە و ئاراستەی تەلەفزیۆنی پەلکە زێڕینە لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی رزگار جەعفەر گەڵاڵی (ئستا مامۆستای زانکۆیە لە ئۆکرانیا) و بە باشم زانی زانیاری ورد لە ئەو وەربگرم لۆ دارشتنەوەی زانیارییەکەم تەلەفزیۆنی منداڵان لە کوردستان و بەرنامەکانی و کاتی پەخش و کارمەندەکان ئەو پەخشەی بەبێ پچڕان لە ٢١ی کانونی دووەمی ١٩٩٨ تا ١٢ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٢ بەردەوام بوو و بە گرنگترین بەرنامەی دەست پێ دەکەین.

بڕگەی بوکەڵە بریتی بوو لە ئامۆژگاری و ڕێنمایی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و دەروونی بە شێوەیەك لەگەڵ گەشەی عەقڵی و تەمەنی و جوڵانەوەی منداڵ دەگونجا.

کارەکتەرەکان:

بەرنامەی بۆکەلەکان لە ژیرناوی (مالی پیرە) بوو.

کارەکتەرەکان خێزانێك بوو پێکهاتبوو لە:

١- پیرە لاو کارەکتەرەی سەرەکی.

١- لیمۆ: خوشکی پیرەلاو.

٣- مام وسو: بابی پیرە لاو کە ئامۆژگاری پیرەی دەکرد.

٤- دایە خەجێ: دایکی پیرە لاو.

(دەرکەوتنی ستامپۆش لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن، یەکەمجار بوو کە لە بەرنامەیەك لە بەرنامەکانی مالّی پیرە لاو لە ١١ی نیسانی ١٩٩٨ دەرکەوت دوای ئەوەی باسی ئەلبومی پوولی پۆستەی کرد لۆ پیرەلاوی و گرنگی کۆکردنەوەی پولی پۆستە، ئەوەش وای کرد بە زارەکی فەرمانگەی پۆستە دەستخۆشی بکات لە رێکخەری چالاکیەکانی ستامپۆ یوسف کەال داهینەری کارەکتەری ستامپۆ).

ئامانجی بەرنامە: فێربوون لەسەر بنەمای هەلە و فێربوون.

سەرەڕای سادەیی بوکۆلەکان کە بەراستی لە لەنگەکان و کارەکتەری بیانی بوون لە بنەمادا! بەڵام لە کات و تواناکان هەر ئەوەندە بوو بەهۆی ئابڵوقەی ئابووری و داخرانی وڵات بەڕووی جیهاندا.

دەنگەکان: یعقوب ولی ناسراو بە شەعبان کە کارەکتەرەی سەرەکی بوو ئەویش پیرە لاو.

رزگار جعفر: کارەکتەری مام وسو بوو کە ئامۆژگاری پیرەی دەکرد.

عەلی رەواندزی: رۆڵی لیمۆی دەگێڕا.

عیماد: رۆڵی پشیلە پەپۆی دەگێڕا.

نایف ئاسودە: رۆڵی ورچەی دەگێڕا.

باکگراوەندی نمایشەکە شێوەکار شێروان کێشابووی کە دیمەنی گوندێك بوو و ماڵێك لۆ پیرەی دورست کرابوو و چەند دار و درەختیش لۆی زیاد کرابوو وەك حەشارگەی پیرە بوو. رۆژانی هەینی بەرنامەکە مالّی پیرە لاو راستەوخۆ بوو پەیوەندی منداڵان وەردەگیرا، پیرەلاو مام وسو بە شێوەیەکی کۆمیدی وەڵامی منداڵانیان دەدایەوە.

ئەو بەرنامەیە بووە بنەمایەك لۆ بەرنامەی راستەوخۆی منداڵان و هەروەها چەند لایەنێکیش ببوونە سپۆنسەری دابینکردنی خەڵات و دیاری لۆ ئەو منداڵانەی وەڵامی راستیان هەبوو. پشیلەیەکیش بە ناوی پەپۆ و ورچۆ کە هەمان ئەکتەر عیماد رۆڵی تێدا دەبینی.

بنەمای ئەم ئەزموونە بریتییە لە تاقیکۆدنەوەیەکی

دەروونناسی ئەمریکی سۆرنداس کە هەستا بە زیندانی پشیلەیەك لە قەفەزێك و پارچە گۆشتێکی بەرامبەر دادەنرا، پشیلەکە یەکەم جار بەدەست دەرهێنانی هەوڵی گەیشتن بە گۆشتەکەیدا، تا دواییین هەوڵی سەرکەوتووترینیان بوو کە دەرگا کردنەوەکە بوو.

لێرەش رەگەزەکانی فێربوون ئەمانەن:

١- کاردانەوە.

٢- سەرنج ڕاکێشان.

٣-کاردانەوە.

٤-پاداشت.

بەمەش مێشك دەکەوێتە بیرکردنەوە: دۆزینەوەی کاردانەوەی و چارەسەر و هەڵوێست. لەڕێگەی قسە یاخود دەرهاوێشتەکان یاخود جوڵەی ماسولکەکان کاردانەوەی دەبێت.

لۆ ئەم تاقیکردنەوەیە بەکارهات وەك بنەما لۆ ماڵی پیرە؟

لەبەر ئەوەی لەگەڵ تەمەن و ئەزموون و گەشەی عەقڵی منداڵ دەگونجێت و کاردانەوەکەی بە شێوەیەکی سادە و ساکار دەبێت وەك رەنگدانەوەی شارەزایی و ئەزموونی ژیانی و ژینگەکەی.

بێگومان ئەم ئەزموونە لە ڕێگەی نمایشێکی جوڵەیی گفتوگۆیی کە دریژترین ماوەی نابیت لە چارەگە سەعاتێك تێپەڕێت پەیامەکەی بگات. بۆ نمونە ئەم نمایشە شی دەکەینەوە:

پیرە شتێك دەدۆزێتەوە کە نازانێ چییە !

منداڵ فێری گەڕاندنەوەی ئەمانەت دەکرێت.

پیرە دەیەوێت ئەو شتە بۆخۆی بێت.

لیمۆ (کە وێنای ڕێنماییکار و فێربوونە).

- پیرە ئەوە چییە؟

- نازانم (منداڵ پرسیار دەکات چییە !).

- لە کوێت بوو(فێری حەڵاڵ وحەرام).

- دیتمەوە (ئایا شتێك مووڵکی خۆت و هی کەسانی تر بێت چۆن منداڵ جیای دەکاتەوە).

- ئەدی لۆ نایگەڕێنیەوە؟ (بزواندنی هەستی بەرپرسیارەتی).

- فڕێیاندایە (خۆدزینەوە لە بەرپرسیارەتی).

- کوت زانی (وروژاندنی چاکە لە ناخیدا).

- ها نازانم!

- دەبێت بیبەینە لای مامۆستا بزانی چیە ونووسراوەکان چین!

- باشە.

ڕۆڵی ستامپۆ لەم بەرنامەیەدا ئەوە بوو کە بەشداربووان دەفتەرێکیان دەستنیشان کردبوو وەک ئەلبوم پوولی پۆستە و گەڵای درەخت و وێنەی ئاژەڵ و مەلەکانیان تێدا کۆدەکردەوە بۆ یادگاری زانیاری تۆمار کردن

لێرەدا منداڵ فێری زمانی ئینگلیزی سادە دەکرێت.

مامۆستا دەڵێت ئەوە ئەلبومە پولی پۆستەی تێدایە ئی ستامپۆیە و ناونیشانی لەسەرە.

بەو جۆرە رۆژانە لە کاتژمێر شەش و سێ چارەگ تا سەعات حەفت و نیو پیرەلاو دەبوە میوانی تەلە فزیۆنی ئیسلام کەنالی هەولێر.

بەرنامەکانی دیکەش بریتی بوون لە:

- ژیاننامەی پێغەمبەران و پیاوچاکان، کە لەلایەن رزگار جەعفەر پێشکەش دەکرا لە مزگەوتی عەداڵە وێنەی دەگیرا و بەشێوەیەکی سادە باس لە ژیانی پێغمبەر محمد صلی الله علیه وسلم و پێغەمبەرانی تر و پیاو چاکان دەکرا.

- بەرنامەی ئادابی ئیسلام: لە باخچەی منداڵان وێنەی دەگیرا کە رزگار جەعفەر پێشکەشی دەکرد و باس لە چۆنیەتی مامەڵە و رەفتار و گفتۆگۆ لۆ منداڵان دەکرا.

- بەرنامەی زانست: ئەو بەرنامەیە بە سەرکەوتووترین بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی پەلکە زێڕینە دادەنرێت. بڕگەکانی دابەش کرابوون یۆ دوو جۆر:

یەکەم: ستۆدیۆیەک دروست کرابوو لە شێوەی پۆلێکی قوتابخانە لە یەکێک لە ماڵەکان و بڕگەکانی بەرنامە بە شێوەی وانەگوتنەوەی زارەکی و پرسیار و وەڵام و گفتۆگۆ پێشکەش دەکران بەمەبەستی بڕەو دان بە زانیاریەکان و پێشەکیش لۆ بەرنامەی مەیدانی لەسەرهەمان بابەتی هەڵبژێردراو.

دووەم: گەشتی مەیدانی کە زیاتر لۆ باخچەی ئاژەڵان بوو(کە ئەوسا تەنیا باخچەیەکی بچوکی ئاژەڵان هەبوو لە هەولێر کە تەنیا چەند ئاژەڵێکی نامۆی کوردستانی تێدا بوو بەڵام ئەوەش نەبووە بەربەست). گەشتێکی زانستی لۆ منداڵان رێکدەخرا و منداڵەکان ئاشنا دەکران بەزانیاری ورد و گرنگ دەربارەی ئاژەڵەکان، نەک هەر ئەوەندە بەلکو هەندێک جار ئاژەڵێک دەهێنرایە باخچەیەک،

لۆ نمونە ئاژەڵە ماڵییەکان و لە نزیکەوە باسی لێوە دەکرا.

وەنەبێت بابەتەکنی بەرنامەکە هەر تایبەت بە ئاژەڵەکان بووبن، بەڵکو باسی جۆرەکانی درەخت و گرنگیدان و جۆرەکانیشیان دەکرا، هەروەها لە بەرنامەکە هەڵمەتی دارچاندن و بەزەیی بە ئاژەڵان ئەنجام دەدرا.

ڕۆڵی ستامپۆ لەم بەرنامەیەدا ئەوە بوو کە بەشداربووان دەفتەرێکیان دەستنیشان کردبوو وەك ئەلبوم پوولی پۆستە و گەڵای درەخت و وێنەی ئاژەڵ و مەلەکانیان تێدا کۆدەکردەوە بۆ یادگاری زانیاری تۆمار کردن.

ساڵی 2024z ساڵی ماراسۆنی هەڵبژاردنەکان و ململانێی پارت و ڕەوتە هێز پەرستەکان

محمد عەزیز لۆتەری

هەر لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٤ز ئاژانس و سەنتەرەکانی توێژینەوە بە بایەخێکی زۆرەوە باسی ئەو هەڵبژاردنانەیان کردبوو کە لەم ساڵەدا ئەنجام دەدرێن و دەیان پێشبینی و سیناریۆیان بۆ کردوون.

بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی چارەنووسساز لەم ساڵدا لە ٧٥ دەوڵەت دا کە ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە لەو وڵاتانە ڕێژەیان ٥٠٪ی دانیشتوانی جیهانە، یەکەی هەواڵگری ئابووری هەر لەسەرەتای ساڵەکە «The Economist» ژمارەی دەنگدەرانی بە ٤ ملیار کەس دانابوو، کە ژمارەی دانیشتوانی جیهان ٨ ملیار مرۆڤە.

وێستگە سەرەکییەکانی هەڵبژاردن لە ساڵی 2024z دا:

١- لە ڕۆژی شەممە ١٣ یناير/ کانونی دووەم ٢٠٢٤زدا دانیشتوانی دوورگەی تایوان کە ژمارەیان٢٤ ملیۆن کەسە و نۆزدە ملیۆن و نیو مافی دەنگدانیان هەیە، بۆ جاری سێیەم پارتی دیموکراتی پێشکەوتووخوازیان بە زۆرینەی ٤٠٪ لە دەنگەکان سەرکەوت بەسەر هەر یەک لە پارتی کومینتانگ کە ٣٣٪ هێنا و پارتی گەلی تایوانی کە ٢٦٪ دەنگەکانی هێنا، ئەم پارتە کەلە ساڵی ٢٠١٦وە باڵادەستە لە تایوان دەیەوێ تایوان ببێتە پارچەیەک لەئەوڕوپا و دوژمنێکی سەرسەختی هەژمونی چینە لە دوورگەی تایوان. باڵادەستی و سەرکەوتنی ئەو پارتە پێش ئەوەی دەنگدەران تابووری بۆ ببەستن کەشتیگەل و فڕۆکەهەڵگرەکانی ئەمریکا و ناتۆ پۆل پۆل مانۆڕی هەڕەشەئامێزیان کردبوو و بە دەنگی تەقینەوەی بەهێز دەنگیان بۆ ڕەوتە دابوو.

٢- لە ٢٨-١-٢٠٢٤ دا لە فینلاند هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بەڕێوەچوو، لەگەڕی دووەمی هەڵبژاردنەکە لە ١١ی شوبات لە نێوان دوو براوەی زۆرترین دەنگدا کە ئەلێکساندەر ستوب، سەرۆکوەزیرانی پێشووی نەریتخواز و پێکا هاڤیستۆ وەزیری پێشووی دەرەوەی فینلاند کراو تیایدا ئەلێکساندەر ستوب لەسەدا پەنجاویەکی دەنگەکانی بەدەست هێنا.

فینلەندا و وڵاتانی تری هاوسێی ئۆکرانیا و نزیک لە ڕوسیا کە لە ململانێیەکی دژواردا دەژین لەنێوان چوونە ناو ناتۆ یان نزیک بوونەوە لە مۆسکۆ، بۆیە هەڵبژاردنەکان لەو وڵاتانە لەنێوان ڕوسیا و ناتۆیە پارت و کاندیدەکانیش لەنێوان ئەو دوو هێزە دابەش بوون، زۆربەی ئەو وڵاتانە تا ئێستا جەماوەر لەگەڵ ئەو پارتانەیە کە لەناتۆ نزیکن، ئەمە بەپێی قسەی ڕاگەیاندن بەڵام زۆرجار بەهۆی قەیرانی غاز و خۆراک و ئابووری هەڵوێستی جەماوەریش دەگۆڕێ، بۆیە هێشتا زووە بۆ ئەوەی بزانرێ کە ئەوڕوپا لەم ملانێیەدا هەر بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە یان ئەویش وەک وڵاتانی جیهانی سێیەم لەت لەت دەبێ.

٣- لەڕۆژی پێنجشەممە ٨-٢-٢٠٢٤ پاکستان هەڵبژاردنی دوازدەهەمی کرد کە لە ١٢٨ملیۆن پاکستانی مافی دەنگدانیان هەیە بۆ هەڵبژاردنی ٢٦٦ کورسی پەرلەمان٦٠ ملیۆن کەس دەنگیان دا، نەواز شەریف، سەرۆکی پارتی (کۆمکاری موسڵمانی پاکستان) کە ٧٥ کورسی بەدەست هێناوە و دووەمی هەڵبژاردن بووە بەهاوپەیمانی لەگەڵ پارتی گەل کە٥٤ کورسی بەدەست هێناوە بەم هاوپەیمانییە سەرکەوتن بەسەر لیستی سەربەخۆکان کە ١٠١ کورسیان هەبوو.

لێرەش کەنداو بە پشتگیری ڕۆژئاواییەکان لەلایەک و چین و ڕوسیا لەلایەکی تر لەناو لایەنە ناکۆکەکانی پاکستان ڕۆڵیان هەیە، هەڵبژاردن و دەنگدان و ململانێیەکە هی ناتۆ و چین و ڕوسیایە پێش ئەوەی هی گەلی پاکستانی بێ.

٤- وێستگەی چوارەم کە سێیەم وڵاتی گەورەی دیموکراتییە دوای هیندستان و ئەمریکا ئەویش وڵاتی ئەندەوسیایە، لە ڕۆژی چوارشەممە ١٤-٢-٢٠٢٤ ١٦٤ ملیون ئەندونیسي لە کۆی ٢٠٤ ملیۆن دەنگدەر کە ڕێژەی هاوبەشی لە هەڵبژاردن ٨٠٪ بوو، بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک و ٥٨٠ ئەندامی پەرلەمان و ٢٠ هەزار ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی ناوخۆیان هەڵبژارد.

سێ کاندید لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا کێبڕکێیان کرد، دیارترینیان پرابۆۆقۆ سوبیانتۆ، وەزیری بەرگریی بوو. هەر لە خولی یەکەم پرابۆۆقۆ سوبیانتۆ بە زۆرینەی ٩٦ ملیۆن دەنگ کە دەکاتە ٥٨,٦٪ دەنگەکان سەرکەوتنی مسۆگەرکرد، ئەم پیاوە هەم هەڵبژێراوی سەرۆکی وڵات بوو کە خۆی ناتوانێ خۆی کاندید بکاتەوە و هەم زاوایەتی و هەم بەڵێنی داوە کە نەوەی سەرۆک بکاتە جێگری خۆی، ئەوەش ئاشکرایە کە سوپا و هێزی لەپشتە چونکە وەزیری بەرگرییە بە

لێرەش هێز و چەک و جەنگ هەڵبژاردنەکەی بردەوە و بۆ جاری سێیەم سەلما کەزۆرینەی خەڵکی ئەم سەردەمە بەهێزترینەکان بە شایانترین دەزانن بۆ دەسەڵاتداری

پێچەوانەی پاڵێوراوەکانی ترکە ئەو هێزەیان لەپشت نییە. وە ئەم بەڕێزە پێش ئەوەی کاندیدی سەرۆک و پارتی دەسەڵاتداری ئەندەنوسیا بێ هەڵبژاردە و کاندیدی ئەمریکا بوو بۆیە یەکەم کەس وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پیرۆزبایی لێکرد.

وڵاتانی وەک ئەندەنوسیا و تایوان بۆ ئەمریکا زۆر گرنگترن لە وڵاتە بەڕوکەش هاوپەیمانەکانی ئەمریکا وەک یابان و کۆریا، چونکە کۆریا و یابان چەندە هاوپەیمانی ئەمریکان ئەوەندەش مایەی ترس و نیگەرانی ئەمریکان بەهۆی باڵادەستییان لە تەکنەلۆژیا بە پێچەوانەی ئەندەنوسیا و تایوان کە پاشکۆ و بازاڕ و هەر کاتێ ئەمریکا بیەوێ سەربازگەی ئەون.

٥- لە ڕۆژی جومعە هەتا یەک شەممە ١٥-١٧ی مانگی ئازاری ٢٠٢٤ دا دەنگدەرانی روسیا رووبان لە سندوقەکانی دەنگدان کرد. پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی روسیا بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ بەردەوام بوو ١١٣ ملیۆن کەس مافی دەنگدانی هەبوو، لەم هەڵبژاردنەدا کە هەشتەم هەڵبژاردنی ڕوسیایە دوای ڕوخانی سۆڤیەت ڤلادیمێر پۆتین بە بەدەستهێنانی سەدا ٨٧،٢٩ی دەنگەکان لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دەوڵەتدا سەرکەوتنی بەدەستهێنایەوە بۆ جاری پێنجەم.

لە هەڵبژاردنەکەدا چوار کاندید بۆ بەدەستهێنانی کورسی سەرۆکایەتی وڵاتەکە کێبڕکێیان کرد، کە یەکێك لەوانە ڤلادیمیر پوتین بوو، کاندیدەکانی تریش پێکهاتبوون لە هەریەك لە، لیۆنید سلۆتسکی، کاندیدی حزبی لیبراڵ دیموکراتی روسیا، نیکۆلای خاریتۆنۆڤ، کاندیدی حزبی کۆمۆنیستی روسیا لەگەڵ ڤلادیسلاڤ داڤانکۆڤ کاندیدی حزبی خەڵکی نوێ، لێرەش هێز و چەک و جەنگ هەڵبژاردنەکەی بردەوە و بۆ جاری سێیەم سەلما کەزۆرینەی خەڵکی ئەم سەردەمە بەهێزترینەکان بە شایانترین دەزانن بۆ دەسەڵاتداری.

٦- لە١٩-٤-٢٠٢٤ هەتاکو ١-٦-٢٠٢٤ لەکۆی ملیارێک مرۆڤ کە ٩٦٨ ملیون کەس مافی دەنگدانیان هەبوو واتە ٧٠٪ی دانیشتوانی هیندستان، بەڵام تەنیا ٦٤٢ ملیون دەنگدەر بەشداری هەڵبژاردنیان کرد بۆ هەڵبژاردنی ٥٤٣ ئەندام پەرلەمان، نارێندرا مۆدی ٧٣ساڵ، سەرۆك وەزیران سەرۆکی پارتی ڕاستڕەوەی

ڕووداوەکانی جەنگی ئۆکرانیا و جەنگی غەززە دوو سەرەکیترین کارەکتەرن لە هەموو ئەو هەڵبژاردنانەدا

تووندڕەو(بەهاراتیا جاناتا) بۆ سێیەم جار پۆستەکەی بەدەستهێنایەوە و توانی ٢٤٠ لە کورسیەکان بەدەست بێنێ. لێرەش مرۆڤی سەدەی بیست ویەک لەترۆپکی ڕۆشنبیری و پێشکەوتندا لەگەورەترین هەڵبژاردنی مرۆڤایەتی دەنگی دایە هێز هەتا کە ئەو هێزە ئەفسانە ئامێز و ڕەگەز پەرست و پەڕگیریش بێ.

٧- لە پرتوگال لە ١٠-٣-٢٠٢٤ هاوڵاتیان لەنێوان ٢٤پارتی بەشداربوو لەهەڵبژاردن بۆ پڕکردنەوەی ٢٣٠ کورسی پەرلەمان و سەرۆک هەڵبژاردنیان کرد و پارتی کفایەی ڕاستڕەو توانی زۆرینە بەدەست بێنێ و دوای هەشت ساڵ لە حوکمڕانی چەپەکان کۆتایی بە حوکمڕانیان بێنێ. ڕاستڕەوەکان لە ئەورووپا بەزۆری تووندڕەو و دژی کرانەوەی ئەورووپان بەڕووی جیهانی سێیەم.

٨- لە سلۆفاکیا لە ٦-٤-٢٠٢٤ دا لە گەڕی دووەم بیتر بیلیغريني نزیک لە ڕوسیا بەزۆرینەی ٥٣,٢٠٪ هەڵبژاردنی لە هاوبڕکێکەی ئیفان کورچک کە سەر بە ئەورووپا و پشتگیری ئۆکرانیایە بردەوە.

٩- لە ٢٦-٥-٢٠٢٤ لە لیتوانیا جیناتاس نۆسیدای سەرۆکی پێشوو بە ٧٥٪ بەسەر ڕکابەرەکەی دا سەرکەوت. لە لیتوانیاش وەک هەر وڵاتێکی نزیک لە ئۆکرانیا و ڕوسیا ناکۆکی بەربژێرەکان لەسەر چوون و نەچوونە بۆ ناو ناتۆ و لەسەر پشتگیری کردن یان نەکردنە لە ڕوسیا یان لە ئۆکرانیا، واتە هەردووک بەرە هاوبڕکێیانە لەسەردۆزینەوەی بەهێزترین پەناگە و سەربازگە و هەڵبژاردنی بەرەی نیشتمان و ئاشتی لە ئارادا نییە.

١٠- هەر لە مانگی ٦ی ٢٠٢٤ دا لە٢١ دەوڵەتی یەکێتی ئەورووپا ٧٢٠ نوێنەر هەڵبژێران بۆ نوێنەرایەتی لە پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا لە گەورەترین ماراسۆنی هەڵبژاردنی سنوور بڕدا کە ژمارەی دەنگدەران ٣٥٠ ملیون دەنگدەر بوو. دەرەنجامی ئەو هەڵبژاردنەش لەهەندێک وڵات ڕاستڕەوەکان و لە هەندێ وڵاتی تر چەپەکان دەرچوون، لە زۆر وڵات کە لەهەڵبژاردنی نیشتمانی چەپەکان دەرچوون، کەچی هەمان وڵات لە پەرلەمانی ئەورووپا ڕاستڕەوەکان دەرچوون.

١١- لەهەڵبژاردنی فەرەنسا کە لە هەفتەی

یەکەمی مانگی حەوتی ٢٠٢٤ کرا و زیاترلە ٤٩ ملیۆن دەنگدەر دەنگیان بە ١٠٩٤پالێوراو دا بۆ پڕکردنەوەی ٥٠١ کورسی پەرلەمان، لەم هەڵبژاردنەدا هاوپەیمانی چەپەکان ١٨٦ کورسی هێنا و هاوپەیمانی ماکرۆنی ڕاستڕەو ١٦٨ کورسی هێنا و ڕاستڕەوە نیشتمانییەکان ١٤٣ کورسیان هێنا بەو پێیە هیچیان نەگەیشتنە زۆرینە کە ٢٨٩ کورسی پێویستە.

١٢- هەر لە هەفتەی یەکەمی مانگی حەوتی ٢٠٢٤ لە هەڵبژاردنی شانشینی بەریتانیا پارتی کرێکارانی چەپڕەو لەکۆی ٦٥٠ کورسی ٤١١ کورسی بەدەست هێنا و کۆتایی بە چوارده ساڵ فەرمانڕەوایی پارتی پارێزگاران هێنا.

١٣-هەر لە هەفتەی یەکەمی مانگی حەوتی ٢٠٢٤ ٣٠ ملیۆن دەنگدەری ئێرانی لە گەڕی دووەم دەنگیان دا و مسعود پزیشکیانی ڕیفۆرم خواز شازده ملیۆن و نیوی دەنگی ئێرانییەکانی بەدەست هێنا و هاوبڕکێکەی سێزده ملیۆن و نیو.

١٢- بڕیارە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ڕۆمانیا لە ٢٤-١١-٢٠٢٤ دا ساز بکرێت.

بڕیارە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ئەمریکا لە - ٥-١١-٢٠٢٤بەڕێوە بچێ لەنێوان کۆمارییەکان و دیموکراتەکان کـــــــە ماراسۆنی ساڵی هەڵبژاردنەکان لەو هەڵبژاردنەدا دەگاتە لوتکە.

ڕووداوەکانی جەنگی ئۆکرانیا و جەنگی غەززە دوو سەرەکیترین کارەکتەرن لە هەموو ئەو هەڵبژاردنانەدا.

ماراسۆنی هەڵبژاردن و پەتای هێزپەرستی لە وڵاتانی ئەفریقیا و ئەمریکا:

لە ساڵی ٢٠٢٤ لە ١٧ وڵاتی ئەفریقی و٧ وڵاتی ئەمریکای لاتین ماراسۆنی هەڵبژاردن بوو، دیارە ئەفریقیەکانیش لەکودەتا و شەڕی ناوخۆ و خەباتی خۆپیشاندان بێزار بوون و هەوڵ دەدەن لەم ڕێگەوە بگەنە دەسەڵات:

١-هەر لەسەرەتای ساڵ لە ١٧-١-٢٠٢٤ دا سوپاسالار غەزالی عوسمان توانی بە ڕێژەی٦٤٪ لە جزر القمر هەڵبژاردن بباتەوە.

٢- لە ٢٤ مارس ٢٠٢٤ لە وڵاتی سەنیگالی ١٨ ملیۆن کەسی بشیر جومعە فای توانی کۆتایی بە دوو خولی دەسەڵاتی عثمان سونکو بێنێ و بە ڕێژەی ٥٣٪ لەهەڵبژاردن سەرکەوێ.

٣-هەڵبژاردنی وڵاتی چاد لە ٦-٥-٢٠٢٤ کە محمد کوڕی ئیدریس دیبی سەرۆکی پێشووی چاد ٦١٪ی دەنگەکانی بەدەست هێنا، ئەم پیاوە بە یەکێک لە دوژمنانی هەژمونی فەرەنسی

دادەنرێ و پیاوێکی سەربازییە و بنەماڵەکەی سی ساڵە فەرمانڕەوای وڵاتن و عەقید محمد یەکێکە لە نزیکەکانی ڕوسیا لە ئەفریقیا.

٤-هەڵبژاردنی پەرلەمانی لەباشووری ئەفەریقیا لە ٢٩ مایو/ئایار بە بەشداری ٢٨ملیۆن دەنگدەر بۆ هەڵبژاردنی ٤٠٠ پاڵێوراو بۆ پەرلەمان لەو هەڵبژاردنەدا حزبەکەی ماندیلا کە لە١٩٩٤وە فەرمانڕەوایە توانی لە ٤٠٠ کورسی ١٥٩ کورسی بێنێ کە ٤٠٪ی دەنگەکانە، وە حزبی پشتگیری سپی پێستەکان ٢٢٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، بەڵام حزبەکەی زۆما ١٥٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، پێدەچێ حزبی کۆنگرەی نیشتمانی لەگەڵ حزبی ڕەمی میللەتی زۆما هاوپەیمانی بکەن.

٥- لە ٢٩-٦-٢٠٢٤ لە مۆریتانیا هەڵبژاردن کرا، ئەم وڵاتە هەر لەدوای جیابوونەوەی لەفەڕەنسا دە سەرۆکی هەبووە کە حەوتیان بە کودەتای سەربازی هاتوون، بۆیە بێکاری و کۆچکردن بۆ تاراوگە یەخەی ئەو وڵاتەی گرتووە، لەم هەڵبژاردنەش هەرسەرۆکی پێشوو جەنەڕال محمد ولد الشیخ الغزواني بە زۆرینەی ٥٦,١٢٪ هەڵبژاردنەکەی بردەوە.

٦- لە ڕواندا لە ڕۆژی سێشەم ١٦-٧-٢٠٢٤دا هەڵبژاردن کرا و بول کاگامی کە ٣٠ ساڵە سەرۆکە بۆ پێنج ساڵی تر بەڕێژەی ٩٩٪ دەنگەکان سەرۆکایەتی گرتەوە دەست و لەسەدا یەکی دەنگەکانی بۆ ئەو بەربژێرە کارتۆنیانە بەجێهێشت کە بۆ پێنج ساڵی تر لە دیموکراتیەکی بێ وێنە شەرعیەتیان دایەوە سەرۆکایەتیەکەی.

٧- لە میسر ماوەی سەرۆکایەتی سیسی لە مانگی نیسانی ٢٠٢٤ تەواو دەبوو، بۆیە میسر لەهەڵبژاردنێکی خێرا و ئاسان و شەفافدا بەبێ قەوبڕەی ڕاگەیاندن هەڵبژاردنیان کرد و تیایدا لە ٤٤ ملیۆن دەنگدەر ٣٩ ملیۆنیان دەنگیان دایە سیسی کە ٨٩٪ بوو ڕێژەی هاوبەشیش لەدەنگدان ٦٦٪بوو ! وە هەریەک لە محمد فرید زهران و حازم عومەر هەر یەکەی ٤٪یان هێنا وعبدالسند یەامەش٢٪ لەبەر ئەوەی لە غەززە جەنگە و دەبێ سیسی وەک پاسەوانی جولەکە هەربمێنێ، هەڵبژاردنەوەی زۆرپێویست بوو بۆ دیموکراتی، شایانی باسە لە ٢٠١٢وە ئەوە چوارەم جارە سیسی بەسەرۆکی میسر هەڵدەبژێرێتەوە.

وە هەرلەم چەند مانگەی ماوە لەمساڵدا لە هەر یەک لە وڵاتانی:

٨.- جەزائیر لە مانگی نۆی٢٠٢٤

٩.- مۆزەمبیق لە مانگی دەی ٢٠٢٤

١٠.- وڵاتی بۆتسوانا لە مانگی دەی ٢٠٢٤

١١- تونس لە مانگی یازدەی ٢٠٢٤.

١٢- وڵاتی مۆریشیۆس لەمانگی یازدەی ٢٠٢٤.

١٣- وڵاتی نامیبیا مانگی یازدەی ٢٠٢٤.

١٥- وڵاتی غانا لە مانگی دوازدەی ٢٠٢٤.

١٦- وڵاتی بۆرکینافاسۆ لە مانگی دوازدەی ٢٠٢٤.

١٧- وڵاتی باشووری سودان لە مانگی دوازدەی ٢٠٢٤.

١٨- وڵاتی غینیابیساو لە مانگی دوازدەی ٢٠٢٤.

هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢٤ لە کیشوەری ئەمریکای لاتین:

١٩- لە ڕۆژی یەکشەممە ٢-٦-٢٠٢٤دا لە مەکسیک ئافرەتێکی ژینگەپارێزی بەڕەچەڵەک جولەکە بەناوی کلودیا شینباوم سەرکەوتنی زۆرینەی دەنگـــــــەکانی بەڕێژەی٥٧,٨٪ بەدەستهێنا، ئەم سەرۆکە نوێیە چەپڕەوە یەکەم ژنە کەلە مەکسیک هەڵدەبژێرێ سەرۆکایەتی لەوێ بۆ ماوەی شەش ساڵە.

٢٠- لە ٢٠٢٤/٢/٥ خەڵکی سلفادۆر کە ژمارەیان ٦,٣ملیۆن کەسە بەهەڵبژاردنی ٦٠ ئەندام پەرلەمان و نەجیب ئەبوکیلەی تەمەن٤٢ ساڵ کە سەرۆکی پارتی هزری نوێیە و بە بنچینە فەلەستینیە، باوکی ئەبوکیلە قەتان ١٩٤٤-٢٠١٥ز. مەسیحیەکی فەلەستینی بووە و دواتر مسوڵمان بووە و بۆتە ئیمامی مزگەوتی ئەرماندۆ، نجیب ٨٥٪ ی دەنگەکان و ٥٨ کورسی لە کۆی ٦٠ کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا کە ئەمە بۆ جاری دووەمە بۆ دوو ماوەی پێنج ساڵی دەبێتە سەرۆک کە سەد ساڵ دەبێ کەس لەو وڵاتە دوو جار هەڵنەبژێراوە، ئەویش بەهۆی بنەبڕکردنی مافیا و دزی و باندەکانی تر کە ٧٥هەزارسلفادۆری لەبەند کردووە و ستراتیجی لەسەدا یەک بەند کە تا سەدا نەوەد و نۆ ئاسایشیان دابین بێ.

پێش ئەبوکێلە ئەو وڵاتە لە مەترسیدارترین وڵاتانی جیهان بوو، سەرکەوتنی ئەبوکیلە بەسەر ئەو قەیرانەدا نهێنی سەرکەوتنیەتی لەهەڵبژاردنەکان. ئەمریکاش ئەبوکیلەی پێ باشە چونکە بۆتە هۆی بنەبڕکردنی ئەو باندانەی کە ئەمریکاش بەدەستیانەوە هەراسان بوو، لە بردنی خەڵکی نایاسایی و چەک و تلیاک بۆ ئەمریکا.

ئەم سەردەمە سەردەمی بە پیرۆز ڕاگرتنی هێزە، بەهێزبە تۆ لەسەرحەقی .کەبەهێز نەبی ئەگەر هەموو حەقیش لەتۆدا بێ تۆ هەر سەربڕاوی

لەوەتی هەین لە پەراوێزی هەموو ئاشەوانێکی زەمان لابا و سەرکوێزر و پەراوێز بووین

٢١- لە وڵاتێکی ستراتیجی وەک پەنەما کە هەردوو ئەمریکا بەیەکەوە گرێدەدا، کودەتای سەربازی بەسەر سەرۆکەکەیدا کرا و حوکمی زیندانی بۆ دەرکرا لەساڵی٢٠٢٢ کە سەربە ئەمریکا بوو، بەڵام ئەمریکا پەنابەری سیاسی نەدایە و پەنای بردە بەر باڵوێزخانەی نیکاراگوا، نیکاراگوا بە پەنابەر وەری گرت، بەڵام دەسەڵاتدارانی پەنەما نەیـــــــان هێشت سەرۆکەکەیان بچێتە فرۆکەخانە و هەر لە باڵوێزخانەی نیکاراگوا بە گەمارۆدراوی مایەوە تا ئەمساڵ هەوادارانی سەرۆک هاوکێشەکەیان گۆڕی و خوسیە راؤول مولینوی پارێزکاری ڕاستڕەویان لەناو هەشت خۆپاڵێو بۆ سەرۆکی وڵات بەزۆرینەی ٣٤٪ی دەنگەکان هەڵبژارد لەسەرەتای مانگی ئایاری ٢٠٢٤زدا.

٢٢-هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە پیرۆ لە مانگی نیسانی ٢٠٢٤ ئەنجام درا .

٢٣- لە ئۆرگوای لە٢٩-٦-٢٠٢٤هەڵبژاردنی پەرلەمانی کرا و لە مانگی دەی ٢٠٢٤ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دەکرێ.

٢٤- لە ٢٨-٧-٢٠٢٤ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیە لە ڤینزەویلا.

٢٥-هەڵبژاردنی دومینیکان لە ١٥-٥-٢٠٢٤ز.

کەواتە جەنگەکان مەکینەی دیموکراتی بەگەڕدەخەن، هێندەی سیاسییەکان لە هەڵبژاردن باسی بردنەوەیان لەجەنگەکان دەکەن قەت ئەوەندە باسی پرۆژە زانستی و ئابووری و مرۆڤایەتیەکان ناکەن، ئەم سەردەمە سەردەمی بە پیرۆز ڕاگرتنی هێزە، بەهێزبە تۆ لەسەرحەقی کەبەهێز نەبی ئەگەر هەموو حەقیش لەتۆدا بێ تۆ هەر سەربڕاوی.

پەتای ماراسۆنی هەڵبژاردن لەلای میللەتە سەرکوێزر و لابا و بێ وڵاتەکان:

لە پەڕاوێزی ئەم ماراسۆنی هەڵبژاردنانەدا بۆ ئەو دەوڵەتە فەرمی و دانپێدانراوانە، هەرێمێک هەیە کە کەس بەهیچی نازانێ و کەچی ئەو خۆی بە ئیمپراتۆری جیهان دەزانێ، ئەویش ناوی بەڕێوەبەرێتی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستانە لە باکووری عێراق (هەرێمی کوردستان)، ئەوە ساڵێکە دەیان کاتیان بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن داناوە و لەمێژە دەزگا

نافەرمییەکەیان کە هەر خۆی ساختەیە ئێکسپایەر بووە، ئەوانیش لە ناو کراسی خۆیان زەبەلاحن بۆیە لە ١٠-٦-٢٠٢٤ دا ١٣ لیست نزیکەی ٨٣٠ پالێوراویان بۆ پڕکردنەوەی ١٠٠ کورسی پەرلەمان دابوو بەکۆمسیۆن، ئێستا ژمارەی لیستەکان زیاتر و پالێوراوەکانیش هەڵدەکشێ و دەڵێن کە لە٢٠-١٠-٢٠٢٤ هەڵبژاردنە گەورەکە دەکەن.

ئەگـــــەر هەڵبژاردنی وڵاتان چەپ و ڕاستەکان سیاسەت و ستڕاتیژیان ڕوون بێ وهەر یەکەیان خزمەتێک بە وڵاتەکەیان بکەن. لای کورد نازانرێ کێ ڕاستڕەوە و کێ چەپڕەوە کێ پارێزکارە و کێ ڕیفۆرمخوازە، هێڵە گشتییەکان لەناو ئەو گەلە زۆر شاراوەن، لەوەتی هەین لە پەراوێزی هەموو ئاشەوانێکی زەمان لابا و سەرکوێزر و پەراوێز بووین، خۆشمان بەزەییمان بەم حاڵەی خۆماندا نایەتەوە، چونکە هەرگیز خۆمان بە دۆڕاو و سەرکوێزر و لابا نازانین!!

ڕانان و هەڵسەنگاندن و پوختەی کتێبی:

البحث الجغرافي بين المنهجية التخصصية والأساليب الكمية والتقنية المعلوماتية المعاصرة

ناوی تووێژەران: د.محمد ئەزهەر السماك. د. علی عباس العزاوی

ڕانان وهەڵسەنگاندنی : مامۆستا علی حەسەن - پسپۆر لەبواری جوگرافیا لە زانکۆی ڕاپەڕین

پێشەکی: گرنگی و سەربە خۆیی زانستی جوگرافیا:

زانستی جوگرافیا لە ناو زانستەکاندا پایەیەکی جیاکراوەی هەیە. بە تایبەتی ئەم زانستە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بۆتە زانستێکی کرداری و یارمەتی دام و دەزگاکانی بڕیار بەدەست دەدات تاکو لە زۆر دیاردە و ڕاستی لە ناو کایەی سیاسی و زانستی تێ بگەن و لە سیستەماتیک کردنی زانستە کان دا شوێنی شیاوی خۆی بگرێ.

کادرانی سیاسی و بەڕێوەبەرە ئابووری و کۆمەڵایەتی و زانستییەکان ئەمڕۆ پێویستیان بە زانینی بنەماکانی زانستی جوگرافیا هەیە تا بتوانن بڕیاری دروست بدەن، چونکە بە بێ شارەزا بوون لە و زانستە ناتوانن بڕیار بدەن.

ئەگەر بڵێین کێشەی زانستی جوگرافیا لە دیاریکردن و پێناساندن و پێناسەی چەمکەکانی جوگرافیا و چارەسەری ناوەڕۆکی بابەتەکانی دا لە چوار چێوەی پێکدا چوون و وابەستەیی لە گەڵ پسپۆڕی و تایبەتمەندییەکانی تردا لە زانستە مرۆڤایەتی و سروشتییەکاندا خۆ دەبینێتەوە. بەڵام لە گەڵ ئەو پێکداچوون و تێکەڵاوییەش چەمکەکانی زانستی جوگرافیا سەربەخۆیی خۆیان پاراستووە، ئامانجەکانی ئەم زانستە ڕوون و ئاشکران، بۆیە لەم بوارانەدا ئەم زانستە سیما و شێوە و کەسایەتی تایبەتی خۆی نمایش دەکات.

دەتوانین بڕیار بدەین کە زانستی جوگرافیا ئەو زانستە سادەی جاران نییە کە تەنیا هەر لە دیاردەکانی سروشت و ژینگە ڕۆڵی خۆی کورت هەڵ بێنێ. ئەوەتا زانستی جوگرافیا ئەمڕۆ تێکەڵاوی هەموو کایەکانی واقعی ژیان بووە، جوگرافیا شان بە شانی زانستەکانی تر، لە گەڵ ماراسۆنی پێشکەوتن و تەکنیک و تەکنەلۆژی دا زانستی جوگرافیاش ڕوو پێو - قیاس - و بەکارهێنانی

پسپۆڕی جوگرافی لە هەموو بوارەکانی زانستی دەخوێنێتەوە، بەڵام کە دەنوسێ جوگرافیا دەنوسێ

چەندین نمونەی هاوکێشەکانی بیرکاری مۆدێرن و یاساکانی فیزیای کەمونی و سیستەم و ڕێکارەکانی جوگرافیا وا تێکەڵاوی یەکتر بوون، زاناکان لە ناو تاقیگە کانیان، فەلەکناسەکان بە بێ بنەماکانی جوگرافیا ناتوانن داهێنان لە زانستەکانی خۆیان بکەن.

بۆیە دەڵێم کە زانستی جوگرافیاش بەرەو زانستێکی کرداری ملی ناوە، پایەیەکی شایستەی لە وڵاتە پێشکەوتووەکان لە ناو زانستەکانی تردا گرتووە، ئەم زانستە کرداریە لە ناو وەرشەکان، کارگەکان، تاقیگەکان، ڕوانگەکان، نەخشە و پلان دانانەکان، زانستی جوگرافیا لە هەموویان دا هەیە و هەموویان بۆ تێگەیشتن لە شیکردنەوە و تێگەیشتن و ناسینی دیاردە و قەیران و کێشە کان پەنای بۆ دێنن، زانستی جوگرافیاش بە ئەو پەڕی لێهاتوویی وەڵامیان دەداتەوە. پسپۆڕی جوگرافی لە هەموو بوارەکانی زانستی دەخوێنێتەوە، بەڵام کە دەنوسێ جوگرافیا دەنوسێ.

جوگرافیا پێکهاتەکەی پێکهاتەی زانستە، بەڵام چارەسەرەکانی هونەر و بەهرەمەندین، کەچی تێڕوانینەکانی فەلسەفە و لۆژیکن. ئەم میتۆد و پەیڕەوانەی چۆنێتی ڕێکخستن و پۆلێنکردنی بابەتەکانی پەیڕەوەی زانستی جوگرافیا لە ڕاستی دا لە قۆناغی مەعریفە و ناسینەوە دەمانگوازێتەوە بۆ قۆناغی هزر و فکر. یان وەکو ستامپ دەڵێ: جوگرافیا لە یەک کات دا زانست و هونەر و فەلسەفەیە..

ئەم تۆێژینەوەیە میتۆد و پەیڕەوێکە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ئەنجامانەی کە زانستی جوگرافیای بۆ دانراوە، کە ئەویش پەروەردە کردنی چەند وەچەیەکە کە دەرک بە سروشتی پەیڕەوەکە و شێوازەکانی و تەکنیکەکانی کە یارمەتی گەیشتن بەو ئامانجانە دەدا بکات، بۆ چەسپاندن و بە کردار کردنی ئەو ئامانجانە تۆێژەر ئەم تۆێژینەوەیەی دابەش کردووە بۆ چوار دەروازە.

دەروازەی یەکەم:

ئەم دەروازەیە چارەسەری چوار چێوەی میتودی تۆێژینەوەکان لە زانستی جوگرافیا دا دەکا، وە ئەم دەروازەیەش دابەش دەبێ بۆ پێنج بەش:

١- بەشی یەکەم لە دیاریکردن و پێناسە کردنی چەمک و سروشتی زانستی جوگرافیا دەدوێ.

٢- بەشی دووەم بۆ تۆێژینەوە لە بنەماکانی لێکۆڵینەوەی جوگرافی تەرخان کراوە تا دەگاتە چۆنێتی هەڵبژاردنی کێشە و گرێی لێکۆڵینەوەکە و ئەو گریمانە زانستییانە و میتۆد و پەیڕەوانەی لێکۆڵینەوەکان لەسەریان بنیات دەنرێن، لە گەڵ چۆنێتی ڕێکخستن و پۆلێنکردنی بابەتەکانی

لێکۆڵینەوە جوگرافیەکە و هەنگاوە کردارییەکانی لێکۆڵینەوە جوگرافیەکە.

٣- بەشی سێ یەم تەرخان کراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە میتۆد و پەیڕەوی سەرەکی لە توێکاری بابەتی جوگرافی.

٤- بەشی چوارەم باسی دەست نیشانکردنی ئەو هاندەرانە دەکا کە زانایانی بواری جوگرافیا هان دەدەن بۆ داهێنان و ئافراندن لە بواری جوگرافی دا.

٥- بەشی پێنجەم باسی پێوانەی چەندێتی پێوەرە کانی داهێنان دەکا لە توێژینەوەی جوگرافی دا.

دەروازەی دووەم:

ئەم دەروازەیە هەوڵی چارەسەری میتۆدی لێکۆڵینەوە لە لقە تایبەتمەندەکانی زانستی جوگرافیا لە سێ بەشدا دەکات:

١- بەشی یەکەم: لە لقە کانی زانستی جوگرافیای سروشتی دا دوو لق هەڵدەبژێرێ: چارەسەری میتۆدی لێکۆڵینەوە لە:

- لقی تایبەتمەند بە جیمورفولوجیا.

- لقی تایبەت بە - مەناخ- کەش و ئاو وهەوا لەزانستی جوگرافیادا دەکات.

٢- بەشی دووەم: لە لقە کانی زانستی جوگرافیای ئابووری دا سێ لق هەڵدەبژێرێت، چارەسەری میتۆدی لێکۆڵینەوە لە:

- لقی تایبەتمەند بە جوگرافیای کشتو کاڵ.

- لقی تایبەتمەند بە جوگرافیای نەوت -پترۆڵ-

- لقی تایبەتمەند بە جوگرافیای گەشت و گوزار

لەزانستی جوگرافیادا دەکات.

٣- بەشی سێ یەم: لە لقە کانی زانستی جوگرافیای کۆمەڵایەتی دا دوو لق هەڵدەبژێرێ، چارەسەری میتۆدی لێکۆڵینەوە لە:

- لقی تایبەتمەند بە جوگرافیای دانیشتوان.

- لقی تایبەتمەند بە جوگرافیای ڕامیاری لەزانستی جوگرافیادا دەکات.

دەروازەی سێ یەم:

ئەم دەروازەیە جەخت لە سەر چارەسەری شێوازەکانی چەندێتی سەرەکی لە لێکۆڵینەوەی جوگرافیدا دەکات، ئەم دەروازەیەش شەش بەش لە خۆ دەگرێ:

١- **بەشی یەکەم:** چارەسەری شێوازەکانی چەندێتی سەرەکی لە لێکۆڵینەوەی شێوازەکانی چەندێتی جوگرافی لە تەوەرەکانی:

- پێناسە و بایەخی چەندێتییە جوگرافییەکان.

- جۆرەکانی شێوازەکانی چەندێتییە جوگرافییەکان.

- ئامانجە کانی شێوازەکانی چەندێتییە جوگرافییەکان.

- شێوازەکانی چەندێتی و پەیوەندییە شوێنییەکان.

- ئاڕاستە مۆدێرنەکان لە بەکارهێنانی شێوازەکانی چەندێتی.

- ڕوونکردنەوە و پێزانینە ئامارییەکان.

٢- بەشی دووەم: تەرخان کراوە بۆ تاو توێکردنی ڕەهەندی شوێنی بۆ دیاردە جوگرافییەکان لە چوارچێوەی ئەم کایانەدا:

- تاوتوێکردنی ڕەهەندی شوێنی بۆ دیاردە جوگرافییەکان لە چوارچێوەی پێوەرەکانی شوێنی چەقی.

- تاوتوێکردنی ڕەهەندی شوێنی بۆ دیاردە جوگرافییەکان لە چوارچێوەی چەقی ناوەڕاست.

- تاوتوێکردنی ڕەهەندی شوێنی بۆ دیاردە جوگرافییەکان لە چوارچێوەی چەقی ناوەڕاستی هاوسەنگ.

- چەقی ناوەندگیری.

٣- بەشی سێیەم: تەرخان کراوە بۆ باسی پێوەرە پەرتکارەکانی شوێنە نەوتییەکان لەم تەوەرانەدا:

- لە مەودای پێوانەیی دا.

- پەرتکردنی خاڵەکان.

- چوارگۆشەی کای ٢ × ٢.

- بەڵگەی لۆرانس.

- شیکاری نمونەی نزیکترین هاوسێ.

٤- بەشی چوارەم: تەرخان کراوە بۆ باسی بەرنامەی SSPS لە چوارچێوەی ئەم تەوەرانەدا:

- خستنە ناوی داتا و هێڵکاری یەکە ڕوونکەرەوەکان.

- پێناسەی گۆڕانەکان.

- پێناسە و خەزنکردنی ڕوونکەرەوەکان.

- ڕێگاکانی نمایشکردنی ڕوونکەرەوەکان.

- نمایشکردنی پێوانەکانی دووبەرەکی چەق لە بەرنامەی SSPS دا.

- نمایشکردنی پێوانەکانی پەرت بوون لە بەرنامەی SSPS دا.

٥- بەشی پێنجەم: تەرخان کراوە بۆ وابەستەیی و شۆڕ بوونەوەی هێڵی سادە لە چوارچێوەی ئەم تەوەرانە دا:

- شیکاری وابەستەیی.

- وابەستەی هێڵی سادە.

- کارەکانی وابەستەی پلەکان (سپیرمان).

- شۆڕ بوونەوەی هێڵی سادە.

٦- **بەشی شەشەم:** تەرخان کراوە بۆ پۆلێنکردن و جیاوازی ناوچەیی لە چوارچێوەی ئەم تەوەرانە دا:

- بنەماکانی پۆلێنکردن.

- هەڵبژاردنی تایبەتمەندییەکان و شێوازی پۆلێنکردن.

- تەکنیکەکانی پۆلێنکردنی چەندێتی.

- شیکاری کرێکاری.

- شیکاری هێشوویی.

دەروازەی چوارەم:

ئەم دەروازەیە تەرخان کراوە بۆ تاوتوێی بنەما بنچینەییەکانی سیستەمی پێزانینە جوگرافییەکان و چۆنێتی جێ بە جێ کردنیان لە توێژینەوەی جوگرافی دا و چوار بەش لە خۆ دەگرێ:

١- **بەشی یەکەم:** تەرخان کراوە بۆ پێناسە و چۆنێتی و بایەخی سیستەمی پێزانینە جوگرافییەکان لە چوارچێوەی ئەم تەوەرانە دا:

- سیستەمی پێزانینە جوگرافییەکان، پێناسە و چۆنێتی و بایەخیان.

- هۆکارەکانی دەرکەوتنی سیستەمی پێزانینە جوگرافییەکان.

- پەیوەندی سیستەمی پێزانینە جوگرافیەکان بە زانستەکانی تر.

- سودەکانی بەکارهێنانی سیستەمی پێزانینە جوگرافییەکان.

- بواری جیاوازەکانی بەکارهێنانی سیستەمی پێزانینە جوگرافییەکان.

٢- **بەشی دووەم:** تەرخان کراوە بۆ باسی پێکهاتن و نواندنی هێڵکاری و ڕوونکردنەوەکان لە سیستەمی پێزانینە جوگرافییەکان لە چوارچێوەی ئەم تەوەرانە دا:

- پێکهێنەرەکانی سیستەمی پێزانینە جوگرافییەکان.

- لێکدراوی و پێنوێنی هێڵکارییەکان لە سیستەمی پێزانینە جوگرافییەکان دا.

- نمونەی هێڵکارییە ئاڕاستەییەکان.

- نمونەی هێڵکارییە ڕووبەرییەکان.

٣- **بەشی سێ یەم:** تەرخان کراوە بۆ باسی جۆرەکانی هێڵکاری و ڕوونکردنەوەکان لە سیستەمی پێزانینە جوگرافییەکان دا لە چوار چێوەی ئەم تەوەرانە دا:

- هێڵکاری و ڕوونکردنەوە وەسفییەکان.

- هێڵکاری و ڕوونکردنەوە شوێنییەکان.

٤- **بەشی چوارەم:** تەرخان کراوە بۆ باسی سەرچاوەکانی ڕوونکردنەوە شوێنییەکان لە سیستەمی پێزانینە جوگرافییەکان دا لە چوارچێوەی

ئەم تەوەرانە دا:

- سەرچاوەکانی هێڵکاری و ڕوونکردنەوە شوێنییەکان لە سیستەمی پێزانینە جوگرافییەکان دا.

- ڕۆڵی میتۆدی لە سیستەمی پێزانینە جوگرافییەکان دا.

- ئەرکەکانی لە سیستەمی پێزانینە جوگرافییەکان دا.



هەرێمی کوردستان چۆن مامەڵە لە گەڵ دادگای فیدراڵی بکات؟

ئامادەکردنی: بەشی توێژینەوەی سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە
بە سەرپەرشتی م. موحەممەد عەزیز لۆتەری.

ڕێ خۆشکردن:

پێش ئەوەی باسی ئەم دوو قەوارە و دامەزراوە ئاڵۆزە و شێوە و دەرەنجامی لێککەوتە و پەیوەندی نێوانیان بکەین» کە مەبەست پەیدابوونی دوو قەوارەی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدرااڵە، دەبێ تیشک بخەینە سەر چەند پرسێکی هەستیار و گرنگ، هەر نەبێ وەک پرسێک و کەیسێک بەبیر خوێنەرانیان بێنینەوە و هەست و زەینی ڕۆشنبیران و یاساناسانیان لە هەمبەر بوروژێنین:

هەموومان ئەوە دەزانین کە ئەم سەردەمە بەوە جیا دەکرێتەوە کە دەبێ دەسەاڵتەکان دابەش ببن بەسەر سێ دەسەاڵتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریدا، وە دەسەاڵتەکان کاتێک یاسایی و شەرعین کە دەسەاڵتی یاسادانانی هەاڵبژێردراو لەاڵیەن گەلەوە دەستوور دابنێ و بڕیار لە چارەنووسی وااڵت و شێوازی حوکمڕانیەکەی بدات، ئەگەر وانەبێ ئەوە دەسەاڵتێکی ئۆتۆکراتی و دیکتاتۆرییە و بە پێی پێوەری شەرعیەتی ئەم سەردەمە قەوارە و دامەزراوەکان شەرعیەتیان نییە.

بۆیە دەبێ لەم توێژینەوەیەدا لەوە بکۆڵینەوە کە ئایا باشووری کوردستان لە دوای ساڵی ۱۹۹۱ و عێراقی دوای ساڵی ۲۰۰۳ لەبەردەم زریان و پاشاگەردانی نا یاسایی بووندا چۆن خۆیان ڕزگار بکەن ؟

۱- لەبارەی دەوڵەتی ئیتیحادییەوە دەبێ ئەو پرسیارە وەاڵم بدەینەوە کە ئایا دەوڵەتێک کە داگیرکراو و خاوەن سیادەی ناتەواو بێت هەتا هەڵبژاردنێکی ئازاد و شەفاف ئەنجام نەدا و پەرلەمان و دەسەاڵتی یاسادانان هەڵنەبژێرێت، ئایا سەاڵحیاتی دارشتنی دەستوور و دامەزراندنی مەحکەمەی فیدراڵی و هەڵوەشاندنەوەی دەسەاڵتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری دەیان ساڵەی پێشووی هەیە؟ چونکە هەموو ئەو کارە هەستیارە چارەنووسسازانەی ئەو مەحکەمەیە بە پێی یاسای ۲۰۰٤ز کاتی دەسەاڵتی بریمەر ئەنجام دراون. ئەنجا دەبێ یاسای سەاڵحیاتی هەرێمەکانیش بزانرێ، ئایا دەسەاڵتی قەزایی لە حکومەتی فیدراڵی کەی و تاچەند بۆی هەیە دەسەاڵتدارانی هەرێمەکانی دادگایی بکات؟

٢- وە لەبارەی هەرێمی کوردستانەوە دەبێ ئەو پرسیارە وەڵام بدەینەوە کە: ئایا شەرعیەتی دامەزرانی هەرێم کە بە ویستی داگیرکەری عێراق لە ١٩٩١ و لەدەرەوەی ئیرادەی حکومەتی پێشووی عێراق دامەزراوە و بەسەریدا سەپێنراوە، دواتر کە لەساڵی٢٠٠٣ ناوەندیش داگیرکرا و ئەو یاسا فیدراڵیەی لەسەر سەپێنرا، تا چەند لە ڕووی یاسای نێو دەوڵەتییەوە ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی شەرعییە؟

ئایا ئەو جۆرە دابەشکاری و بڕیارە چارەنووسسازانە نابێ لە ڕیفراندۆمێکی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە یان لەهەڵبژاردنێکدا یەکلا بکرێتەوە ؟ ئایا جیاوازی نییە لەگەڵ هەرێمێکی فیدراڵی کە وڵاتێک بە ویستی خۆی دای مەزرێنێت ؟

هەموو ڕیفراندۆم و هەموو وڵاتە تازە لەدایکبووەکان لە مێژوودا یەکسەر لەدوای ئەو جەنگە نێودەوڵەتییانە دامەزراون کە کۆمەڵێک دەوڵەت لەگەڵ دەوڵەتێک یان چەند دەوڵەتێکی یاخی کردوویانە و بەسەریدا سەرکەوتوون، بە نمونە دامەزران و بە وڵاتبوونی سەدان وڵات لە ئەورووپا و ئەفریقیا و ئاسیا لە دوای دۆڕانی میحوەر لە جەنگی جیهانی یەکەم و پەیماننامەکانی سایکس پیکۆ و ڤەرسای تا لۆزان و سان ڕیمۆ، وە دامەزرانی چەندین قەوارە و وڵاتی تر لە دوای جەنگی جیهانی دووەم لە ساڵی١٩٤٥ لە ژێر چاودێری کێبەرکێی هەردوو لایەنی سەرکەوتووی سۆڤیەت و ناتۆ. وە دامەزرانی زۆر قەوارە و سەربەخۆییدان بەزۆر گەل لەدوای لەبەریەکهەڵوەشانەوەی سۆڤیەت لەبەرامبەر شەڕی دەیان ساڵەی گەرم و ساردی ناتۆ دژ بە بەرەی کۆمۆنیزم.

هەموو ئەو ئەزموونانە پێمان دەڵێن کە باشترین کاتی ئەنجامدانی سەربەخۆیی و ڕیفراندۆمیش بۆ سەربەخۆ بوونی کوردستان ساڵی ١٩٩١ز بوو کاتێ بەعس تێکشکا، وە دووەم هەلیش ساڵی ٢٠٠٣ز بوو، بەڵام ناسیاسی بوون و ناکاملّی دەسەڵاتی سیاسی کورد ئەو دوو هەلەی بەفیڕۆ داوە و پاشان لە کاتێکی زۆر هەڵە لەساڵی٢٠١٧ ئەم کارەی ئەنجام داوە.

٣- لەبارەی خودی دادگای فیدراڵیش دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە:

پ/ ئایا دەوڵەتێک کە داگیرکراو و خاوەن سیادەی ناتەواو بێ سەلاحیاتی دامەزراندنی مەحکەمەی فیدراڵی هەیە ؟

و/ لە بەشی حەوتەمی بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە مادەی ٣٩-٥٠ یەس، لەبەشی شەشەم باسی پێکهاتنی ئاشتیانەیە، بەڵام لەبەشی حەوتەم پێکهاتنێکە کە وڵاتە زلهێزەکان لە ئەنجومەنی ئاسایش بەسەر دەوڵەت و لایەنی دەستدرێژکاردا دەیسەپێنن و دەڵێن ئەو دەوڵەتە خراوەتە ژێر بەندی حەوتەمەوە.

به پێی یاسا بێ دەبێ بنەماکانی مافی مرۆڤ لە وڵاتی داگیر کراودا بەڕێوە ببرێن و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش و دادگا نێودەوڵەتییەکان چاودێر و گرێنتی مسۆگەرکردنی هەموو مافەکانی مرۆڤ و ژینگەیی وڵاتە داگیرکراوەکە بن

چونکە یاسای نێودەوڵەتی لەماددەی ٤/٢ی بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان یاساغی کردووە پەنا ببرێتە بەر بەکارهێنانی هێز و هەڵگیرساندنی جەنگ بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان، وە تەنیا لەباری بەرگری لەخۆکردن ڕێی داوە کە وڵاتی هێرش بۆکراو بەرگری لەخۆی بکا، یان ئەنجومەنی ئاسایش داوا لەو وڵاتە بکا کە بەو ئۆپراسیۆنە هەڵسێ بۆ پاراستنی ئەمن و ئاشتی نێودەوڵەتی، ئەمەش بە پێی مادەی ٥١/٤٢ی بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، جا ئەم بەڵگەنامەیە سزای بۆ ئەو وڵات و لایەنانە داناوە کە سەرپێچی لەو بەڵگەنامەیە دەکەن و لە دادگای (نورمبرگ)یش داوای سزادانی ئەو وڵاتانەی بەڕەوا داناوە، بەڵام هەرئەو بەڵگەنامانە لەسەر وڵاتی داگیرکەریان فەرز کردووە کە لەهەمبەر دانیشتوانی وڵاتە داگیرکراوەکە پابەندی یاسا بێ، وەسێ پێکهاتنی نێودەوڵەتی دارێژراون بۆ ڕێکخستنی کاروباری هاوڵاتیانی وڵاتی داگیرکراو کە ئەوانیش:

١- ماددەکانی ٥٦/٤٢ی ڕێساکانی دادگای لاهای لە ساڵی١٩٠٧.

٢- پێکهاتنی جنێف لە ساڵی١٩٤٩بۆ پاراستنی خەڵکی سڤیل لەکاتی جەنگدا.

٣- پڕۆتۆکۆلی جنێف لەساڵی١٩٧٧دا.

ئەم پێکهاتنانە یان ڕێککەوتنانە چەندین پابەندکاری یاسایی و عورفییان تێدایە.

پێناسەی داگیرکردن:

ماددەی ٤٢ لە پاشکۆی پێکهاتنی لاهای بۆساڵی١٩٠٧ئاوا پێناسەی هەرێمێکی داگیرکراو دەکات کە وڵاتێکە کەوتۆتە ژێردەستی سوپای دوژمنەکەی و ئەو دەسەڵاتەی دوژمن بۆی هەیە هەموو دەسەڵاتەکانی بەسەر ئەو وڵاتەدا بەڕێوە ببات هەتا ئەگەر ئەو وڵاتە داگیرکراوە هیچ بەرگرییەکیش لە سەروەری خۆی نەکات.

ئەم یاسایە داوا لەداگیرکار دەکات کە جۆرێک لە ئیدارەدانی هەموو بوارەکانی ئەو وڵاتە بەکار بێنێ، بەڵام لەکاتی بوونی بەرهەڵستی یاساکە مافی بەکارهێنانی هێز لە هەر کاتێکدا بۆ وڵاتی داگیرکار بەڕەوا دەبینێ.

کەواتە بە پێی یاسا بێ دەبێ بنەماکانی مافی مرۆڤ لە وڵاتی داگیر کراودا بەڕێوە ببرێن و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش و دادگا

نێودەوڵەتییەکان چاودێر و گرێنتی مسۆگەرکردنی هەموو مافەکانی مرۆڤ و ژینگەیی وڵاتە داگیرکراوەکە بن، هەر چەندە ئەم گوتە و بەڵێنە تەنیا مەرەکەبی سەرکاغەز بووە و ئەو جینۆسایدەی کە بەدرێژایی مێژووی دوو سەدە ئیمپریالیزم پێی هەڵساوە لە جیهانی سێیەم، لەدوای بەسەرچوونی قۆناغی ئیمپریالیزمی هەتا ئەمڕۆشی لەگەڵ بێ هیچ مافێکی کۆمەڵگای وڵاتی ژێر کەوتوو نەدراوە.

نمونەی هەرە نزیکیش عێراقی خۆمانە، کە دوای دەگیرکران، ڕێگا بە گاردی کۆماری درا وەک سەگ بەر ببنە گیانی خەڵک و بەدرێژایی دەیان ساڵ هەرلە ساڵی ١٩٩١-٢٠٠٣ز منداڵ و پیرولاوی عێراق برسی کران و ملیۆنەها منداڵ لەبەر بێ شیری تووشی بەدخۆراکی و ناکامی بوون و بە پلەی یەکەم گەل و هاوڵاتی بوو کە باجی ئەو دەگیرکارییەی دا، تەنانەت هەرێمێکی پارێزراوی وەک کوردستان لەو هاوکێشە ستەمکاری و برسیکردنە نەبوێردرا، هەرچەند بە کردار لەژێر ڕکێفی بەعسیش دا نەبوو، وە دەسەڵاتی داگیرکەر نەک هەر نەبوون و فەراغی یاسای لەو هەرێمە پڕ نەکردەوە بەڵکو شەڕ و ململانێیەکی خۆکوژی و تەراتێنی پاکتاوکردن و شەڕی بە وەکالەتیشی لەناو ئەو هەرێمەدا هەڵایساند و بەدرێژایی ئەو ساڵانە نەیهێشت هیچ کام لە میلیشیا و لایەنە شەڕکەرەکان بکەون.

هەموو ئەم ڕاستییە مێژوویانە دەیان پرسیاری وەڵام نەدراوە ئاڕاستەی ئەو یاسا و ڕێسا و دەق و تێکست و سیستەمانە دەکەنەوە کە بۆ چەند سەدەیە لەناوەندە ئەکادیمی و یاساییەکان تاوتوێ دەکرێن و دەخوێنرێن، بەڵام لە واقیعدا بوونیان نییە.

جەنگەکانی ئەفغانستان و پاشان دووبارە داگیرکرانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ شاردنەوەی هەندێ ڕاستی و پەردەپۆشکردنی هەتکبەرێەکانی ڕۆژئاوا بوو کە بەدرێژایی جەنگی سارد هەر لە چلەکانەوە تا کەوتنی بەرەی سۆڤێتی دەرحەق بە گەلانی جیهانی سێیەم ئەنجامی دابوو، پەردەپۆشکردنەکە بەداگیرکردنەکەش نەسڕایەوە بەڵکو پێویستی بە یارییەکی هەواڵگری قێزەون هەبوو بۆ دروستکردنی باندی تیرۆر و تۆقاندن بەناوی بەها ڕۆحییەکان، هەموو ئەم یاری و سیناریۆیانەش هەر تەنیا بە مەبەستی شوشتنەوەی ئەو ڕوخسارە ڕەشەی ئیمپریالزمی ڕۆژئاوا بوو.

ئەورووپییەکان هەرخۆیان بە پێی لائیحەی لاهای ساڵی ١٩٢١ خۆیان بڕیاریان وابووە کە داگیرکەر هیچ سەروەرییەکی نییە و دۆخێکی کاتی خێرایە. کەچی دوای داگیرکردنی عێراق هەر ئەو ئەنجومەن و دەوڵەتانە بڕیاریان دەرکرد و لە بڕیاری ژ١٤٨٣ لە ٢٢-٥-٢٠٠٣ز دا داوایان لەدەسەڵاتی داگیرکەر کرد کە وڵاتەکە -بێ ناوهێنانی عێراق – بەڕێوە بەرێت. هەروەها ئەو لێپرسراوێتی و ئەرکانەی

لە یاسای مرۆیی دانپێدانراودا هەیە، بەڵام هیچ کام لەو ئەرک و ماف و لێپرسراوێتییانە لە کاتی داگیرکاری عێراق ڕەچاو نەکران.

- داگیرکەر کە دەبوو دوای ڕوخاندنی ڕژێم، دەسەڵات و یەکەیەکی بەڕێوەبردنی تۆکمە بۆ پاراستنی سەرو ماڵی هاوڵاتیان دامەزرێنێ، بەڵام هیچ بەدیلێکی نەهێنا و وڵاتی دایە دەست پاشا گەردانی.

پێکهاتنی سێ دەسەڵاتەکان لە عێراق و کوردستانی دوای ڕاپەڕین لەبەردەم بنبەستێکی یاسایی چارەنووسسازدا:

دوای داگیرکرانی عێراق سێ جەمسەری دەسەڵات لە عێراق هەژموونیان هەبوو کە ئەمانە بوون:

١- دەسەڵاتی سوپای هاوپەیمانان:

